ئەبولحەسەن تەفرەشیان

# بارزانییەکان

**چەند لاپەڕەیەک لە خەباتی سەربازە**
**ونبووەکانی کۆماری دێموکراتیی کوردستان**

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:
**بەختیاری شەمەیی**

ناونیشانی چاپی فارسی:

قیام افسران خراسان

ابوالحسن تفرشیان

انتشارات علم

چاپ دوم , کانون کتاب ایران , سوئد , سپتامبر 1985

---

ناونیشانی چاپی کوردی:

بارزانییەکان ... چەند لاپەڕەیەك لە خەباتی سەربازە ونبووەکانی کۆماری دێمۆکراتیی کوردستان

وەرگێڕ : بەختیاری شەمەیی

چاپی یەکەم , هۆڵەندە , ژونی 1996

لە بڵاوکراوەکانی ( بزووتنەوەی فەرهەنگیی کورد )

تیراژ : 1000 دانە

چاپی دووەم , ئینتەرنێت , 2004

www.PASOK.eu

# پێشکەشە بەگیانی پاکی
# سەرکردەی مێژوویی کورد
# (بارزانی) ی نەمر


**وەرگێڕ**

# ناوەڕۆک

نەخشە ........................................................................................ 5
تێبینی........................................................................................ 6
پێشەکیی وەرگێڕ........................................................................... 7
ڕوونکردنەوەیەکی پێویست ................................................................ 10
پێشەکیی نووسەر........................................................................... 13
بارزانییەکان ............................................................................... 15
کوڕم، خەیری !............................................................................. 87
پێشەکییەکی پێویست ....................................................................... 102
کوردستان و تێشکانی ڕاپەڕینی ئازەربایجان.......................................... 105
(هێزی دێموکراتی کوردستان)، (کۆمەڵە) و خۆفەرمانڕەوایی کوردستان . 111
بارزانییەکان – د. عەبدولڕەحمان قاسملو............................................... 116
یادەوەریی دوا سەرۆکی نەتەوەیی و ئەفسانەیی کوردایەتی ....................... 123
یادەوەریی یەکەم کۆماری کوردستان و چەند سەرنجێک.......................... 131
سەرۆک (بارزانی 1901-1979)، نیو سەدە تێکۆشان، دەربەدەری، کۆڵنەدان و نەمری................................................................................... 146

# نەخشە

سەرچاوە : ولیەم ئیگلتن ، کۆماری کوردی ١٩٤٦ .




نەخشەی ڕێڕۆیشتنی جەنگاوەرانی بارزانی بۆ سۆڤیێت .

## تێبینی

خوێنەرانی بەڕێز

لەراستیدا بە پێویستم نەبینی کە پێشەکییەکی دیکە بۆ ئەم چاپە بنووسم. تـەنها نووسـینی ئـەم تێبینیانـەی لای خـوارەوە بـە پێویسـت دەزانم :

– ئەم وەرگێڕانە بە تاکە وەرگێڕانی ئەو بیرەوەرییانەی خوالێخۆشبوو ئەبولحەسەن تەفرەشیان دادەنرێت کە هیچ ووشە و ڕستەیەکی لێ کەم و زیاد نەکراوە , واتە دروست , کتومت وەکوو تێکستە فارسییەکە وەرگێڕدراوە. هەربۆیە (ئەکادیمیای رۆژهەلاتناسیی لێنینگراد–پێتەرسبورگ) وەکوو باشترین و باوەڕپێکراوترین وەرگێڕانی ئەو بیرەوەرییانە بۆ پەڕتووکخانەکەی خۆیان پەسەندیان کردوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسیان بکەم.

– زۆر سوپاسی هاوبیر کاك هاوڕێ باخەوان دەکەم کە دڵسۆزانە ئەرکی چاپکردنەوە و مۆنتاژکردنی ئەم چاپی دووهەمەی گرتە ئەستۆ و بۆ سەر ئینتەرنێت ئامادەی کرد. هیوادارم نموونەیان هەر زۆر بێت.

– زۆر سوپاسی هاوبیر کاك ئاکۆ محەمەد دەکەم کە دڵسۆزانە ئەرکی هەموو کاروبارێکی لەچاپدانەوەی ئەم چاپەی لە هەولێر گرتە ئەستۆ , ئومێدەوارم نموونەیان هەر زۆر بێت.

وەرگێڕ , 2004-01-01 , ئەمستەردام

# پێشەکیی وەرگێڕ

خوێنەرانی بەڕێز .....

ئەم نووسراوەی بەردەستتان کە لە لاپەڕەکانی 5-6 و 83-114ی پەڕتووکی (قیام افسران خراسان – ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خۆراسان)ەوە وەرگێڕدراوە, بریتییە لە بەشێك لە بیرەوەرییەکانی بەهەشتی ئەبولحەسەن تەفرەشیان کە یەکێك بووە لە ئەفسەرەکانی (فرقە دموکرات ازربایجان – کۆمەڵەی دێموکراتی ئازەربایجان) و بەشداربووە لە شەڕی بارزانییەکاندا بەرامبەر دەوڵەتی شاهەنشایی ئێران. ئەم بەشەی بیرەوەرییەکانی, لە پەرتووکەکەدا لەژێر ناوی (بارزان ها – بارزانییەکان) دایە. من بۆ پتر ڕوونبوونەوەی بابەتەکە, ئەو سەرباسەی سەر بەرگەکەم بەباشتر زانی. ئەم بیرەوەرییانە ئەگەرچی بێ کەموکوڕیش نین, بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەنووسراوێکی مێژوویی زۆر بەکەڵك دادەنرێت. چونکە نووسەر بەویژدانەوە ڕاستیی ڕووداوەکانی بۆ تۆمار کردووین. لەڕاستیدا ئەم نووسراوە چەند لاپەڕیەك لە مێژووی خەباتی قارەمانانەی بارزانییەکانی (کۆماری دێموکراتیی کوردستان) پێك دەهێنێت. لەم ڕووەوە دەبێت زۆر مەمنوونی نووسەری ناوبراو بین.

زۆر بەداخەوە ڕەنگە ئێمەی کورد تاکە میللەتێك بین کە گرنگی و بایەخمان بە مێژووی خۆمان نەداوە. لە سەرانسەری نامەخانەی

کوردیدا بەهەمووی سەد پەڕتووك نادۆزیتەوە کە بیرەوەرییەکانی سەرکردە و نووسەران و شۆڕشگێڕانی کورد خۆی پێك بێنێت. هەر دەڵێی مێژووی کورد و کوردستان لە سەهۆڵبەندانی گۆی زەویدا بەستوویەتی و هاتنەدەرەوەی بۆ نییە!.

مێژووی هەر میللەتێك بریتییە لە بەسەرهات و ململانێی تاکە تاکەی ئەندامانی لە تەك دەوروبەردا. بەتایبەتی ئەو ئەندامانەی کە نەخشی سەرەکی دەبینن و بەشێك لە ڕووداوە مێژووییە گرنگەکان دروست دەکەن.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو ڕاستییە دەربڕین کە (بارزانی)ی نەمر، یەکێك بووە لەو سەرۆکە ئازا و شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازانەی کە خاوەنی پتر لە نیو سەدە تێکۆشان و نەسرەوتن و دڵسۆزی بووە لە پێناوی کورد و کوردایەتیدا. جێگای داخە کە بارزانی لەبەر هەر هۆیەك بووبێت، نەیتوانیوە بەسەرهات و بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە. ئەوە یەکێك لە گەورەترین زیانەکان بووە کە لە مێژووی کورد کەوتووە. چونکە نەمانی بارزانی هەر بەتەنها لەدەستدانی سەرکردەیەکی لێهاتوو و دڵسۆز نەبوو، بەڵکو گەنجینەیەکی فەرهەنگ لە مێژووی کورد دا کەوتە تاریکستانی ونبوونەوە.

بێگومان ئەوانەی کە ئەمڕۆ لە ژیاندان و سەروکاریان لەگەڵ بارزانیدا هەبووە، تاوانبار دەبن بەرامبەر مێژووی کورد و هەموو

نەوەکانی ئێستا و داهاتووی کورد، ئەگەر بێترس و بەڕاستگۆیانە بیرەوەرییەکانی خۆیانمان بۆ تۆمار نەکەن. چونکە بەڕاستی بەنرخترین سەرمایەیەکی نەمر کە نەوەیەك بۆ نەوەکانی داهاتووی بەجێ دەهێڵێ، تەنها هەر ئەو ئەزموون و بیروباوەڕ و بیرەوەرییە تۆمارکراوانەن کە دەبنە بەشێك لە مێژووی مرۆڤایەتی. زۆر بەداخەوە ئێمەی کورد لەم ڕووەوە یەکێکین لەبێ سەرمایەترین میللەتانی جیهان.

لەکۆتاییدا، بۆئەوەی ئەم پێشەکییە زۆر درێژ نەبێتەوە، سەرنجتان بەلای ئەوەدا ڕادەکێشم کە ئەو پەراوێزانەی لەم نووسراوە وەرگێڕدراوەدا هەن، ئەوانەی بەپیتی (و) لەنێو دوو کەوانەدان، لەلایەن وەرگێڕەوە ئامادەکراون و ئەوانی دیکەش هی نووسەرن.

هەربژین بۆ کوردایەتی

بەختیاری شەمەیی

ئەمستەردام – 06-10-1990

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

ئاشکرایە کە ئەوە شەش ساڵ بەسەر وەرگێڕانی ئەم بیرەوەرییانەدا تێپەڕ دەبێت. بێگومان ئەم دواکەوتنە هۆی تایبەتیی خۆی هەیە کە ئێرە شوێنی باسکردنی نییە. چونکە مەودای ئەم نووسینە گەلێك درێژ دەکاتەوە. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم کە هەندێك لەو هاوبیر و دۆست و برادەرانەی کە ئەم وەرگێڕانەیان بینیوە, پێیان وابوو کە باشترە ئەو ڕستەیەی نووسەر لەم وەرگێڕانەدا دەربهاوێژرێت کە نووسیوویە: مەلا مستەفا ( *کە پاشان ناپاکیی بەرامبەر میللەتی کورد کرد*) ... لەڕاستیدا, دەرهاویشتنی هەر وشە و ڕستەیەك لەهەر وەرگێڕانێکدا بێت, خۆی لەخۆیدا تاوان و ناپاکی کردنە بەرامبەر مێژوو و فەرهەنگی مرۆڤایەتی. بەڵام هەر چۆن بێت ئەوە تێگەیشتن و بۆچوونی چەوتی تایبەتییانەی نووسەرە. ئێمەی کورد بۆچی گلەیی لە کەسێکی بێگانەی تودەیی وەکوو نووسەر بکەین کە هەموو کەس و لایەنێکی ڕەدوونەکەوتووی سیاسەتی چەوت و نامرۆڤدۆستانەی سۆڤێت, بە ڕیڤیژینیست و لادەر و ناپاك و نۆکەری ئیمپریالیزم و وشە گەلێکی دیکەی سەوز و سووری بێ مانای لەم بابەتە تاوانبار دەکەن. دەبێت گلەیی لە خۆمان و لەو کەس و لایەنانە بکەین کە لە زۆربەی نووسین و ڕاگەیاندنەکانیاندا (تەنانەت لە بەیاننامەی جەژنی نەورۆزیشدا!!!؟) بەشێکی زۆریان

تەرخان کرد بوو بۆ دژایەتیکردن و ناوزڕاندن و تۆمەت کردن بە (بارزانی) ی نەمر. لێرەدا شوێنی خۆیەتی سەبارەت بەم مەسەلەیە ئاماژە بۆ ئەو نامەیە بکەین کە یەکێك لە سەرکردەکانی یەکێك لە لایەنە (سیاسییەکانی!!!؟) باشووری کوردستان کە بۆ سەفیری (سووریا!!!؟)ی ناردووە لە تاران, تەنها هەر لەو نامەیەدا (16جار!!!؟) نووسیوویەتی (بارزانیی بەکرێگیراو!!!؟), (ئەمە لە دەستنووسە بڵاونەکراوەکانی شەهید کاك ئازاد مستەفای سکرتێری پاسۆکدا ئاماژەی بۆکراوە). شایانی باسە کە ئەم دەستنووسانە, وەکو یەکێك لە بەنرخترین یادگارە نەمرەکانی کاك ئازادی نەمر, لای ئێمە پارێزراون و هەوڵ دەدەین بەم زووانە بڵاویان بکەینەوە.

مەبەست لەم وشانە بەرگریکردن نییە لە بارزانی , ئەگەرچیش بەرگریکردن لە ناوبانگی بەرز و ڕابردووی پڕلەشانازیی ئەو سەرۆکە مێژووییەی نەتەوەی کورد, ئەرك و فەرمانێکی ڕەوشتی و نەتەوەیی و نیشتمانیی گشت کوردێکی تێکۆشەر و دڵسۆزە. هەر کوردێك کورد و کوردستانی خۆش بووێت, بارزانیشی خۆش دەوێت. هەر کوردێکیش دژی نەتەوە و نیشتمانی خۆی بێت, بێگومان دژی بارزانیشە.

لەڕاستیدا بارزانی پێویستی بەبەرگریی هیچ کەس و هیچ لایەنێك نییە. چونکە ڕابردوو و مێژووی بارزانی ڕوون و ئاشکرایە. مێژووی

خەباتی بارزانی, واتە مێژووی نیو سەدە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و هەموو نۆکەرانیان.
ئەمەش مێژووی نیو سەدە دڵسۆزی و تێکۆشانە بۆ کورد و کوردستان. کەواتە هەر کەسێك باسی مێژووی کورد بکات, دەبێت باسی خەباتی بارزانیش بکات. خەباتی بارزانی, بەشێکی پڕ لە سەروەری و شانازیی مێژووی کوردایەتییە. مێژووی کوردایەتیش هەمیشە بەرگری لە ناوبانگ و ڕابردووی بارزانی دەکات.

## هەزاران تاجەگوڵینەی ڕێز و ئەمەگ بۆسەر ئارامگای پیرۆزی (بارزانی) ی نەمر.

وەرگێڕ
1996-05-15

# پێشەکیی نووسەر

ئەم پەڕتووکەی بەردەستتان، باسی چەند ڕووداوێك دەکات کە بەشێکیان لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەمان پێکهێناوە. من گەردێکی پچکۆلەی نێو ئەو ڕووداوانە بووم.

لە سێپتەمبەری 1941دا، لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بووم بە ئەفسەر، هەر زوو لەلایەن سۆڤێتییەکانەوە دەستگیرکرام. چەند مانگێکم لە بەندیخانەی (عشق ئاباد)دا بەسەر برد. لە ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خۆراساندا بەشدار بووم. ئەفسەری سوپای میللیی ئازەبایجان بووم. لە شەڕەکانی بارزانییەکاندا دژی لەشکری ئێران، بەشداریم کردووە. سەرەنجام لە ئەپریلی 1947دا لە ئێراق بوومە پەنابەر و لە ئەپڕیلی 1950دا گەڕاندیانمەوە بۆ ئێران. لەو کاتەوە لە بەندیخانەی تێکەڵاودا زیندانی کراوم. دوای کودەتای 19ی ئاگوستس، بۆ دوورگەی (خارك) دوورخرامەوە و سەرەنجام پاش شانزە ساڵ و چەند مانگێك زیندانی، لە ئەپڕیلی 1963دا ئازاد بووم.

لەم هەنگامەدا تەنها خۆم لە بووارەکانی چۆمی ئەو بینین و بیستن و ڕووداوانە دەدەم کە خۆم بەنێویاندا گوزەرم کرووە. هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێم، من ماسییەکی پچکۆلە بووم کە پێم لەسەر تاشەبەردە کەنارگیرەکانی ئەو چۆمە خزاوە و بەئاستەم توانیومە خۆم پێ دەرباز بکرێت. هەربۆیە ناتوانم باسێکی تێروتەسەل لەمەڕ کارەسات

و ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمەوە پێشکەش بکەم. هەروەها بەبێ ئەوەی گەڕابێتمەوە سەر ئەرشیف و بەڵگەنامە ڕامیاری و سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی دیکەی ئەو ڕۆژگارە, تەنێ بە کۆمەکی هۆش و بیری خۆم هەوڵم داوە ئەوەی کە بینیومە و بیستوومە, یان ڕاستەوخۆ بەشداریم تێدا کردووە, بۆ کچەکەمی بگێڕمەوە. دوای بیستوپێنج ساڵ دووری, لە ساڵی 1971دا لە بەرلینی ڕۆژهەڵات, چاوم بە کچەکەم کەوتەوە.

هیوادارم تۆماری ئەو بەسەرهاتانە چەند گۆشەیەکی تاریکی بەشێك لە مێژووی وڵاتەکەمان ڕۆشن بکاتەوە و کۆمەکێکیش بێت بەهۆشیاریی ئەو لاوانەی کە قارەمانانە تێدەکۆشن داهاتووی ڕاستینەی کۆمەڵگاکەمان پێکبهێنن.

هەموو ئەو ڕووداوە پڕ جۆشوخرۆشانە, قارەمانی و دڵسۆزی و لەخۆبووردوویی بوون. بەڵام سەرەنجامی ناچارانەی هەموویان ئەوە دەسەلمێننەوە کە ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگا و ئاڵوگۆڕەکانی, بەستراونەتەوە بەچەند یاسایەکی دروست و دیاریکراوەوە کە قارەمانێتیی تاکەکەسی و دەستەگەری بەبێ بوونی پێوەندیی توندوتۆڵ و نێزیك بە جەماوەر و خواستەکانیانەوە, جگە لە ناکامی, هیچ ئەنجامێکی دیکەی نابێت. دەبێت هەمووان ئەمەمان لەیاد بێت.

ئەبولحسەن تەفرەشیان – سێپتەمبەری 1967

# بارزانییەکان

مەڵبەندی هۆزی بارزان لەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێراق, لە ناوچەیەکی کوێستانیی سەخت و هەڵەمووتدایە و بە سنوورەکانی ئێران و تورکیاوە بەستراوەتەوە.

بارزانییەکان بەهۆی ئەوەوەی کە لە ناوچەیەکی وا سەخت و دژواردا نیشتەجێ بوون و لە مەڵبەندی شارستانی بەدوور بوون, خەڵکی لەشساخ و بەهێزن. لەڕووی ڕەوشتیشەوە هێشتا هەر خاوەنی هەمان سروشت و دابونەریتی باوکسالارین[1] و لە هەموو جۆرە خراپکارییەکی شارنشینانەش دوورەپەرێز ماونەتەوە.

شارستانێتی و داوێنپیسیی نێوشار هێشتا نەهاتوونەتە ناویانەوە. بە بیروڕای من, ئەوانە موسوڵمانی خاوەن بڕوان, بەڵام خەیاڵپەروەر نین. سەرۆکی هۆزەکەیان لە هەمانکاتدا پێشەوای ئایینیشیانە و ئەم پلە و پایەیەش پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە.

---

[1] - باوکسالاری : بریتییە لە رژێمێکی کۆمەڵایەتی کە بەگشتی دەسەڵاتدارێتیی باوك, یان رەگەزی نێرینە دەگەیەنێ بەسەر خێزان یان بنەماڵە و هۆزدا.(و).

**بارزانییەکان پێیان وایە کە بوونەوەرێکی گیانی (موجودی روحانی)، بەناوی (شێخی بارزان)ەوە هەبووە و هەیە کە هەمیشە پارێزەر و ئێشکگری هۆزەکەیانە. سەرۆکە ڕاستینەکانی هۆزیش هەر لە بنەماڵەی هەمان (شێخی بارزان)ن.**

**بارزانییەکان هەردەم لە تەك ئەو میرییە جۆراوجۆرانەی کە لە ناوچەکەدا دەسەڵاتدار بوون، جەنگاون و هەڵوێستیان سەربڵندانە بووە. سەردەمێك لەگەڵ تورکەکان، ماوەیەك لەگەڵ عەرەبەکان و جارناجارێکیش لەگەڵ ئێرانییەکاندا لەشەڕدا بوون.**

**لە ساڵی1936دا،کاتێك کەمال ئەتاتورك ڕایگەیاند کە مەسەلەی کوردی – بێگومان لە ڕێگای ڕەشبکوژیی کوردانەوە لە دیاربەکر– چارەسەر کردووە، سەرۆکی هۆزی بارزان، شێخ عبدولسەلام خۆی و هۆزەکەی بەمەبەستی هاریکاریی کوردەکانی ئەویێ، گەیاندە تورکیا. ئەوەی ڕاستی بێت هەتا دیاربەکریش بەرەوپێشەوە ڕۆیشتن، بەڵام لەوێڕا ڕووبەڕووی تێشکان بوونەوە. عەبدولسەلام خۆی دەستگیرکرا و لەسێدارە درا، بارزانییەکانی دیکەش بەپەرشوبڵاوی بۆ ناوچەی بارزان گەڕانەوە[1].**

---

[1] ئەم زانیاریانە چەوتن , لەبەرئەوەی شێخ عەبدولسەلامی بارزان ((واتە: شێخ عەبدولسەلامی دووەم)) کە برای گەورەی بارزانیی نەمر بووە ساڵی 1914 یا 1915 لە لایەن عوسمانییەکانەوە لە مووسڵ لەسێدارە دراوە , ئەمەش سەبارەت بەوەی کە شەهید شێخ عەبدولسەلام لە ساڵی 1907 ەوە بۆ وەرگرتنی مافەکانی گەلی کورد لە دژی داگیرکەرانی عوسمانیدا کەوتبووە بزووتنەوە. بەڵام

**پاش عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەدی برای بوو بووە سەرۆکی هۆز. ئەوکاتەی کە من لەنێو ئەو هۆزەدا بووم، کۆتایی 1946 بوو، هەر هەمان کەس سەرۆکی هۆز بوو.**

**بارزانییەکان هەرگیز ملکەچی دەوڵەتی ئێراق نەبوون. چەند ساڵێك بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی، دوای تێشکانەکەیان لە تورکیا، میریی ئێراق ناوچەی بارزانی داگیرکردەوە. شێخەکانی بارزان، شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفا، شێخ محەمەد سەدیق — براکانی شێخ ئەحمەد — و شێخ سلێمانی کوڕی شێخ عەبدولسەلام دەستگیرکران و لە بەسرە و کەرکووك زیندانی کران و خرانە ژێر چاودێرییەوە.**

**سیاسەتی ئینگلیزەکان لە ئێراقدا بەشێوەیەك بوو کە جگە لە میریی ناوەندیی ئێراق، هێزی دەرەبەگەکانی ئەو وڵاتەش هەر لەژێر**

---

چوونی هێزی شەڕکەری بارزانییەکان بۆ یارمەتیی کوردە ڕاپەڕیوەکانی تورکیا لەنێوان ساڵانی 1917–1919 دا بووە، ئەوە بوو ئەو هێزە بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر گەیشتە فریای شێخ عەبدولقادری نێری و شێخ سەعیدی پیران. جارێکی تریش شەڕوانانی بارزانی پاش ئەوەی ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان لە ساڵی 1932 دا کەوتە کشانەوە , بەخۆیان و خاووخێزانیانەوە پەنایان بۆ تورکیا برد و بۆ ماوەی ساڵێك لەو وڵاتە مانەوە. بڕوانە : بەڕێز مەسعوود بارزانی , بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریی کورد، ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان 1931–1932.

بڕوانە پەڕتووکی (بارزانی خۆی بەدەستی کەسەوە نادات) , ئەبولحەسەن تەفرشیان , شەوکەت شێخ یەزدین کردوویەتی بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە , چاپی یەکەم – 1997 , وەرگیراوە ,( پەراوێزی ژمارە 6 , ل 69–70.) .

**دەسەڵاتی خۆیدا بهێڵێتەوە تا ئەگەر ڕووداوێکی وەکو ڕاپەڕینەکەی ڕەشید عالی گەیلانی[1] , دژی میریی ناوەندی, هاتە پێشەوە, لەو هێزانەش کەڵك وەربگرێت, یەکێك لەو هۆزانەش هۆزی بارزان بوو کە کۆمەکیان بە شێخەکانیان کرد تا لە زیندان ڕزگاریان بێت و بەرەو ناوچەی بارزان بگەڕێنەوە. لەو سەردەمەدا ئینگلیزەکان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە مەلا مستەفای بارزانییەوە کردبوو. لە شەودا ئەویان لە کەرکووکەوە بەڕێ کردبوو و هەندێك چەك و تەقەمەنیشیان پێدابوو[2] مەلا خۆیشی ئەم مەسەلەیەی نەدەشاردەوە**

---

[1] ڕەشید عالی گەیلانی لە ساڵی 1940 دا دژی ئینگلیزەکان ڕاپەڕی , بەڵام تێشکا و لەڕێگای ئێرانەوە بۆ ئەڵمانیا هەڵات.

[2] نووسەر وەك خۆیشی لەو کورتە پێشەکییەی بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە دانی پێدا دەنێ کەوا تەنیا پشتی بەبیرەوەریی خۆی بەستووە و نەگەڕاوەتەوە بۆ سەر ئەرشیف و دەستاوێژ و سەرچاوەکان , بۆیە کەوتووەتە ئەم هەڵە زلانەوە. ڕاستییەکی شاراوە نییە کە بارزانیی نەمر لە ڕۆژی 12 تەموز 1943 لەگەڵ دوو لە هەڤاڵانی خۆی بەناوی مستەفا عەبدوڵڵا و سلێمان سۆرە لە سلێمانی ((نەك کەرکووك – وەك نووسەر دەڵێ)) دەرکەوتن و لە ڕێگەی کوردستانی ئێرانەوە گەڕانەوە بۆ بارزان و شۆڕشیان لەبەرامبەر حکوومەتی عێراق و سوپای داگیرکەری ئینگلیزدا دەست پێ کردەوە. هەموو سەرچاوەکانیش تەبان لەسەر ئەوەی بارزانیی نەمر بەهاوکاریی هەڤاڵانی خۆی و کوردپەروەر و شۆڕشگێڕانی کورد بەتایبەتیش خوا لێخۆشبوو شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید و خەباتکارانی پارتی هیوا ئەو دەرچوونەی کرد و شۆڕشی بارزانی ساڵی 1943 – 45 ی هەڵگیرساندەوە , ئەو شۆڕشەی لە ژێر پاڵەپەستۆی بەردەوام و نەپساوەی حکوومەتی عێراق و ئینگلیز پێکەوە بەکۆتا هات و , بارزانی و شەڕوانەکانی تەبای هەموو خاوخێزانیان لە سنوور ئاوابوون و چوونە پاڵ کوردە ڕاپەڕیوەکانی کوردستانی ئێران , تەنانەت هەتا ئەو ڕۆژەی گەلەکۆچی بارزانییەکان لە سنووریش

**که بەیارمەتیی ئیگلیزەکان لە زیندان هەڵاتبوو. هەر دوابەدوای گەیشتنەوەی بە بارزان و کۆکردنەوە و چەکدارکردنی هۆزەکەی, لەگەڵ دەوڵەتی ئێراقدا کەوتبووە شەڕکردنەوە و دەوڵەتی ناچار کردبوو کە شێخە بەندکراوەکان ئازاد بکات و بۆ بارزانیان بگەڕێنێتەوە. هەرچۆن بوو بێت ئینگلیزەکان کۆمەکیان بە بارزانییەکان کردووە تاوەکو هێزێکی پارێزەی سنووری دەوڵەتی ئێراق بمێننەوە و وەك هێزێکی فەڕمیی دەوڵەتیش لەسەر سنووری ناوچەکە فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن. دەوڵەتیش بەڵێنی دابوونێ کە مانگانە بیست هەزار دینار و هەندێك چەك و گەنمیان بۆ ڕەوانە بکات.**

**هۆزی بارزان نێزیکەی هەزار و پێنج سەد پیاوی جەنگاوەر و کردەی هەیە کە زۆر ڕێکوپێك و گوێڕایەڵ و تێکۆشەرن.**

**مەلا مستەفا لەگەڵ ئەوەشدا کە خوێندنی تەواو نەکردووە, بەڵام مرۆڤێکی تێگەیشتووە. زمانەکانی, فارسی, عەرەبی, کوردی باش دەزانێت. بە تورکیش دەئاخڤێت. فارسی بەهۆی گوڵستانەوە فێربووە و بەهەمان شێوازی وی دەپەیڤێت.**

---

دەرباز بوو باڵەفڕکانی عێراق و بەریتانیا دەستیان لە بۆمبابارانی ئافرەت و منداڵانی ئەوان هەڵنەگرت و زیانیان لێ دان.(سەرچاوەی پێشوو , ل 70–71 , پەراوێزی ژمارە 8).

**لەیادمە کاتێك لە مەهاباد, لەکن ئەمیر حەسەن خان, شالیاری جەنگیی قازی محەمەدەوە بەڕێکەوتین , مەلا مستەفام بینی کە وەك پەیامبەرێك لەنێوان خەڵکی هۆزەکەیدا راوەستابوو و فیشەکی بەسەردا دابەشدەکردن و لەگەڵیاندا دەپەیڤی. کاتێك منی بینی بەڕوویەکی خۆشەوە بەرەو رووم هات. من پێشتر ئەوم دەناسی. دوای ئەوەی کە شێواوی و دوودڵی و سەرگەردانیی ئێمەی بینی, وتی: (من پیشەوەری نیم, پەناهیانیش نیم کە لەکاتی ئاشتیدا سەرۆکی فەرماندارییی سوپا بم و لەکاتی شەڕیشدا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچم و لە باکۆ تۆز بکەم. من هەر هەم و تا ئەم تفەنگەم – تفەنگەکەی بەشانەوە بوو– لە دەستدا بێت, هەر خۆم خاوەنی خۆمم. بەکرێگیراوی هیچ هێزێك و هیچ میرییەك نیم, نە ئینگلستان, نە ئەمەریکا و نە رووسیا).**[1]

**پاشان کە زۆرتر پێکەوە گفتوکۆمان کرد, تێگەیشتم کە بۆچوونی رامیاریی تا ئەندازەیەك رۆشنە. جاروبار بە زمانی نێو پەڕتووکان دەیگووت: (ئەمە هەلومەرجێکی تایبەتیی جیهانییە کە رووسەکان کۆمەك بە ئێمە دەکەن. ئێستا رووسەکان لە ناوچەکەدا پێویستیان بە بوونی ئێمە هەیە. لەسەر بنچینەی ئەمە, ئێمەش**

---

[1] ئەم بیرەوەرییانە پاش جرتوفرتی شا لە کۆنفرانسی جەزائیر دا و نووسراوا. شا لە رێکەوتی 5.3.1975 دا چوو بۆ جەزائیر و دوابەدوای رێکەوتنێکی لەناکاو لەگەڵ سەددام حسەین , جێگری سەرەك کۆماری ئێراق دا , مەلا مستەفا و هەڤاڵانی سەرگەردان کرد.

دەتوانین لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا کەڵك لە بوونی ئەوان وەربگرین. من کۆمۆنیست نیم. دەرەبەگیش نیم. من دیموکراتیم).

دیموکراتی لای ئەو واتایەکی تایبەتیی هەبوو: لەگەڵ خەڵکی هۆزەکەیدا لەسەر یەك سفرە رۆدەنیشت و نانی لەتەکدا دەخواردن. لەگەڵیاندا دەچوو بۆ شەڕ و لە سەنگەریشدا هەر لەگەڵ وان دەخەوت. بارزانی بە شێوەیەك بوو کە هەموو بارزانییەکان خۆشیان دەویست. هەر هێندە بەس بوو کە مەلا سواری ئەسپ ببوایە, ئیدی گورج نێزیکەی پێنسەد سوارەی چەکدار بەبێ ئەوەی کە بزانن یان بپرسن, بەدووی دەکەوتن. هەرکاتێك فەرمانێکی جەنگیی بدایە, دڵنیا بوو لەوەی کە فەرمانەکەی جێبەجێ دەکرێت. من خۆم بینیومە, بۆ نموونە کە لەسەر شاخێك رادەوەستا و فەرمانی بە هەڤاڵانی دەدا: (پێنج کەس بچێتە سەر ئەو شاخە, عومەر تۆ لەگەڵ پێنج کەسدا بچۆرە سەر ئەو شاخە, موسا تۆ بە چوار کەسەوە بچۆرە سەر ئەو شاخەی دی...) ئەم فەرمانانە دەستبەجێ بەئەنجام دەگەیشتن. بارزانی خۆی زەویناسێکی زۆر شارەزا بوو. فرە باش دەیتوانی کەڵك لە هەوراز و نشێوەکان وەربگرێت و بڕیاری بۆ بدات. بەزیرەکی و دووربینانە هەڵسوکەوتی دەکرد. ئێمە ئەگەرچی بەڕواڵەت شارەزا و تاکتیکزان و دەرچووی فێرگەش بووین, دوای تێڕامان و لێکۆڵینەوەی نەخشەی زەوی و راوێژکاری, ئەگەر دروستیش بڕیارمان بدایە, ئینجا وەکو ئەو کارمان بۆدەچووە سەر.

هەروەکو وتم, بارزانی دەشت و  کێوی باش دەناسی و زۆر چاك دەیتوانی لە بەرزی و نزمییەکانی زەوی کەڵك وەربگرێت. ورەی لەشکری دوژمن و ورەی خۆیشیانی باش دەزانی. راستە کە نهێنیی سەرکەوتنە جەنگییەکانی مەلا مستەفا تا ئەندازەیەك بەرهەمی ئازایەتیی کوڕوکاڵانی هۆزەکەی بوو, بەڵام سەرباری ئەو ئازایەتییەی پیاوانی بارزانیش, ئەوە لە سۆنگەی زرنگێتی و رێبەرێتیی خودی خۆیەوە بوو کە بەو سەرکەوتنانە دەگەیشت. مەلا ئەندازەی هێز و توانای خۆی و هەڤاڵانی دەزانی. لە نەبەردێکدا کە بیزانیایە توانای بەسەریدا ناشکێت, بە ئاسانی پاشەکشەی دەکردەوە. هیچ کەس نەیدەتوانی بڵێت لە ترساندا گەڕاوەتەوە دواوە. بەچاکی دەیتوانی لەکاتی گونجاودا هێرش بەرێت و لەکاتی خۆیشیدا خۆی بکشێنێتەوە.

لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا, (ساڵی 1945) هۆزی بارزان بەهۆی پەیبردن بەوەی کە میریی ئێراق هێشتا تەواو جێگیر نەبووە, کەوتنە سەر ئەو بیرەی کە بە یارمەتیی ئەو چەکانەی لە دەستیاندایە, کوردستان لە ئێراق جیابکەنەوە و فەرمانڕوایی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنن.

میللەتی کورد چ لە شار چ لە گوند, دڵیان بە خۆشەویستیی سەربەخۆیی کوردستانەوە لێدەدات. هەرچەند لەوانەیە سەربەخۆیی لە تێگەیشتنی ئەواندا مانایەکی تایبەتیی هەبێت, ئەمما شێت و

**شەیدای بوون. رۆژێك لە یەكێك لە ئافرەتە تێگەیشتووەكانیانم پرسی: مەبەستتان لە ئازادی و سەربەخۆیی كوردستان چییە؟ لە وەڵامدا وتی: ئازادی ئەوەیە كە من ئازاد بم لە هەر كوێیەك پێمخۆش بێت مەڕەكانم بلەوەڕێنم, بەهەر نرخێك بمەوێ بیانفرۆشم, شیر و رۆنیان بە هەر كەس و هەر نرخێك خۆم بمەوێت بیدەم و میریی ناوەندی دەست وەرنەداتە نێو كاروبارەكانمانەوە.**

**شتێكی ئاسایی بوو كە ئاپۆڕەی جەماوەر تێگەیشتنێكی دیكەیان بۆ مانای سەربەخۆیی هەبوو, بەم شێوەیە وشەی سەربەخۆیی, بەبێ ئەوەی واتایەكی تەواویان بۆی هەبێت, هەر لە منداڵییەوە لە گوێی كوردەكاندا دەزرنگێتەوە. ئاواتیان ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان تفەنگێكیان دەست بكەوێت و لەپێناوی سەربەخۆیی كوردستاندا بجەنگن.**

**بێگومان مەلا مستەفا (كە پاشان ناپاكیی بەرامبەر میللەتی كورد كرد[1])[2] و شێخ ئەحمەد, مانای سەربەخۆییان دروستتر لەوەی**

---

[1] بێگومان لێرەدا نووسەر زۆر بەهەڵەدا چووە. بەڵام هەرچۆن بێ ئەوە بۆچوونی چەوتی تایبەتییانەی خۆیەتی و دوورە لە ویژدان و راستییەوە.... لەپێناوی دەستپاكی لە وەرگێڕاندا , ئەو رستەیە وەكوو خۆی وەرگێڕدراوە و نەدەبوو و نەدەكرا دەربهاوێژرێت (و).(بڕوانە پێشەكیی وەرگێڕ).

[2] هاوكاریكردن لەگەڵ شای ئێران و دڵنیا بوون لە بەڵێن و بڕیارەكانی (بڕوانە پەراوێزی لاپەڕە 113). (ئەم پەراوێزە لە چاپی یەكەمدا نەبوو , نووسەر لە چاپی دووەمدا بۆی زیاد كردوە. (وەرگێڕ).).

باسمكرد دەزانی. ئەمان زانیارییان دەربارەی مێژووی ژیانی کورد و کوردستان و سنوورەکانیان و سەرژمێرییان لە وڵات و باژێڕە جیاوازەکاندا هەبوو.

ئەو سەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا کە لە ئێران, کۆماری ئازەربایجان و کوردستان پێکهێنرا بوون.

مەلا مستەفا دەیگووت: (تەنها بە کۆمەکی سۆڤێت دەتوانرێت کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ دابمەزرێت. چونکە جیابوونەوەی کوردستان زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان ناگەیەنێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرژەوەندییان وا پێویست دەکات کە لە کوردەکانی ئێران و ئێراق و تورکیا, دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پێکبهێنرێت), ئەو ئەوەی بەبەڵگە دەهێنایەوە کە بەهەر رێگایەك بێت, پارچە زەوییەك لەژێر دەسەڵاتی ئینگلستان و ئەمەریکا دەربهێنرێت, ئەمانە لاوازتر دەبن. هەموو ئەم وڵاتانەی بە کۆڵۆنیی ئینگلستان و ئەمەریکا دەزانی. دەیگووت: ئەوکاتەی کە لە ئێراق لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا خەباتی دەکرد, هەوڵی دابوو لەگەڵ رووسەکاندا پێوەندی دروست بکات, پێوەندیشی پێوە کردبوون, بەڵام وەك مەلا مستەفا خۆی دەیگووت, رووسەکان خەڵکی (رەزیل)ن , مەبەستی لە وشەی رەزیل, سرك و وردەکار بوو کە بە ئاسانی ناتوانیت سەرنجیان بەلای خۆتدا رابکێشیت, لە پێناوی سەرنج راکێشانیاندا دەبێت چەندین کاریان

بۆ بکەیت کە من نەمدەتوانی بۆیان ئەنجام بدەم. من نۆکەر و سیخوور نیم. من تەنێ خزمەتکاری هۆزی بارزانم. خزمەتکاری میللەتی خۆمم. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا, بارزانی توانیبووی سەرنجی سۆڤێتییەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت.

هۆزی بارزان لە شەڕەکانیدا دژی دەوڵەتی عێراق, شکستی هێنابوو. چونکە لەو سەردەمەدا بەشێك لە سوپای ئیگلیزەکان بەکۆمەکی فڕۆکە دەستنەپارێزەکانیان ناوچەی بارزانیان گرتێبەردابوو و کێڵگەکانیان سووتاندبوون. لە ئەنجامدا بارزانییەکان بەرەو ئێران پاشەکشەیان کردبوو و لای کۆماری میللیی کوردستان بوو بوونە پەنابەر[1].

مەلا مستەفا دڵی لە قازی محەمەد زویر بوو بوو. دەیگووت, قازی محەمەد لەوە دەترسا کە من شوێنەکەی بگرمەوە. ئەو بۆ لاوازکردنی ئێمە, هۆزی بارزانی بە چەند بەشێکی زۆر بچووك بچووك دابەشکرد و لە ناوچەکانی کوردستاندا, لە کەناری دەریاچەی ورمێ تا ئەوپەڕی میاندوئاو, لە شاهین قەڵا نیشتەجێی کردن. بەشێوەیەك کە لە هەر گوندێکدا لە پێنج شەش خێزان زۆرتر نەبن. تەنانەت شێخ ئەحمەدی سەرۆکی هۆزی بارزانی لەگەڵ دە

[1] لێرەشدا نووسەر کەوتووەتە هەڵەیەکی دیکەوە, چونکە بارزانییەکان لای کۆماری دێمۆکراتیی کوردستان پەنابەر نەبوون , بەڵکوو بەهۆی بانگهێشتنی پێشەوای شەهید (قازی محەمەد) و بە ویست و خواستی خۆیشیان بۆ بەشداریکردن و پاراستنی کۆمارەکە چووبوونە ئەوێ. (و).

بیست خێزانێکدا بۆ گوندی دیزە (لە دێهاتەکانی دەوروبەری ورمیٚ) نارد, لە دواییدا سۆڤێتییەکان فریامان کەوتن. بەهۆی راسپێریی ئەوانەوە, کۆماری میللیی ئازەربایجان, مانگی شەستهەزار تمەنێکیان بۆ خەرجیی هۆزی بارزان بڕیبۆوە. جلوبەرگ و پێداویستییەکانی دیکەشیان هەر بۆ مسۆگەر دەکردین.

لە مانگی دیسەمبەری 1946دا, رۆژیٚ مەلا مستەفا بارزانی کە ئەوکاتە بوو بوو بە ژێنەڕاڵ بارزانی, لە تەك 60 کەسی بارزانیدا هات بۆ سەربازگەکەمان لە تەبرێز. ئەوانەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە بێنە دەورەی تۆپچێتییەوە. ئەو لاوانەی کە کوێرە خوێندەوارییەکیان هەبوو, خرانە فێرگەی ئەفسەرییەوە و مێرمناڵەکانیشیان رەوانەی ئامادەیی سەربازیی تەبرێز کران. فەرماندەی ئەو شەست کەسە, سەرلەشکر نوری بوو کە یەکێکیش بووە لە ئەفسەرانی سوپای ئێراق.

لەم شوێنەدا بوو کە لەگەڵ مەلا مستەفا ئاشنا بووم. ئەوانە تەنها سیٚ مانگ دەرفەتی خوێندنیان دەستکەوت و شەڕی نێوان لەشکری ئێران و (فرقە), کۆمەڵەی دێموکراتی ئازەربایجان و کوردستان دەستی پێکرد. مەلا مستەفا دەستبەجیٚ هاتە تەبرێز و هەڤاڵانی خۆی بۆ بەرەی (سەرا)ی نێزیك سەقز بردەوە.

ئەو شەوەی کە ئێمە گەیشتینە مەهاباد, مەلام بینی, بە پەیڤی یەکێك لە دۆستانم دەیگووت, وەکو پەیامبەرێك کەسانی هۆزەکەی

له دەوری خۆی گردکردبووە و فیشەکی بەسەردا دەبەشدەکردن. مەلا وەکو پێشنیاز ئاڕاستەی کردین کە بچینە ناو ئەوانەوە. ئێمەی دڵنیاش کرد کە لە نێو ئەماندا بە بێوەیی دەمێنینەوە. ئێمەش ئەوەمان پەسەند کرد و شەوانە لەتەك ئەواندا بەرەو نەغەدە دەکەوتینەڕێ. بەڵام بەر لە بەڕێکەوتنمان, چەند سەربازێکمان راپێچ کرد و شانبەشانی چەند بارزانییەك ئەرکی بارهەڵگری و گواستنەوەی تۆپەکانمان پێسپاردن. بۆ بەیانییەکەی ئەمانیش هاتنە نێو ریزەکانمانەوە.

ناوچەی شنۆ هێشتا ئاسایشی تێدا بوو. بارزانییەکان وا بڕیاریان دابوو کە بەرەو ئەوێ بڕۆن. شێخ ئەحمەد پێشتر سەری لەو ناوچەیە دابوو. ئەو شارۆچکەیە کەوتۆتە سێگۆشەی سنوورەکانی ئێران و ئێراق و تورکیاوە. لەشکری ئێران جارێ نەگەیشتبووە ئەو ناوچەیە.

بارزانییەکان بیریان لەوە کردبۆوە کە پێش لەشکری ئێران خۆیان بگەیەننە ئەو ناوە تا لە سەرما و سۆڵەی زستاندا پەناگەیەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

لەشکر بەرامبەر بارزانییەکان سیاسەتێکی تایبەتیی بەکار دەهێنا. ئەمە دەبوو هەر وا بووایە, چونکە هیچ چارەیەکی دیکە نەبوو. لەشکر لەو هەلومەرجەدا نەیدەتوانی بەئاسانی بارزانییەکان سەرکوت بکات, چونکە لەکاتی رووبەڕوو بوونەوە و لێکداندا زیانی

زۆری لێدەکەوت. ئەگەر بهاتبایە و بەسەر بارزانییەکاندا سەرنەکەوتایە, لەبەرئەوەی کە ئەوان ئێرانی نەبوون, ناچار دەبوو وەکو پەنابەر گلیان بدەنەوە و نیشتەجێیان بکەن, یان بە دەوڵەتی ئێراقیان بسپێرنەوە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گیروگرفتی زۆری بەدواوە دەبوو. لەوانە بوو تاکە چارە ئەوە بووایە کە بەگشتی هەموویان لەناوبەرن یان گەمارۆیان بدەن و بەتۆپزی لەنێو خاکی ئێران دەریان بپەڕێنن و بەرەو ئێراق راویان بنێنەوە.

لەڕاستیدا لەشکر لەو هەلومەرجەدا ژیرانەترین رێگای هەڵبژارد. لەشکر تازە گەیشتبووە ئازەربایجان. هێشتا زۆر کۆسپی لە سەرەڕێدا مابوو. دەبووایە پاشماوەکانی کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستانی پاکسازی بکردایە ناچار بوو لەسەرەتادا پاش و پێشی بەرەکانی جەنگ رابماڵێ و پاشان لەمەڕ بارزانییەکانەوە بڕیاری خۆی بدات. ئەم کارەشیان ئەنجامدا. لەشکر لەگەڵ بازرانییەکاندا کەوتە گفتوگۆکردنەوە.ئێمەتازە لە نەغەدە, مەڵبەندی هۆزی قەرەپاپاخەکاندا نیشتەجێ بووبووین. نەغەدە لەنێوان رێگای مەهاباد و شنۆدایە.

سەرهەنگ غەفاری, نوێنەری لەشکر بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ مەلا مستەفادا, هاتە نەغەدە و لەوێڕا مەلای بۆ گفتوگۆکردن بانگهێشتنی تاران کرد. مەلا مستەفا دوای راوێژکاری لەگەڵ شێخ ئەحمەددا, بانگهێشتنەکەی پەسەند کرد و لەتەك دوو سێ کەس لە ئەفسەرە

ئێراقییەکاندا بەرەو تاران کەوتە ڕێ. ئەوکاتەی ئەو گەیشتبووە مەهاباد, لەشکر ئەوێی گرتبۆوە و سەرتیپ هومایۆنی, فەرماندەی ئەو هێزانەی بۆ کوردستان ڕەوانە کرابوون, سەرگەرمی ڕیزبەندکردنی هێزە سەربازییەکان بوو. لەم سەروبەندەدا, ئەو لەلایەك و قازی محەمەدیش لەلایەکی دیکەوە ئەو مارشەی سەرتیپ هومایۆنی و سەربازەکانیان تەماشا دەکرد. مەلا پاشان خۆی ڕووداوی ئەو مارشە و سەردانەکەی تارانی بۆ گێڕامەوە.

مەلا مستەفا و هەڤاڵەکانیان بە فڕۆکە گەیاندبووە تاران. نێزیکەی بیست ڕۆژێك لەوێ لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوکاتەی دەوڵەتدا چاوپێکەوتن و گفتوگۆیان سازکردبوو. مەبەستی دەوڵەت ئەوە بوو کە بە ئاشتییانە چەکداماڵیان بکات. پاشان لە یەکێ لە ناوچەکانی ئێران, گوایە لە دەوروبەری هەمەداندا وەکو پەنابەر نیشتەجێیان بکەن. هەر چۆن بێ دەوڵەت ئامادە بوو بوو ئەو کەسانەیان کە لە ئێراق فەرمانی سزادانی ڕامیارییان بەسەردا درابوو, بە پەنابەری رامیاری وەریان بگرێ و زەویوزار و چەند پێویستییەکی تریش بداتە ئەوانی تری هۆزەکە تا بۆخۆیان خەریکی کشتوکێڵ کردن بن.

مەلا مستەفا وای ڕادەگەیاند کە ئەمان نایانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا بکەونە شەڕکردنەوە ئەمان لە ئێراندا هیچ خاك و زەویوزارێکیان نییە تا بیانەوێ بەرگریی لێبکەن و لەگەڵ هیچ

کەسێکیشدا دوژمنایەتییان نییە تا لوولەی تفەنگی تێبکەن. ئێرە خاکی ئێرانە و شتێکی ئاساییە کە لەشکری ئێران دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بێت و خاکی خۆی بخاتەوە ژێردەستی خۆی و ئێمەومانانیش دەرپەڕێنێتە دەرەوە. ئێمەش نابێ لێرە خۆمان پابەندی خاکێك بکەین کە سەر بەو نەبین. تەنها هەر ڕێگەیەکمان لەبەرە ئەویش ئەوەیە کەڵك لە دەرفەتێك وەربگرین تاکو بەفر و سەرما تەواو دەبێ, پاشان ماڵومناڵ و پیرەکانمان بۆ ئێراق بەڕێ بکەینەوە و خۆیشمان لە سۆڤێت ببینە پەنابەر تا لە هەلومەرجێکی گونجاودا بگەڕێینەوە بۆ ئێراق و دووی ژیان و ئامانجەکانی خۆمان بکەوینەوە. بارزانی لە هەمان کاتیشدا دەیگووت کە سۆڤیتیش هەر شوێنی ئێمە نییە. ئەو خۆی لەبارەی دەوڵەتی سۆڤێتەوە وشەی (ڕەزیل)ی بەکار دەبرد کە لە تێگەیشتنی وی دا واتای زیرەك و بەدیسپلین و چەند مانایەکی دیکەی لەم بابەتەی دەگەیاند. دەیگووت لەوێ ئەو کەسەی کە نان دەخوات هەر کەسێکە کە کار بکات. بۆ کۆمەڵە شێخێك کە لەسەر ڕەنجی خەڵکی دیکە نانیان خواردبێت, ئەو وڵاتە شوێنێکی لەبار و گونجاو نابێت. بەڵام ئەمڕۆ تاکە پەناگەیەکی بێوەی کە ئێمەومانان چاوەڕوانی بین, هەر ئەوێ دەبێ. گەر بشمانەوێ چەکەکانمان بپارێزین و ڕۆژێ لە ڕۆژان لە پێناوی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بەکاریان بهێنینەوە دەبێ هەر ڕوو بکەینە ئەوێ.

مەلا مستەفا دەربارەی سەردانەکەی تارانی، باسوخواسی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە و دەیگووت: ئێمەیان بۆ (لشكر دو قصر – لەشکری دووەمی کۆشك) برد و لەویٚ پێشوازییان لێکردین. لەو ماوەیەدا لەگەڵ قوام ئەلسەڵتەنە و رەزم ئارا دا چاوپێکەوتنمان سازکرد. رزم ئارا مرۆڤێکی زۆر زیرەکە و قوام ئەلسەڵتەنە خۆپەسەند و کورسی پەرستە. (لەگەڵ شا کەشتاندا ئاخاوتنم کرد)، بە ئاوازە تایبەتییەکەی خۆی بۆی باس دەکردم و دەیگووت: (رۆژیٚ کڵاو و ملپێچێکیان پێدام و پاڵتۆیەك و کراسێکیان بۆ کڕیم. لەشکر پارەی دابوو کە جلوبەرگم بۆ بکڕن، بەڵام ئەو غەفارییە بەدکارە دەیویست پارەکە بماشێتەوە و جلوبەرگە کۆنەکانی خۆی بەسەر مندا ساخ بکاتەوە. هەرچەند لای من پاڵتۆکە کۆن بووایە یان تازە، ئەوە گرنگ نەبوو، بەڵکو ویستم تێیبگەیەنم راستە کە ئێمە شاخنشینین، بەڵام هەموو شتیٚ تێدەگەین. پێمگووت: ئاغای سەرهەنگ، ئەوە نەنگێتییە بۆ دەوڵەتێکی وەکو ئێران بەو هەموو مێژووەیەوە کەلوپەلی کۆنە بەسەر میوانەکانیدا ساخ بکاتەوە. ئەو دەستبەجیٚ بردمی بۆ فرۆشگایەك و وتی: هەرچی دەخوازی هەڵگرە. ئەم پاڵتۆیەی کە ئێستا لەبەرمایە لەوێڕا هەڵمبژاردووە.

پاشان بردیانم بۆ کۆشکی شا. لە ژووری چاوەڕوانیی شا دا هەمووان بە هێما و دەستوپەنجە دەئاخڤین و زوو زوو دەیانگووت: (هیس، هیس) و دەرگاکەیان پیشان دەدام. منیش پێم وتن، ئەریٚ

ئەوە ئێوە زمانتان نییە. بۆچی وا زمانتان لاڵ بووە و هەر هیس هیستانە. لەبەرچی هەر بە دەستوپەنجە هێما دەکەن. چیتان دەوێ بیڵێن و بەباشی دەریببڕن. دیسانەوە بە دەستوپەنجە هێمایان بۆ کردمەوە. من دەمزانی ئەوان چی دەڵێن, بەڵام هەر تەنێ دەمویست بئاخڤن. دەی چییە خۆ شاهیش هەر مرۆڤێکە. پاشان دەرگاکەیان کردەوە و (اعلیحزرت) خاوەنشکۆ لەوێ دانیشتبوو, چووم سڵاوم لێکرد و شوێنێکی بۆ دەستنیشان کردم و لەسەر کورسییەك دانیشتم. لە کاتی دانیشتندا وتم : (ئەی خاوەنشکۆ :

ز شیر شتر خوردن و سوسمار
عرب را به جائی رسیده است کار
که تاج کیانی کند ارزو
تفو بر تو ای چرخ گردون تفو
لە شیری وشتر و مارمێلکە خواردنەوە
کار گەیشتۆتە ئەوەی کە عەرەب,
ئارەزووی تاجی کیانی بکات
تف لە تۆ ئەی چەرخی رۆژگار, تف

ئەی خاوەنشکۆ, ئێمە مسکێنی تۆین, تاقی کیسرا لە بەغدایە, ئێمە هەر مسکێنی تۆین, وەرە و مسکێنەکانی خۆت ئازاد بکە!).

هەروەها مەلا دەیگووت: (ماوەی دوو کاژێر ئاخاوتنم بۆ شاکەتان کرد. ئەو زۆر خۆشی لە من هات, دوای دوو کاژێرەکە ویستم ماڵاوایی لێبکەم, وتی جارێ دانیشە. منیش پێمووت ئیدی هەڵناسم هەتا مەگەر فەرمان بدەی. دووبارە ئاخاوتنم بۆ کردەوە. ئەویش دەربارەی نیشتەجێکردنی ئێمە لە ناوچەیەکی ئێراندا, بیروڕای خۆی دەربڕی. لە وەڵامدا وتم: بەخوا خاوەنشکۆ, بەڕێزتان زۆر پیاوچاك و بەخشندەن. من تەواوی پێشنیارەکانی ئێوە پەسەند دەکەم, بەڵام دەبێ شێخ ئەحمەد بڕیاریان لەسەر بدات. چونکە ئەو سەرۆکی هۆزە). دەربارەی ئێوەش (ئەفسەرەکان), پێشنیازی کرد کە ئێوەیان پێبسپێرینەوە. وتم گەورەم ئێمە ئەوانەمان بەدیل نەگرتووە تاکو بە ئێوەیان بسپێرینەوە, ئەوانە هەموویان شەش گەنجێکن (لە هەر دە کەسەکە, شەشمان ئەفسەری رەسمیی لەشکری ئێران بووین). تەمەنی هەر هەموویان ناکاتە سەد ساڵ. من لەبری ئەو شەش کەسە, هەژدە لاوی خۆمان بە ئێوە دەدەم. بە بنەماڵەی خۆم و شێخ ئەحمەد و براکانی دیکەم هەژدە کوڕمان هەیە, هەر هەموویان لاوی خۆرتن. لەجیاتی ئەو شەش گەنجە, ئەوانەی خۆمانتان بۆ دەنێرم. بەڵام ئێوە کارێك مەکەن کە گشت ئەو شانازییانەی شێخانی بارزان هەتا ئەمڕۆ بۆ ئێمەیان بەجێهێشتووە, لە دەستیان بدەین و تف و نەفرەتی نەوەکانی داهاتووی بارزان بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین. بەکورتییەکەی لە تاران ئاگاداریان کردبوو

که له ناوچەیەکی نێزیك هەمەداندا نیشتەجێیان دەکەن. ئەویش بەوە رازی بوو بوو کە بەمەرجێ شێخ ئەحمەدیش هەر رازی بێ و دوابەدوای بەسەرچوونی کەشی سەرما, باروکۆچ و گواستنەوە دەست پێبکات. وا بڕیاریشیان بۆ دابوون کە لەگەڵ هەر لۆرییەك گەنمدا چەند خێزانێکی بارزانی, پاش چەکبوونیان وردە وردە بۆ ئەو ناوچە تازەیە بگوێزرێنەوە.

بۆ پتر روونکردنەوەی ئەو رازیبوونەی دەیگووت: (ئەگەر من ئەوانەم پەسەند نەکردایە, مەرەخەسیان نەدەکردم).

له تاران مەلا مستەفایان بۆ دیدەنی کردنی کارخانەکانی چەك دروستکردن, (قورخانە و سەڵتەنەت ئاباد), هێزی ئاسمانی و فێرگەی ئەفسەری بردبوو. خۆی باسی دەکرد و دەیگووت: (ئەو رۆژەی منیان بۆ فێرگەی ئەفسەری برد, بە رەزم ئارام وت: بەخوا ژێنەڕاڵ, ئەوا منیش لەم هەموو چەك و لەشکرە بەهێزەتان ترسام بەڵام ئەی هۆزی بارزان چۆن دەترسێنن. ئەوان لە گشت ئەم چەکانە ناترسن. هەریەکە تاکە تفەنگێکیان هەیە و بە پارووە نانێك لەسەر ئەو شاخانە ژیان دەگوزەرێنن).

هەروەها وتیشی: (ئەو هەر مەبەستی ئەوە بوو کە هەموو ئەو چەکانە نیشانی من بدات. هەربۆیە منیش بەو شێوەیە وەڵامم دایەوە).

مەلا لە نیوەی دووەمی مانگی ژەنیوەریدا بوو کە لە تاران گەڕایەوە. مەلا مستەفا نێوانی لەگەڵ ئێمەی (ئەفسەران)دا زۆر خۆش بوو. هەستی دەکرد کە ئێمە لە کەسانی دیکە باشتر لە ئاخاوتنەکانی دەگەین. بێگومان ئەو خۆی بە گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری شێخ ئەحمەد دەزانی. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەشی بە سەرپێچی نەدەزانی کە بە ئێمە بڵێ شێخ ئەحمەد فیوداڵە و دڵی هەر لای ئەوەیە کە سەرۆکایەتیی فیوداڵیانە و ئایینیانەی خۆی بەسەر هۆزەکەدا بهێڵێتەوە.

سەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد و شێخەکانی دیکەی بارزان، سەرۆکایەتییەکی زۆردارانە و سوودپەرستانە نەبوو. لەڕاستیدا هۆزی بارزان خۆیشیان بڕوای ئایینییان بە شێخ ئەحمەد هەبوو. ئەویان بە پێشەوای گیانی و جێنشین و نوێنەری شێخی بارزان دەزانی. بەڕاستی شێخی بارزان سیمبوڵی بیروڕای ئایینیی هۆزی بارزان بوو.

مەلا مستەفا دەیگووت: (شێخ ئەحمەد تامەزرۆی ئەوەیە هەتا بکرێ زووتر بەرەو ئێراق، بۆ بارزان بگەڕێتەوە و لەوێ لەسەر کورسییەك دابنیشێ و دار و چیلکە دابتاشێ، - ئەمە خووی شێخ ئەحمەد بوو- کەسانی هۆزیش لە دەوری خڕببنەوە و پێی بڵێن

(ئەزبەنی, ئەزبەنی[1]) و ژیانێکی ئاسوودە و ئارامی بێ ترس و لەرزیش بگوزەرێنێ. بەڵام ئەو ناتوانێ پەی بەوە بەرێ کە گەڕانەوەی بۆ بارزان, لەدەستدانی چەکەکانی دەگەیەنێ. ئێمە ئەگەر چەکەکانمان لەدەست بدەین, دەبینە خەڵکی لاواز و بێچارە و کەسانی دیکە بڕیار لەسەر چارەنووسمان دەدە).

مەلامستەفا هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە: (مرۆڤ هەتا ئەوکاتەی چەکی لەدەستدا بێ , خۆی خاوەنی خۆیەتی. بەڵام هەر کە چەکەکەی لەدەستدا, ئەو کاتە کەسانی تر لەبری خۆی بڕیاری بۆ دەدەن. مرۆڤ ناچاریشە مل بۆ بڕیارەکە کەچ بکات چەندێك سەخت و ناهەمواریش بێ. زۆر لە کەسانی هۆزەکەمان نایانەوێ چەکەکانیان لەدەست بدەن. سەرباری ئەمەش, سەدوبیست کەسیشمان لە ئێراق فەرمانی خنکاندنیان بەسەردا دراوە). ئەو سۆڤێتی بۆ خۆیان بە تاکە شوێنی گونجاو دەزانی کە بەشێوەیەکی کاتی رووبکەنە ئەوێ و لە دەرفەتێکی لەباردا لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستاندا, بۆ ئێراق بگەڕێنەوە. دەشیگووت: (من کۆمۆنیست نیم. حەز بە کۆمۆنیزمیش ناکەم. من دیموکراتیخوازم و دڵم هەر ئەوە دەخوازێ کە لەنێو میللەتەکەمدا بە

[1] ئەزبەنی : ئەم ووشەیە لە دیالێکتی بادینیدا بۆ رێزگرتن بەکار دێت , واتە من لە خزمەتی بەرێزتاندام. (و).

ئاشتی و بەختەوەری و یەکسانی بژیم و ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانم ئاڵای کوردستان لە بستێکی کوردستاندا هەڵبکەم. ئیدی ئەو بستە خاکە ئێراق یان ئێران و تورکیا بێ, هیچ جیاوازییەکی نییە).

مەلا ئێمەی بە کەسی نێزیکی خۆی دەزانی. تکای لێکردین کە هەر چۆنێ بێ, شێخ ئەحمەد بهێنینە سەر ئەو بڕوایەی کە واز لە گەڕانەوەی بارزان بهێنێ.

بارزانی لەگەڵ ئەوەشدا کە بیروڕای سەبارەت بە شێخ ئەحمەد بەو شێوەیە بوو, بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر وەکو پێشتر باسم کرد, تەواو گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری شێخ ئەحمەد بوو. هەرچەند ناچاریش بوو. هەر دەبوو وابووایە. زۆر چاك لەیادمە ڕۆژێ مەلا لەسەر ڕایەخێ لە خزمەتی شێخدا دانیشتبوو, شێخ هەندێ کۆکە کۆکی کرد و ویستی تف بکاتەوە, مەلا مستەفا یەکسەر دەسڕەکەی دەرهێنا و بەڕێزەوە بۆی بردە پێشەوە. شێخ ئەحمەدیش تفەکەی ڕۆکردە سەری. بەڵام هەرچۆن بێ ئەم ڕێزگرتن و بڕوا پێبوونە ڕێی لەوە نەدەگرت کە بیروڕاکانی خۆیمان لەبارەی شێخ ئەحمەدەوە بۆ دەربڕێت.

پێشتر وتم نیوەی دووەمی مانگی ژەنیوەری بوو کە مەلا لە تاران گەڕایەوە. تا مانگێکیش دوای گەڕانەوەکەی, پێوەندیی هۆزی بارزان و دەوڵەتی ئێران خۆش بوو. تەنانەت جارێك لەشکر, لۆرییەك گەنمی بۆ ناردن. بەڵام مەلا مستەفا بەبیانووی سەرما و

سۆڵە و راوێژکردن بە شێخی بارزانەوە, سەرپێچیی لە چەکدانان و ناردنی چەند خێزانێك کرد کە دەبووایە بۆ هەمەدان بگوێزرانایەتەوە. دوای مانگەکە وردە وردە لەشکر لە خۆبەدەستەوەدانی بارزانییەکان نائومێد بوو و کەوتە خۆجێگیرکردن و ناردنی هێزەکانی بۆ دەوروبەری ئەو ناوچەیەی کە بارزانییەکانی لێبوو. خۆیشیان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە هێرش بەرنە سەر بارزانییەکان. هەروەها بارزانییەکانیش بۆ بەرگریکردن خۆیان ئامادە و گورج کردبۆوە. لەم کاتەدا بارزانییەکان لە نەغەدە و شنۆ و دەشتودەری مەرگەوەڕ جێگیر بووبوون.

با بەر لە گێڕانەوەی خۆ ئامادەکردن و سەرەتای شەڕەکانی ئەو دوو لایەنە, چەند وشەیەکتان دەربارەی بەسەرهاتی خۆمان, کە ئەوکاتە لە چ بارودۆخێکدا ژیانمان بەسەر دەبرد, بۆ تۆمار بکەم: من و سەرۆك دانا دوای بینینی بارزانییەکان لە مەهاباد و بڕیاری تێکەڵبوونمان لەناویاندا, کۆمەڵە سەربازێك و چەند کەسێکی بارزانیمان کردە بەرپرسیاری گواستنەوەی تۆپەکان و خۆیشمان بەرەو نەغەدە کەوتینە رێ. شەش ئەفسەری تریش کە لە بۆکان هێز و وزەیان لەبەربڕابوو. دوای گەیشتنیان بە مەهاباد و پێوەندیکردن بە قازی محەمەدەوە, بەرەو ورمێ کەوتبوونە رێ بەو هیوایەی کە لەڕێگای ئەوێوە بەرەو سۆڤێت بڕۆن. بەڵام لە نێزیکی ورمێوە دەنگوباسیان پێدەگات کە ورمێ کەوتۆتە ژێر دەستی نەیارانی

(فیرقه) کۆمەڵەوه. هەربۆیە پێچ بە ڕێگاکەیان دەدەنەوە و ڕوودەکەنە نەغەدە. کاژێری 8ی شەو دەگەنە نەغەدە و لە چایخانەیەك لادەدەن. لەو کاتەدا هێزەکانی بارزانییەکانیش گەیشتبوونە نەغەدە و لەلایەن شێخ محەمەد سەدیق (یەکێ لە براکانی شێخ ئەحمەد)ەوە دەسەڵاتدارێتیی فەرمی ڕاگەیەندرابوو. جاڕچییەکان کەوتبوونە ناو شارەوە و هاواریان دەکرد: (فەرمان فەرمانی شێخ محەمەد سەدیق بارزانییە, هاتوچۆکردن لە 9ی شەوەوە یاساخە). هاوڕێکانی ئێمە دوای نانخواردن, لەڕووی بێ ئەزموونی و خۆشباوەڕی و لەخۆدڵنیابوونەوە, لەهەمان چایخانەدا بەکۆمەڵ لێی خەوتبوون بەبێ ئەوەی ئاگایان لەوە بێ کە لەو سەردەمەدا لەوێ دەسەڵاتی دوو لایەنەی بارزانییەکان و قەرەپاپاخەکان لە ئارادا بوو.

قەرەپاپاخەکان هۆزێکی تورکزمانن کە وەکو دووڕگەیەك وان لەو ناوچەیەی کوردستاندا لە نێوان مەهاباد و ورمێدا نیشتەجێ بوون. ئەو ناوچەیە بەناوی (سەندووس)ەوە ناسراوە کە نەغەدە مەڵبەندەکەیەتی. لەو دەمەدا سەرۆکی هۆزی قەرەپاپاخەکان کابرایەك بوو بەناوی (قولیخان بەرجالو)ەوە کە لەلایەن کۆمەڵەی دێموکراتی ئازەربایجانەوە پلەوپایەی سەرهەنگی پێدرابوو. لەو دوادواییەدا بەخۆی و هەزار سوارەی قەرەپاپاخەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی بوو کە دژی میریی ناوەندی بکەوێتە شەڕکردنەوە. بەڵام هەر کە بارودۆخی ڕۆژگار دەگۆڕێت, ئاڵای ئێران لە نەغەدە بەرز

دەکاتەوە و فەرمانگەی کاروباری ناوچەی سەندووس دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە و بەناوی دەسەلاتداریتیی خۆیەوە دەبێتە پارێزگاری ئەو ناوە. بەڕێوەبەرێتییەکەیش بۆ نەغەدە دەستنیشان دەکات. هەر ئەو سوارانە کە هێشتا مەدالیای بیستویەکی ئازاری کۆمەڵەیان بەسەر سنگەوە بوو, دەبنە فەرمانبەری میری و دەست دەکەن بە دەستگیرکردن و سەرکووتکردنی ئەو کەسانەی کە هەر لەگەڵ کۆمەڵەدا ئەمەگدار (بەوەفا) مابوونەوە.

لەو بارودۆخەدا دەبیستن کە شەش ئەفسەری سەربە کۆمەڵە لە چایخانەیەکدا خەوتوون. لەو رۆژەدا ئەفسەر پارووییەکی چەور بوو بۆ ئەو کەسە هەلپەرستانەی کە دەیانویست تاوانەکانی رابردووی خۆیان بسڕنەوە. دەستگیرکردن و بەدەستەوەدانەوەی ئەوانە بەدەوڵەت, دەبووە هۆی ئەوەی کە کارنامەی (رەش)ی ئەو کەسەی کە خزمەتی کۆمەڵەی کردبێ, خاوێن و سپی بکاتەوە. بەکورتییەکەی لەکاتی شەودا هەڵدەکوتنە سەر چایخانەکە و هەر هەفت کەسەکە: (زەربەخت, ئیحسانی, تیوای, ئەرتەشیار, تەوەکلی, عەلی ئەصغەر و نیکۆلا) چەکداماڵ و دەستگیر دەکەن. سەرلەبەیانییەکەی بۆ ئەو خانووەی کە ناویان لێنابوو فەرمانگەی ناوچە, کێشیان دەکەن. لەڕێگا یەکێ لە بارزانییەکان بەناوی (کاکە ساڵح) ەوە ئەو ئەفسەرانە دەبینێ, مەسەلەکە تێدەگات و رووداوەکە بۆ شێخ محەمەد سەدیق دەگێڕێتەوە.

ئەوکاتە لە فەرمانگەی ناوچە ئەفسەرەکانیان دەستبەستە و ئامادەکردبوو کە لەگەڵ خۆیاندا بە پێشوازیی لەشکریان بەرن و سەرگەردانیان بکەن. کوڕەکەی شێخ محەمەد سەدیق لەتەك چەند بارزانییەکی چەکداردا دەچنە ئەوێ و ئەفسەرەکان رزگار دەکەن. قەرەپاپاخەکانیش چەك دەکەن و داروبەردی فەرمانگەی ناوچەش دەهێننە خوارەوە. ئیدی ئەو سیخووڕە زۆردار و پیاوانەی دەوڵەت, دوابەدوای ئەمە هەر زوو دەبنە گیان لەسەردەست و و دەروێشی ئەفسەرەکان. یەکسەر چەکەکان و ئەو شتانەی دیکەش کە لێیان تالآن کردبوون, بە پەشیمانخوازی و داوای لێبووردنەوە پێیان دەسپێرنەوە و هەر یەکەشیان هەوڵی ئەوە دەدات کە خۆی دڵسۆزتر و ئەمەگدارتر نیشانی کۆمەڵە بدات. بەڵگەکانیشیان ئەو مەدالیایانەی 21 ئازار بوو کە هێشتا هەر بەسەر سنگیانەوە بوو!.

ئەو کاتەی من گەیشتمە نەغەدە, دوو رۆژ بوو ئەفسەرەکان ئازاد کرابوون و لە مەرگ و تیاچوون رزگار بووبوون. من بە تۆپەکانەوە و لەگەڵ سەربازەکاندا بەشێوەیەکی رێکوپێك چووینە ناو نەغەدەوە. ئێمە ئەوکاتە خۆمان خۆبەخۆ هێزێکی تەواو بووین: دە ئەفسەر, 2 تۆپ, نێزیکەی سەدوسی چل سەربازێکمان لەگەڵدا بوو. بەهۆی ئەمەوە شوێنێکمان بەجیا بۆ خۆمان دەستنیشان کرد و تێیدا نیشتەجێ بووین. چەند رۆژێکیش لە چاوەڕوانیکردندا ماینەوە.

سەربازەکان وردە وردە بڕستیان نەدەما. هیچ ئامانجێکیشیان لەبەردەمدا نەبوو. ئەوی راستی بێ ئەو سەربازانە وا هەستیان دەکرد کە بێگاری بۆ من دەکەن. من لە ئازەربایجانەوە هەندێ پارەم لەگەڵ خۆمدا هێنا بوو. بەشێکی کەمم بەهەر یەکەیان دا تا بتوانن پێی بگەڕێنەوە بۆ نێو کەسوکاریان. تفەنگەکانیانم لێوەرگرتنەوە و بەڕێمکردن. جگە لە چەند کەسێکی هەڵبژاردەیان نەبێ کە لەسەر خواستی خۆیان مانەوە و کردمنە بەرپرسیاری تۆپەکان.

دوای ماوەیەکی کورت لەگەڵ رێنیشاندەرێکدا, بارزانییەکان وتەنی (شارەزا) یەکدا, بۆ شنۆ رۆیشتین. لەیادمە کاتێ گەیشتینە شنۆ, بۆ شەوکردنەوە چووینە چایخانەیەکەوە. یەکێ لە هاوڕێکانمان وتی: (ئەمشەو شەوی 22ی مانگی دیسەمبەرە. دروست سێ مانگی تەواو زستان و بەفرمان لەپێشدایە).

لەوێ خانوویەکمان بەکرێ گرت. خاوەنماڵەکە ژنێ بوو نان و چێشتیشی بۆ دروست دەکردین. بەرنامەیەکمان بۆ خۆمان داڕشت کە پتر هەر بۆ کات گوزەراندن جۆرمان کردبوو. بەڵام من خۆیشم بەرنامەیەکی تایبەتیم بۆ ئامادەکردنی تۆپەکان سازکردبوو. هەر کە گەیشتینە شنۆ, ئەو سەربازانەی مابوونەوە, ئەوانیشم مەرەخەس کرد. بیست کەسی بارزانیم بۆ تۆپەکان دەسنیشان کرد و دەستم بە فێرکردنیان کرد.

شنۆ به لاپاڵی شاخێکەوه هەڵکەوتووه که هەمیشه بەفر داپیۆشیوه. سەر له بەیانیان زوو بۆ پاکژی و وەرزش کردن خۆمان دەگەیانده دامێنی ئەو شاخه, نیو کاژێرێك وەرزشمان دەکرد. ماوەیەك رامان دەکرد و پاشان بەرەو ماڵەوه دەگەڕاینەوه و سووکه نانێکی بەیانیمان دەخوارد و پاشماوەی رۆژەکەشمان به گەڕان و هاتوچۆکردنەوه دەگوزەراند.

شێخ ئەحمەد له خانوویەکی دوو ژووریدا ماڵێکی پێکەوه نابوو, ئەوی راستی بیٚ یەکیٚ لەو ژوورانه کادانێك بوو, خاوێن کرابۆوه. ماڵومناڵەکەی شێخ له یەکیٚ لەو ژوورانەدا بوون و خۆیشی له ژوورەکەی دیکەدا لەسەر چەرپایەك دادەنیشت. هەمیشه لەبەردەمی شێخدا بڕیٚ چیلکه و چەواڵی داتاشراو دەبینرا. ئەو خووی بەوەوه گرتبوو که به قەڵەمبڕێکی نایاب ئەو چیلکه و چەواڵانه هێنده دابتاشیٚ تا یەکه یەکه تەواو تەواو دەبن. ئەو کاره بۆ ئەو خۆی هەر سەرگەرمییەك بوو, بەڵام لای کەسانی هۆزەکەی دانایی بوو. ئەوان بڕوایان بەوه بوو که لەو سەرگەرمییەدا سروش بۆ شێخ دێت تا بزانیٚ چ بڕیاریٚ بدات که له بەرژەوەندیی هۆزەکه بیٚ.

شێخ ئەحمەد پیاوێکی باش بوو. بەڵام ساده و ساکار بوو. تێگەیشتنی سیاسیی نەبوو. تەنها هەر ئاواتی ئەوه بوو که هۆزەکەی به بێوەیی بۆ بارزان بگەڕێنێتەوه. زۆربەی زۆری ئەو گفتوگۆیانەی که له ئارەزووکردنی گەڕانەوه بۆ بارزاندا دەیکردن,

**بریتی بوو له یادەوەریی هێشووە ترێکانی بارزان و نیسك و نۆك و كشتوكێڵی بارزان، بەتایبەتی ئەو ئاگرەی كە لە زستانانندا دەیان كردەوە. ئاگری زستانی بارزان لای گشتیان هەمیشە بیرەوەرییەكی پڕ جۆشوخرۆش بوو. هەركاتیٚ ئاگرێكی گەورە بكرایەتەوە، دەیانگووت: (ئاخ، هەر دەڵێی ئاگرەكەی بارزانە).**

**كەسێكی دی كە لەوە دەچوو رابردوویەكی چاكی هەبووبیٚ، لاوێك بوو بەناوی (سەعید)ەوە. ئەم لاوەش هەر لە كوردەكانی ئێراق بوو. هەر پانزە رۆژ جارێك دەهاتە شنۆ. لەڕاستیدا ئەو سەعیدە تەتەری نێوان پارتی رزگاریی عێراق[1] و هۆزی بارزان بوو. مەلا مستەفا رێبەری شانازییانەی ئەو پارتە بوو[2]. هەروەها رۆژنامەی رزگاری بەزمانی كوردی، بەنهێنی چاپ و بڵاودەكرایەوە. ئەو رۆژنامەیە هەفتانە بوو. هەركاتیٚ سەعید بهاتایەتە شنۆ، دوو دانەی لەو رۆژنامەیە لەگەڵ خۆیدا دەهێنا.**

---

[1] دیارە نووسەر مەبەستی لە (پارتی رزگاری كورد) ە كە ئۆرگانە ناوەندییەكەی ناوی (رزگاری) بوو.(و).

[2] ناچارین جارێكی تریش بڵێین بەداخەوە وا دیارە نووسەری بەڕێز بەهۆی ئەوەی سەیری هیچ سەرچاوەیەكی نەكردووە و لە كەسی نەپرسیوە هەندیٚ شتی لیٚ تێكەڵ بووە. ئەو كاتەی نووسەر قسەی لەبارەوە دەكات بەهاری 1947 ە ، ئەو كاتە پارتی دیموكراتی كوردستان لە 16 ئاب 1946 دا بەسەرۆكایەتیی بارزانیی نەمر دامەزرا بوو، حیزبی ((ڕزگاری)) یش خۆی هەڵوەشاندبووەوە و هاتبووە ناو پارتی . (سەرچاوەی پێشوو ، پەراوێزی 11 ، ل 83).

سەعید لاوێکی ئازا بوو. هەر پانزە ڕۆژ جارێك سەروکەڵلەی پەیدا دەبوو. ئێمە دەمانزانی چ وەختێ دەگات. بەگشتی کاژێری چوار یان پێنجی دوانیوەڕوان پەیدا دەبوو. یەکێ لە سەرگەرمییەکانی ئێمە, تەماشاکردنی هاتنی ئەو بوو لەنێو بەرزاییە بەفرینییەکانی پشتی شنۆوە. لەدەمەدەمی ڕۆژاوابووندا, ڕەشاییەکمان بەدی دەکرد کە لە بەرینایی سپیدەی بەفرەکەدا دەبزووا, تاك و تەنها و پیادە, لەو بەفر و سەرمایەدا تەنێ بە گۆچانێکەوە ئەو ڕێگایانەی دەبڕی. ئەو دەگەیشت و گیرفانەکانی پڕ لە ڕۆژنامە و نامە و بەیاننامە و پەیام بوو بۆ

مەلا مستەفا, کە وەڵامەکانیشیانی هەر لەوەوە وەردەگرتەوە. بێگومان پارەشی بۆ هۆزی بارزان دەهێنا. دوای بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی, شەوانە لای ئێمە دەمایەوە و بۆ بەیانیی ئەو ڕۆژە هەر بەهەمان ئەو ڕێگایەی لێوەی دەهات, دەگەڕایەوە و لەنێو بەفرەکەدا ون دەبۆوە.

لە هەموو ئەو ماوەیەی کە ئێمە لە کوردستان دا ماینەوە, زۆربەی کاتەکان سەعیدمان لەگەڵدا بوو. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە شەڕی نێوان لەشکری ئێران و بارزانییەکان دەستی پێکرد, بەیەکجاری لەناو هۆزەکەدا مایەوە. هەتا سنووری ئێراقیش هەر لەگەڵماندا بوو. لەسەر سنوور بەهۆی ئەرك و فەرمانێکەوە کە مەلا پێی سپاردبوو, گەڕایەوە بۆ ئێراق, لەوێ دەستگیر کرا و خرایە بەندیخانەوە.

ئەزموون و پێوەندیی ئێمە لەگەڵ کوردەکاندا ئەو سەرنجەی لە لاپەیدا کردین کە رۆشنبیر لە نێو کوردەکانی ئێراقدا زۆرتر بوو و پتریش خاوەن بیروباوەڕ بوون. لەو سەردەمەدا خاوەنی پارتێکی پێشکەوتووی وا بوون کە سەرەتاکانی رێکخراوەیی تێدا دەبینرا و لەسەر بنچینەی خێڵەکی و هۆزایەتی دروست نەبوو بوو, بەڵام کۆماری میللیی کوردستانی ئێران, لەڕاستیدا هەر کۆمەڵێ سەرەك هۆز بوو کە مەیلیان بەلای دەوڵەتی ئازادانەی کوردستاندا هەبوو و پتریش هەر لە دەوری قازی محەمەد گرد بووبوونەوە. ئەوی راستیش بێ ئەو پارتە پێشکەوتووەی کە پێڕەوی سەرتاکانی رێکخستن بکات, بەشێوەیەکی زۆر بچووك و بەرتەسك لەنێویاندا پێکهاتبوو. هێزی سەرەکیی کۆماری کوردستان: هەرکی, مامەش, مەنگوڕ و لەم بابەتانەوە سەرچاوەی گرتبوو. قازی محەمەدیش پتر وەکو پێشەوایەکی ئایینی بوو کە لەلایەن هەمووانەوە رێزی لێدەگیرا.

من خۆم قازی محەمەدم لە نێزیکەوە نەبینیوە, بەڵام محەمەد حسێن خانم بینی بوو کە فیوداڵێك بوو, خزمی قازی محەمەد بوو. شالیاری بەرگرییش بوو. قازی محەمەد خودی خۆی لەتەك هاوڕێکانی ئێمەدا گفتوگۆی کرد بوو و لە یەکێ لە ئاخاوتنەکانیدا پێی وتبوون: (پیشەوەری تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی وتم کە ئەوا من دەڕۆم و تۆیش یەکسەر بۆی دەرچۆ. بەڵام من ناتوانم وەکو

پیشەوەری میللەتەکەم رەها بکەم و لە پێناوی پاراستنی گیانی خۆمدا, میللەتەکەم بەخوا بسپێرم. من ئەگەر پیٚ لە مەهاباد بەرمە دەرەوە, میللەتەکەم لەناو دەچیٚ. من لە پێناوی پاراستنی میللەتەکەمدا ناچارم لە مەهاباد بمێنمەوە تا لەشکر دێت و هەلومەرجێکی دیکە پێك دەهێنێت. من هەر لێرە دەمێنمەوە ئەگەرچی لەسێدارەش بدرێم).

قازی محەمەد کۆمەکی هاتنەناوەوەی لەشکری کردبوو. تەنانەت بەپێشوازیی سەرتیپ همایۆنی, فەرماندەی ئەو هێزانەی کە بۆ ئەویٚ نێردرابوون, چوو بوو تا بەهۆی ئەوەوە پێشی رەشبکوژی بگرێت. لەشکریش هەر مەبەستی ئەوە بوو کە بەیارمەتیی قازی محەمەد خۆی جێگیر بکات و پاشان ئەو لە دەسەلاٌت بخات. تەنانەت دوای داگیرکردنەوەی مەهابادیش, قازی محەمەدیان لەسەر کارەکەی خۆی بەرکەنار نەکردبوو. ئەو هەر بە هەمان شێوازی جاران بە پێشەوایەتی مابۆوە و لە بارەگای فەرماندەیەتیی خۆیدا شاری مەهابادی بەرێوە دەبرد, بەلاٌم پاش خۆجێگیرکردنی لەشکر, ئەو و محەمەد حسێن سەیفی قازی و سەدری قازی دەستگیر دەکەن و ناجوامێرانە لەسێدارەیان دەدەن.... ڕەوانیان شادبیٚ.

بەکورتییەکەی دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە تاران, بەپێی ئەو رێکەوتنەی کە لە نێوانیاندا روویدابوو, بارزانییەکان نەغەدەیان

بەجێهێشت و لە ناوچەکانی شنۆ, لە دەشت و دەری مەرگەوەڕدا نیشتەجێ بوون.

دوابەدوای دەستگیرکردنی قازی محەمەد, سەرهەنگ غەفاری لە یەکێ لە سەردانەکانیدا بۆ شنۆ, لەتەك ئێمەشدا کەوتە گفتوگۆکردنەوە و ئەوەی پێڕادەگەیاندین کە لە سێدارەدانی قازی محەمەد و خزمەکانی, دواهەمین لەسێدارەدان دەبێت. باشترە کەڵك لەم دەرفەتە وەربگرین و ئێمەش خۆمان بەدەستەوە بدەینەوە و لەم بێسەروبەرییە رزگارمان بێت. ئێمە بۆ خۆبەدەستەوە دانەوەمان داخوازیی متمانەی تەواومان دەکرد. بۆ نموونە بەفەڕمی بمان بەخشن و لە رادیۆی تارانیشەوە بڵاوی بکەنەوە.

ئەو گفتوگۆیانە هەمووی لەبەردەم مەلا مستەفادا ئەنجام دران. سەرهەنگ غەفاری لە وەڵامی ئێمەدا وتی: (دەی باشە, ئەم مەسەلەیە بەدەستی مەلا مستەفای بەڕێزە, چونکە لە تاران گفتی داوە کە ئێوە بەدەستەوە بداتەوە). مەلا مستەفا هەر کە ئەم شتەی بیست, زۆر تووڕە بوو و بەرپەرچی دایەوە و وتی: (بۆچی درۆ دەکەیت؟ من بە شاکەتانم وتووە کە لەبری ئەو شەش گەنجە, هەژدە لاوتان لە کوڕەکانی خۆمان بۆ دەنێرم. ئەوە نەنگێتییە بۆ هۆزی بارزان کە شەش گەنجی وا بگرێت و بەدەستی ئێوەی بداتەوە).

بۆ خۆبەدەستەوەدانەوەی ئێمە, لە رێگای سەرهەنگ بیگلەری – یەکێ لە فەرماندەی هەمان ئەو هێزانەی کە بۆ لەناوبردنی

بارزانییەکان بەتەمابوو بکەوێتە شەڕکردنەوە – هەوڵدان دەستی پێکرد. من پێشتر سەرهەنگ بیگلەریم دەناسی. سەردەمێك فەرماندەی لەشکری 8ی خۆراسان بوو. ئێمەشی زۆر باش دەناسی و دەیویست سوود لەو ئاشنایەتییە وەربگرێ. لەو دەمەدا هێڵێکی تەلەفۆن لە نێوان نەغەدە و شنۆدا هەبوو. ئەو هێڵی تەلەفۆنە لەژێردەستی شێخ سلێمانی برازای شێخ ئەحمەد دا بوو. لە راستیدا شێخ سلێمانی بە شالیاری دەرەوەی شێخ ئەحمەد دادەنرا. فارسیی زۆر چاك دەزانی و مرۆڤێکی زیرەکیش بوو. رۆژێ منی بانگ کرد و وتی سەرهەنگ بیگلەری دەیەوێ لەگەڵ تۆدا بئاخڤێت. لەو گفتوگۆی سەر تەلەفۆنەدا, سەرهەنگ بیگلەری دوای باسوخواسی ئاشنایەتیی دێرینەمان, داوای لێکردم کە خۆمان بەدەستەوە بدەینەوە. بەڵێنی ئازادبوونی پێداین و دڵنیای دەکردین کە یارمەتیمان دەدات. ئابڕووی خۆیشی دەکردە بارمتەی بەئەنجام گەیاندنی ئەو گفت و بەڵێنانەی. هەروەها هەڕەشەشی دەکرد کە ئەگەر کەڵك لەم دەرفەتە وەرنەگرن, ئیدی کات درەنگ دەبێ و وەختەکە بەسەر دەچێ. بەڵام بێگومان بەو گفت و بەڵێنە تاکەکەسییانەی ئەو نەدەتوانرا گیانی ئێمە مسۆگەر بکرێ. لەبەرئەوە من داوای لێبووردنم بەرامبەر ئەو خواست و تکایانەی ئەو کرد و لەهەمان کاتیشدا پێموت: (ئێمە بەرگری لە گیانی خۆمان دەکەین. دوو تۆپمان لەدەستدایە و دڵنیاش بە کە پەنجەم

لەسەر پەلەپیتکە نالەرزێ). ئەو رۆژە رێکەوتی 12-03-1947 بوو کە تەنێ سێ رۆژی مابوو بۆ هێرشە بەربلاوەکەی لەشکر.

هەر وەکو وتم، هەردوولا – لەشکر و بارزانییەکان – خۆیان بۆ رووبەڕوو بوونەوە ئامادە دەکرد. لەشکر خەریکی چەکدارکردنی هەندێ لە هۆزەکانی سەر بە دەوڵەت بوو. گرنگترینی ئەو هۆزانە، مامەش و مەنگوڕ بوون کە سەرۆکەکانیان پارەیان لە دەوڵەت وەردەگرت. لەو کێشەیەدا بەزۆری لایەنی دەوڵەتیان دەگرت. سەرباری ئەوانەش چەند کەرتێکی هەمەچەشنەی لەشکریشیان لە ناوچەکانی دیکەی ئازەربایجانەوە دەهێنا و لە دەوروبەری ئەو ناچەیەی کە لە ژێر دەسەلاتی بارزانییەکاندا بوو، دایان دەمەزراندن. هەروەها بارزانییەکانیش بەرامبەر ئەوە کەوتبوونە خۆئامادەکردن و خەریکی پتەوکردنی شوێنەکانی خۆیان بوون، کە جگە لە بەرگری لەخۆکردن، کەڵك لە دەرفەتێکیش وەربگرن تا وەرز خۆش ببێ و بەرەو شوێنێکی دەرەوەی ئێران بڕۆن.

یەکەم خورپە کە بارزانییەکانی هەژاند و وەکو ژەهری ماریش تاڵ بوو، ئەو مەسەلەیەی هۆزی مامەش و مەنگوڕ بوو، دەنگوباسی ئەوە گەیشتە بارزانییەکان کە ئاغاوات (دەرەبەگەکان) ی مامەش و مەنگوڕ لە گوندێ بەناوی صۆفیانەوە، مەڵبەندی ناوچەی لاجان، کۆبوونەتەوە کە دژی بارزانییەکان دەست بخەنە ناو دەستی یەکترەوە. مەلا مستەفا چەند کەسێ لە تفەنگچییەکانی خۆی

**هەڵگرت و بەڕێ کەوت. بۆ بەیانییەکەی هەواڵمان پێگەیشت کە مەلا سەری لەوناوە داوە و لە صۆفیان چووەتە نێو کۆبوونەوەکەیانەوە و بە ڕێژنەی گوللە خاکی هەموویانی بەتوورەکە بێژاوە. دووسێ کەسێکیشیانی دەستگیر کردووە و چەند چەکێکیشی لێگرتوون و بۆ شنۆ هێناونی[1]. جگە لەوانەش, مەلا مستەفا هەر لەوناوە بەناو**

---

[1] ئەو ڕووداوە بەو شێوەیە نەبووە و نووسەر دیارە بەهەڵە بیستوویەتی. ڕاستیی ڕووداوەکە بەم شێوەیەیە کە لە پەڕتووکی – بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد 1931– 1958 , نووسینی کاك مەسعوود بارزانی . وەرگێڕانی مامۆستا سەعید ناکام , چاپخانەی خەبات, چاپی یەکەم 1998 , ل 174 دا نووسراوە –:

((**ڕووداوەکەی سێڵوێ** ئاگاداری هات کە هەندێ لە ئاغاکانی هۆزی مامەش چەکیان لە حکومەتی ئێران وەرگرتوە و بەڵێنیان داوە کە شوێنە ستراتیجییەکانی دامێنی چیای سپیرێز تا دۆڵی گادەر داگیر بگەن, ئەمە هەڕەشەیەکی پڕ مەترسی بوو لە بارزانییەکان . بۆیێ هێزێکی بارزانی ڕۆژی 1947\2\23 ڕوویان کردە گوندی سێڵوێ کە پیاوە گەورەکانی مامەش سەربە قەرەنی ئاغا کۆبوونەوەیێکی گرنگیان گرتبوو, ئەو هێزەی چوو بوو فەرمانی درابوێ کە ئەوانە بگرێت و بیان هێنێ بۆ شنۆ تا وەکو بارمتە بمێننەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیلانە, بەڵام ڕووداوێکی ناخۆشی چاوەڕوان نەکراو هاتە پێش, کاتێ فەرماندەی دەستە فەرمانی دا بە ئاغاکان چەك دانێن و خۆ بدەن بەدەستەوە, یەکێکیان دەستی برد بۆ دەمانچەکەی قەدی , کەس نەیزانی دەیەوێ چەکەکەی دانێ یا دەستەوەکەری بکا, هەر لەوکاتەیشدا دەنگی تەقە لە دەرەوەی دیوەخان بیسترا, ئیدی لە هەموو لایێکەوە تەقە دەستی پێکرد, ئاغاکان دوازدەیان لێ کوژران, لە بارزانییان محەمەد میرزا کاکشار و باقی کانی بۆتی شەهید بوون, حالی کەلۆکی و دەروێش خانۆ بێدودی بریندار بوون, ئەو ئاغایانەی مابووشن گیران و ژمارەیێکیش لە گوندییەکانی شاوەلێ و نەلۆس و پەسوێ گیران و برانە شنۆیێ. شێخ ئەحمەد لەم ڕووداوە زۆر توڕە بوو و فەرمانی دا گیراوەکان دەستبەجێ بەرەڵڵا بکرێن. ئەمە ڕووداوێکی داخاوی بوو, بەڵام دەنگدانەوەیێکی بەربڵاوی لەنێو ئاغاکانی دیکەدا هەبوو و ترسێکی تۆقێنەری خسنە دڵیانەوە.)).

هەرکییەکانیشدا گەڕابوو و لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانیاندا گفتوگۆی کردبوو و بەڵێنی ئەوەی لێوەرگرتبوون کە دژی ئەو نەکەونە شەڕکردنەوە. لەو سەروبەندەدا هەندێ ئازوخەشی کۆکردبۆوە تا لەکاتی شەڕدا بەبرسێتی نەمێننەوە. دەبێ ئەوە بزانین کە کوردەکان سەرباری هەموو ئەوانەش هەر پێیان خۆش نەبوو لەگەڵ بارزانییەکاندا بکەونە شەڕەوە. چونکە بارزانییەکان پیاوی ئازا و جەنگاوەر بوون.

هۆزە کوردەکان بە سروشتی هەستێکی هاوکاری و هاوگیانییان لەنێودا هەبوو و ئامادە نەبوو بەتەواوی دژی یەکدی بچنە شەڕەوە. بەشێوەیەك هەتا لەکاتی شەڕیشدا, ئەو کوردانەی کە لەلایەن لەشکرەوە دژی بارزانییەکان چەکدار کرابوون, پێشتر پێوەندییان بە مەلا مستەفاوە دەکرد و کات و شوێنی هێرشەکەیان پێڕادەگەیاند و پاشانیش شەڕێکی دووربەدووریان دەکرد و هەڵدەهاتن.

بارزانییەکان بە خاووخێزانەوە هاتبوونە ئێرانەوە. بە هەموویان دەوروبەری دەهەزار کەسێك دەبوون کە نێزیکەی هەزار و پێنجسەد پیاوی جەنگاوەریان تێدا بوو. ژمارەیەکی زۆریشیان بەهۆی سەرما و برسێتییەوە مردبوون. بە ئەندازەیەك کە ئێستا لە شنۆدا گۆڕستانێك بەناوی گۆڕستانی بارزانییەکانەوە هەیە.

شێوەی بەڕێوەچوونی هۆزەکە لەسەر بنچینەی یەك لەدوای یەکی شێخەکانەوە بوو. شێوە بەڕێوەچوونێکی وەکو زنجیرەی یەك

لەدوای یەکی سوپایی یان رێکخراوەییان نەبوو. شێخ ئەحمەد لەسەروو هەموویانەوە بوو. پاشان براکانی بوون کە هەر یەکەیان لێپرسراوی بەشێکی بەرەکە بوون. دوای ئەمانە, کوڕی شێخەکان بوون کە هەر یەکەیان بەرپرسیارێتیی بەشێکی پچووکتریان لە ئەستۆدا بوو. دوای کوڕانی شێخ, چەند کەسێکی دی لە خزم و کەسوکارە نێزیکەکانی خۆیان کە لە شەڕوشۆڕدا چەند ئازایەتییەکیان نواندبوو, بەرپرسیارێتییەکی گچکەتریان پێسپێردرا بوو.

ڕۆژی 15ی مارت بوو ئێمە وەکو جاران کاژێری پێنج و شەشی بەیانی لەخەو هەستاین و چووین بۆ کەناری چۆمەکەی شنۆ. خەریکی وەرزشی بەیانیان بووین. لەپڕا گرمەی تۆپ بەرزبۆوە.

دوو سێ کلیۆمەترێ لە دەرەوەی شنۆ, لە کەناری چۆمی (گادەر) دا, دێیەك هەبوو بەناوی (سەنگان)ەوە کە بارزانییەکان لەوێ هەفت هەشت کەسێکی تفەنگچییان بە رەشاشێکەوە دامەزراندبوو. لەشکر لەوبەری چۆمی (گادەر) و بارزانییەکانیش لەبەرەکەی تریدا بوون. لەشکر لەناکاو سەنگانی دایە بەر تۆپ و دەستڕێژ. لەبەرئەوەی گوندی سەنگان لە بەرزاییەکدا بوو, بەسەر شنۆدا دەیڕوانی, گەر لەشکر ئەوێی بگرتایە, تێشکان لە شنۆدا کارێکی ناچاری بوو. گرتنەوەی سەنگان بە سوارەی هۆزەکانی مامەش و مەنگوڕ سپێردرا بوو کە فەرماندەیەکی لەشکر سەرپەرشتیی دەکردن.

لەگەڵ بیستنی گرمەی تۆپەکاندا, تێگەیشتن کە ئەوە ئەو ڕۆژە بوو چاوەڕوانمان دەکرد. لەشکر هیچ بیانوویەکی بەدەستەوە نەبوو تا هێرش بێنێتە سەر بارزانییەکان, چونکە بارزانییەکان بەتەما نەبوون بەرگری لە سەرزەمینێ بکەن کە سەر بەو نەبن. هەرتەنێ چاوەڕوانی تەواوبوونی سەرما و سۆڵەی زستانیان دەکرد تا پەنا بۆ جێگەیەکی دی بەرن. لەشکر ئەمەشی دەزانی. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێرشی لەشکر بۆسەر هۆزی بارزان شتێکی زۆر چاوەڕواننەکراو نەبوو.

من دەستبەجێ ئەو کوردانەم کۆکردەوە کە تۆپەکانم پێسپاردبوون و تۆپەکانم دامەزراند. بەرەو لای شێخ ئەحمەدیش کەوتمە ڕێ. من لە سۆنگەی ئەو نێوانەی کە شێخ ئەحمەد لەتەك ئێمەدا هەیبوو, هەرکاتێ بمویستایە دەمتوانی سەری لێبدەم و بۆ ماڵەوەیان بچم. لە حەوشەی خانووەکەیاندا بینیم کە شڵەژابوو. شێخ سلێمانی بۆ بەرگریکردنی سەنگان ناردبوو و بە منیشی وت کە بڕۆم بۆ کۆمەکی ئەوان. مەلا مستەفا لەوکاتەدا لە مەرگەوەڕ بوو. لەشکر لەبەری ورمێوە هێرشی بۆ مەرگەوەڕیش بردبوو.

من تۆپەکانم گەیاندە سەنگان و خۆم بۆ تۆپهاویشتن ئامادەکرد. یەکەم شتێ کە هاتە خەیاڵمەوە ئەوە بوو تۆپەکانی دوژمن دەمکووت بکەم. چونکە گرمەی تۆپ بۆ کەسانێك کە گوێبیستی نەبووبێتن, شتێکی زۆر ترسناك بوو. گرمەی تۆپەکانی لەشکر

پەشێوییەکی زۆری خستبووە نێو خەڵکەکەوە. ئەو کاتەی گەیشتینە سەنگان, سوارەکانی مەنگوڕ و مامەش لە داوێنی شاخەکەی بەرامبەرماندا سەرەوژێر دەبوونەوە و چنگ لەسەرشان بەرەو چۆمی گادەر دەئاژووان. هەر لەگەڵ یەکەم گلۆڵەی تۆپەکانی ئێمەدا, تۆپەکانی لەشکر دەمکووت بوون. لەوە دەچوو سەربازەکان ترسابێتن و ئەوە بووبێتە هۆی خامۆشبوونی تۆپەکانیان. پاشان نۆرەی سوارەکان هات. ئەوان هێشتا لە داوێنی شاخەکەدا بوون و پەرشوبڵاو و دوور بوون. چاوەڕوانم کرد تا لە دەرفەتێکی لەباردا دووەم دەستیان لێبووەشێنم. دەبوو ئەو تێسرەواندنانە بەشێوەیەك بوونایە کە چیتر پێکدادانەکە بەردەوام نەبووایە و سەرنجامیش زیانی زۆرتر رووی نەدایە. مەبەستەکە تەنها ترساندن و راونانی ئەوان بوو.

چۆمی گادەر ئاوی زۆری پێدا دەڕۆیشت. من چاوەڕوانم کرد تا ئەوانەی هێرشیان دەهێنا, لە کەناری چۆمەکەدا گردببنەوە. دەمزانی کە ئەسپەکان لە پەڕینەوەی ئاوەکەدا بەدوا دەکەون و بەدڵەلەرزێ و نادڵنیاییەوە دەکەونە نێو ئاوەکەوە, لە ئەنجامدا سوارەکان گرمۆڵە دەبن و بەسەریەکدا دەکەون. هەر ئەوەش روویدا. کاتێ سوارەکان لەکەناری چۆمەکەدا گرد بوونەوە, گوللەتۆپێکی گڕدارم بەسەریاندا هاویشت- گوللەتۆپە گڕدارەکە لە ئاسماندا دەتەقییەوە- نەشمدەویست کەس بە کووشتن بچێ. تەقاندنی ئەو

گولله تۆپه و گرمه هەورەبرووسکە ئاسایانەکەی بووه هۆی ئەوەی کە هیچ کەسێکی مامەش و مەنگوڕ لەوناوەدا نەمێنن. هەر هەموویان بە سەرلێشێواوی ئەسپەکانیان باپێدایەوە و بۆ هەڵاتن و کونەمشکیان لێبوو بە قەیسەری. ئیدی لە هۆزی مامەش و مەنگوڕ نە ئەودەمە و نە لە هیچ شەڕێکی دیکەدا کەسیان لێنەبینرایەوە. بەو چەشنە شەڕی ئەو ناوچەیە هەر لە سەرەتاوە ئاوکرا بە ئاگرەکەیدا. کاژێری 9 ی بەیانی هەموو شتێ کۆتایی پێهات.

دەستپێکردنی شەڕ ورەی بەبەردا هێنایەنەوە, چونکە لەو چەند مانگە بەتاڵی و بێکارییەدا رووت و لاواز بوو بووین. وامان تێخوێندبۆوە کە لە شەڕکردندا چارەنووسمان یەکالا دەبێتەوە, یان دەکوژرێین و یان رزگارمان دەبێت, وەیان... بە کورتییەکەی هەرچی زووتر باشتر!.

پاش ئەو یەکەم تێشکانەیان, هێزەکانی لەشکر لە گوندێکدا بەناوی (نەڵۆس)ەوە جێگیر بوون. ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە کە هێرشێکیان لەوێ بکەینە سەر. دەستەیەك لە بیست کەسی بارزانی لەوناوە بەرامبەر بە لەشکر دەجەنگان. من بەشەو تۆپەکانم گواستنەوە بۆ شوێنێ کە بەسەر نەڵۆسدا دەیڕوانی. ئەو شوێنە دێیەکی پچووك بوو بەناوی (گندۆڵە) وە. لەوێڕا چاوەڕوانی هەلێکم دەکرد.

ئەو بەتالیۆنەی کە سەنگانی دابووە بەر گوللە تۆپان، نیازیان وابوو لە پشتەوەی سوارە خۆماڵییەکانەوە بۆ پێشەوە بڕۆن. بەڵام دوای پەرشوبڵاوبوونەوەی سوارەکانی مامەش و مەنگوڕ، ئەوانیش بە سەرلێشێواوییەوە نەڵۆسیان بەجێهێشت و لە گردێکی ئەودیوی نەڵۆس کە بەسەر شنۆدا دەیڕوانی، خۆیان دامەزراند. بەڵام بەهۆی ئەوەوە خۆیان لە سەرچاوەی ئاو و خواردەمەنی کە هەر لە گوندەکەدا بەدەست دەکەوت، بێبەری کرد. سەرگورد کەلاشیی فەرماندەی بەتالیۆنی ناوبراو، لەسەر گردەکە چوارگۆشەیەکی دەستنیشان کردبوو و سەربازەکانیشی ناچار کردبوو کە لەو پانتاییەدا سەنگەر لێبدەن و دابمەزرێن. تۆپەکانیشیان لە ناوەڕاستی چوارگۆشەکەدا دابەستبوو. بۆ بەیانیی ئەو ڕۆژە، ڕۆژەکەی بوو بووە خۆرەتاو. زەویش تا ئەندازەیەك وشك بووبۆوە. بەڵام ئەو خۆڵەی کە بەهۆی سەنگەر لێدانەوە بەرز بووبۆوە، هێشتا هەر تەڕ بوو و لە دوورەوە ڕەشی دەنواند. بەو جۆرە بووبووە نیشانەیەکی ئاشکرا و بەرچاو کە لە دوورایی ئەو 9 کیلۆمەترەوە — شوێنگەی تۆپەکانی ئێمە— بەچاکی دەبینرا. ئەو بەتالیۆنە نێزیکەی سێسەد سەرباز و ژمارەیەکی زۆریش ئەسپ و هێستر، دوو تۆپ، چوار ڕەشاشی گەورە، شەش هاوەن و هەندێ باروکۆچیشیان هەبوو کە هەموویان لەسەر گردەکە و لەنێو هەمان چوارگۆشەدا جێکردبۆوە. پاشان کە ئێمە ئەو بەتالیۆنەمان دەستگیر کرد و

ئەرشیفەکانیانمان کەوتە دەست, سەرلێشێواوی و ترسولەرز لە هەر یەکێ لە راپۆرتەکانیاندا بەرچاو دەکەوت. لە راستیدا ئەوان بە بەجێهێشتنی نەلۆس, خۆیان لە کۆمەکی ناوچەکە و بەتایبەتی لە ئاو بێبەری کردبوو. بیستوچوار کاژێر بوو ئاویان لێبڕابوو. ئەگەرچیش چۆمی (گادەر) لە ژێریانەوە هاژەی دەهات, بەڵام نەیاندەوێرا لە کەناری چۆمەکە نێزیك ببنەوە. هەر کە ئەوان نەلۆس بەجێدەهێڵن, ئەو بیست کەسە بارزانییە بەبێ تەقە نەلۆس دەگرنەوە و لەسەر بەرزاییەکی ئەو ناوە خۆیان بەبەربڵاوی دادەمەزرێنن و هەر ناوبەناوێکیش لە سووچێکەوە نیشانێ لە بەتالیۆنەکە دەگرنەوە. بەتالیۆنەکە سەریان لێتێکچووبوو و وا هەستیان کردبوو کە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراون. تەنانەت ورەی ئەوەشیان نەبوو بوو کە لە پشتی بەرەکەوە پێوەندی بە صۆفیانەوە بکەن کە مەڵبەندی بنکە و هێزەکانی لەشکر بوو. ئەمە لە کاتێکدا کە رێگاکانی پشتەوەیان بەتەواوی ئازاد بوون و هەتا رێگای ئۆتۆمۆبێلیشیان تێدا بوو. هەر چۆن بێ, گردبوونەوەی بەتالیۆنەکە لەسەر ئەو گردە سەرنجی ئێمەی بەلای خۆیدا راکێشابوو. بە هۆشیارییەوە و بەتێخوێندنەوەی دوورایی تۆپەکانەوە, بۆ ئەوەی زۆرتر دەسەڵاتمان بەسەریاندا بشکێ, بڕیارماندا کە خۆمان بگەیننە نێزیکترین شوێنی لەبار. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە دەبووایە لە رێگای دەشت و دەری ژێر

دەسەڵاتی ئەوانەوە تۆپەکانمان ببردنایەتە پێشەوە. ئەو کارەمان بەسوود وەرگرتن لە پەرشوبڵاوبوونەوەی خۆمان و سەرلێتێکچوونی بەتالیۆنەکەوە سەری گرت. تۆپەکانمان لە جێگەیەکی زۆر نزیکی ئەوانەوە دابەست. دووەم گوللە تۆپمان دروست کەوتە نێو تۆپەکانی ئەوانەوە, واتە ناوەڕاستی چوارگۆشەکەوە. هەر بەو گوللە تۆپە بەتالیۆنەکە پەرتوبڵاو بۆوە و هەر یەکە بەلایەکدا بۆی هەڵدەهاتن. بە دووربین تەماشام دەکرن کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و گوێدرێژەکان تێکەڵ بووبوون و هەر یەکەی بەلایەکدا فڕکەیان دەکرد. بەڵام من بۆ بەرگرتن لە هەڵاتنی ئەوان, بەردەوام تۆپم دەنا بە ئەم لاو ئەولایانەوە و ناچارم دەکردن کە دووبارە بۆ نێو چوارگۆشەکە بگەڕێنەوە. پاشان یەکێ لە هاوڕێکانمان, مەحمود تەوەکلی لەگەڵ دەکەسی بارزانیدا خۆی گەیاندە سەر گردەکە و تەواوی بەتالیۆنەکە بەبێ ئەوەی کەسیان توانیبێتیان دەرچن, دەستگیرکران و بەشێوەیەکی دەستووری سەربازی بەرەو شنۆ کێشکران.

بەتالیۆنەکە زیانیان زۆر لێنەکەوتبوو, چونکە ئێمە خۆمان کارێکمان کردبوو کە هەتا بکرێ کەس بە کوشت نەچێ. بەڵام هەر بە یەکەم گوللە تۆپ, سەرگورد کەلاشی بەسەختی بریندار بوو بوو و خۆی خۆی کوشتبوو, پاشان لەکاتی دادگاییدا یەکێ لە تۆمەتەکانی کە دەدرانە پاڵ من, کوشتنی خوالێخۆشبوو کەلاشی

بوو. هەرچەندە لە نەبەردی شەڕدا کەس بە کەس نییە و تاوانبار و بێتاوان دەستنیشان ناکرێ.

لەو شەڕەدا سەرباری چەك و تەقەمەنیی بەتالیۆنەکە، حەوت ئەفسەر و هەژدە ملازم و دەوروبەری سێسەد سەربازیش بەدیل گیران.

دوابەدوای ئەو تۆپهاوێژییە من زۆر ناوبانگم پەیدا کرد. ئەگەر بهاتبایە و ئەو شەڕوشۆڕانە چەند ساڵێ درێژەی بکێشایە، دوور نەبوو کە منیش لەنێو کوردەکاندا ببوومایە بە سەرۆکێکی هۆزەکە. بارزانییەکان دەیان وت: (شێخی بارزان سوڵتان تەفرەشیانی بۆ ناردووین، ئەمە موجیزەی شێخی بارزانە کە بە گوللە تۆپێك، تۆپەکانی دوژمنی تێکشکاند و لەکاری خستن). لەو سەروبەندەدا ئەو هەست و تێڕوانینەیان لاپەیدا بوو بوو کە لە هەر شوێنێکدا بکەونە تەنگانەوە، من دەتوانم فریایان بکەوم. ئەوان هیچ زانیارییەکیان دەربارەی هێز و توانای تۆپ نەبوو. خۆش ئەوە بوو وردە وردە وای لێهاتبوو کە بەناوی منەوە چارەسەری ئەو تەنگوچەڵەمانە بکرێت کە دەهاتنە پێش. بۆ نموونە هەرکاتێ برسییان ببوایە خۆیان دەکرد بە ئاواییەکدا و هەر شتێکیان پێویست بووایە بەناوی (زابتی تۆپ)، (ئەفسەری تۆپ)ەوە وەریان دەگرت. (زابتی تۆپ)، داوای نانی کردووە، هێلکەی دەوێ یان مریشکی دەوێ... بەکورتییەکەی (زابتی تۆپ) بوو بووە نیشانەی

هێز و دەسەڵات. لەوکاتە بەدواوە بارزانییەکان بەڕێزگرتنێکی دڵسۆزانە و فرە زۆرەوە هەڵسوکەوتیان لەتەك مندا دەکرد و باشترین خۆراك یان شوێنی خەوتنیان پێشکەش دەکردم. بۆ هەر شوێنێکیش بچوومایە خۆبەخۆ دە پانزە کەسی بارزانی دەوریان دەدام و پارێزگارییان لێدەکردم.

ئەو سەرکەوتنانە لەهەمان کاتدا بارزانییەکانی هێنابووە جۆشوخرۆش و هەمیشە بۆ گرتنەوەی گوندێك یان ناوچە و بنکەیەك منیان بۆ نەبەردە جۆربەجۆرەکان بەکێش دەکرد. ئەگەرچی گرتنەوە و پارێزگاریکردنی ئەو ناوچانە بەگشتی بێ سوود و هەر دەردەسەری بوو، بەڵام رازیکردنی ئەوانیش هەر کارێکی سەخت و گران بوو. من هەوڵم لەگەڵ دەدان، بەتایبەتی شێخەکانی هۆز تێبگەیەنم کە ئێمە تەنها دەبێ بەرگری لە خۆمان بکەین، خۆمان لە رووبەڕووبوونەوەی بێهوودە و پەرشوبڵاوبوونەوەمان بپارێزین. ئێمە دەبێ هەتا بۆمان دەگونجێ و دەکرێ بەرگری لە خۆمان بکەین و وردە وردە بەرەو ئێراق پاشەکشە بکەین. مەبەستی ئەوان گەڕانەوەی ئێراق بوو.

جارێکیان هەوڵێکی بێهودەیان دا بۆ گرتنەوەی گوندی صۆفیان، مەڵبەندی بنکەی هێزەکانی لەشکر، کە بێگومان بێ ئەنجام دەرچوو. بەڵام قازانجێکی بە من گەیاند. تا ئەو رۆژە هیچ گوللە تۆپێك بەسەر سەرمدا نەهاوێژرابوو، بێ زیادەڕەوی بەوە ترسم لێنیشت. بەڵام

لەوە بەدواوە ترسەکەم رەوییەوە. من لەو شەڕەدا سەنگەرێکی چاك و پتەوم هەبوو کە بە تۆپهاویشتن پشتیوانیم لە هێرشەکە دەکرد. بەڵام شوێنەکەمان پێزانرا و تۆپەکانی دوژمن بە بەردەوامی دەستیان پێکرد. گرمەی تۆپ دەنگێکی تیژ و ترسناکە کە مرۆڤ وا لێدەکات هەر خەیاڵی لای ئەوە بێ کە هەر ئێستا گوللە تۆپێ بەر سەری دەکەوێ, بەشێوەیەکیش کە پاشان پێبزانرێ پەڕیوەتە دووسەد مەتر ئەولاوەترەوە. بەهۆی ئەمەوە لەسەرەتادا زۆر ترسام, بەڵام دوای هاوێژرانی چەند تۆپێکی دیکە بەچەشنێ لە گرمە و مەترسییەکەی راهاتم کە بەبێ ترس لە سەنگەرەکە هاتمە دەرەوە و تۆپەکان و جەنگاوەرەکانی خۆمانم گەیاندە شوێنێکی ئاساییش. دروست 21ی مارت, رۆژی جەژنی نەورۆزی 1947 لەو سەنگەرەدا بووم و بە گڕی ئاگری تۆپەکان یادی نەورۆزم کردەوە.

هەرچۆن بوو لەبەرئەوەی پارێزگاریکردنی ناوچەکەم بەکارێکی نالۆژیکانە دەهاتە بەرچاو, تۆپەکانم بەرەو شنۆ خستنە رێ و ئەو پێشنیارەشم ئاڕاستەی شێخ سلێمان کرد کە هەر لە بنەڕەتەوە ناوچەکە بەجێبهێڵین. چونکە پێمان نابووە مانگی مارتەوە و بەفر روو لە توانەوە بوو و هەرچی زۆرتر لە ناوچەکەدا بمایناینەتەوە زیانی زیاترمان لێدەکەوت. ئەو پێشنیازەکەمی پەسەند کرد, بەڵام نەیدەوێرا بە شێخ ئەحمەد بڵێ. داوای لێکردم کە بەرەو (گێلاس),

ئەو ناچە سەختەی کە شوێنی نیشتەجێبوونی شێخ ئەحمەد بوو, بڕۆین و بۆ بەئەنجامدانی ئەو کارە رازیی بکەین.

پاشان دەمویست دەربارەی دیلەکان باسوخواسێ بێنمە ئاراوە. هەر وەکو پێشتر وتم, مەحمود تەوەکلی دیلەکانی بردبوون بۆ شنۆ و لەوێ لە مزگەوتێکدا جێگای کردبوونەوە. بۆ بەیانیی ئەو رۆژە من بۆ دیدەنی کردنیان چووم بۆ شنۆ. ئەفسەرە بەدیلگیراوەکان جلی سەربازیان لەبەرخۆ کردبوو بۆ ئەوەی کە نەناسرێنەوە. لەناو سەربازەکاندا دەموچاوێکی ئاشنام کەوتە بەرچاو. ئەفسەرێکی یەك ئەستێرەدار بوو بەناوی کمالی-یەوە کە لە فێرگەی ئەفسەرییەوە دەمناسی. لە ساڵی یەکەمدا پێکەوە بووین. کاتێك بەناوی خۆیەوە بانگم لێکرد, یەکەم جار داچڵەکی و پاشان هاتە پێشەوە و بەرێزەوە ئەملاولای ماچ کردم. من رەخنەی ئەوەم لێگرت کە لەبەرچی جلوبەرگی سەربازی پۆشیوە, وتی لەترسی کوردەکان. من دڵنەوایی و دڵنیام کرد کە کوردەکان دەست لە دیلەوە نادەن. بەشوێن ئەفسەرەکانی دیکەدا گەڕام, ئەوانیش هەر خۆیان ئاشکرا کرد. ئەفسەرێکیان لەنێودا بوو کە بەم شێوەیە خۆی پێناساندین: (غلامت خدا دوست). من پێکەنین گرتمی. پرسیارم لە پلەوپایەکەی کرد و وتی: (قوربان هیچ پلەوپایەشم نییە. لە لەشکردا پێیان دەووتم سەروان, بەڵام من پزیشکم. دۆست و دوژمن لای من هیچ جیاوازییەکیان نییە, غلامت هەر تەنها پزیشکە).

پێمووت: (تووخوا هێنده غولام غولام و قوربانمان لێمەگرەوە, کارێکه و روویداوه و بەم زووانه بۆ ناو ماڵومناڵ و بۆسەر ژیان و گوزەرانی خۆتان دەگەڕێنەوە).

کمالیش وتی: (خۆت دەیزانی هەموو ئەمانه لەپێناوی نان پەیداکردندایه. ئێمەش بۆ ئەوەی که ئیشێکمان دەست بکەوێ, چووین بووین به ئەفسەر که نانێکی لێبخۆین. بەم زستانه له خوام دەویست که له تەنیشت خێزانەکەمەوه لەبەر زۆپادا بوومایه. چیمان داوه له شەڕکردن). پاشان راز و گلەیی خۆیان لەمەڕ جێگه و خواردەمەنییانەوه دەربڕی و منیش ئاگادارم کردن که بارزانییەکان خۆیشیان وەکو پێویست خواردەمەنییان نییه. من خۆم شەوانه به کەمێ نان یان ساوەرەوه دەیگوزەرێنم و هەندێ جار ئەوەشم دەست ناکەوێ. هەر ئەو شەوه ئەفسەرەکانم جیاکردەوه و بردمنه لای خۆمان. بۆ بەیانییەکەی مشتومڕی ئەوەم لەگەڵ شێخدا کرد که عەریف و سەربازەکان مەرەخەس بکەین. ئەوەم بەبەڵگه بۆ شێخ هێنایەوه که یەکەم, لەشکر ئەوەنده لاواز نییه که له رووی ژمارەوه له تەنگەتاویدا بێ و دیسانەوه له شەڕەکاندا ئەوانەمان بنێرێتەوەسەر. دووەم, ئەوانه بەئەندازەیەك ترساون که چیدی بەکەڵکی شەڕپێکردن نەماون. سەرباری ئەوانەش ئێمه نان و ئاومان نییه تا بەوانی بدەین. له ئەنجامدا شێخ رازی بوو و هەر ئەو رۆژە ئەوانەمان به یەکێ له هاوڕێکانمان, جەواد ئەرتەشیار سپارد که

بیانباته نێزیکی بەرەکە و ئازادیان بکات. بەو شێوەیە تەنها ئەفسەرەکانیان لەتەك ئێمەدا مانەوە و شانبەشانی ئێمە دەیانگوزەراند. بەڵام ئەوان, بەتایبەتی ئەو سەروان خدادوست–ە بەتەواوی ورەیان رووخا بوو. بۆ نموونە ئەو کاتەی شنۆمان چۆڵ دەکرد و پاشەکشەمان دەکرد, ئەو ئەفسەرانەشمان لەگەڵدا بوون, لە رێگا فڕۆکەیەکی جەنگی بەسەرسەرمانەوە پەیدا بوو, ئەو ئاغای سەروانە خدادوست–ە لە من دەپاڕایەوە کە تووخوا بە کوردەکان بڵێ تفەنگەکان لە شانیان بێننە خوارەوە نەکا بریسکەی لوولەکانیان لە فڕۆکەکەوە دیار بێ و بەر دەستڕێژمان بدات. دەیگووت: (ئێوە لە رووی ویژدانەوە پارێزەری گیانی ئێمەن و دەبێ ئاگاتان لێمان بێ, نەوەکوو هەروا بێهوودە تیابچین). خراپ نییە بزانیت کە پاشان لە کاتی دادگاییدا هەر ئەو (غلام)ە تاکە ئەفسەرێك بوو کە شایەتیی دژی ئێمە دا و چەند چیرۆکێکی درۆ و دەلەسەی لە تاوانەکانی ئێمە بۆ ئەندامانی دادگاکە هەڵبەست, لە کاتێکدا کە سەرهەنگ بیگلریی فەرماندەی بەتالیۆنەکە کە ئەوکاتە بوو بووە سەرتیپ, لە دادگا وتی: (من خۆم ئەم برادەرانەم لە ناوچەکەدا نەبینیوە, بەڵام دەنگوباس وا بڵاوبووبوەوە کە لەنێو بارزانییەکاندان و دژی لەشکر دەجەنگێن. هەر چۆن بێ ئەگەر ئەوە راستیش بوو بێ, ئەمانە هێشتا زۆر گەنجن).

بەهەرحاڵ کاتێ گەیشتمە گێلاس, مەلا مستەفا و شێخ تەهای سەرۆکی هۆزی هەرکی لەوێ بوون. لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی شێخ ئەحمەد, ئەوەم بۆ روونکردنەوە کە لەبەرئەوەی ئێمە بەرگری لە ناوچەیەکی دیاریکراو ناکەین و تەنێ بەرگری لە گیانی خۆمان دەکەین, باشترە لە شنۆوە بۆ ناوچەیەکی ئارامتر پاشەکشە بکەین. جگە لەو مەسەلەیەش لەوەش ئاگادارم کردن کە کوڕوکاڵانی هۆزی بارزان ئێستا بەو خۆرتییەی جاری جاران شەڕیان پێناکرێ چونکە هیچ پێویستییەك بۆ شەڕکردن و بەرگریکردن لە ناوچەیەکی دەستنیشانکراو نابینن. ئەوانە بەرگری لە ژن و ماڵومناڵ و کەسوکاری خۆیان دەکەن کە دەتوانن لە هەر ئان و ساتێکدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی ڕەو بکەن.

ئەو بیروڕایانە پەسەند کران و لە روانگەی بۆچوونی مەلا مستەفاوە بڕیاردرا کە تۆپەکان بۆ بەرەی مەرگەوەڕ بگوازینەوە. دوو عەرەبانەی تۆپمان, کە دەستکەوتمان بوو بوون, تێکشکاند و هەموو بارزانییەکان لە شنۆوە پاشەکشەیان کرد, بەیانیی ئەو رۆژە دوای پاشەکشەکەمان, لەشکر شنۆی داگیرکردەوە.

تا ئەو رۆژە بارزانییەکان نەخشە و پلانێکی دیاریکراویان نەبوو. بەڵام لەوەبەدواوە بەرنامەی کار دیاریکرا کە بەشەڕ و هەڵاتن و مسۆگەرکردنی تووله رێگاکانەوە بە هۆزەکەوە بەرەو سنووری ئێراق پاشەکشە بکەنەوە. منیش لە مەرگەوەڕ لەگەڵ جەنگاوەرە

بارزانییەکاندا بەرنامەیەکی شەڕ و هەڵاتنمان لەبەرچاو گرت کە پارێزگاریی هۆزەکە بکەین تاخۆی دەگەیەنێتە سەر سنوور. بەم شێوەیە نیازی ڕووبەڕووبوونەوە بەگشتی فەرامۆش کرا و شەڕەکە شێوەی کات بردنەوەی بەخۆیەوە گرتبوو.

ئەو پەلامار و هەڵاتنانە لە زۆر ڕووی جۆراوجۆرەوە کەڵکیان هەبوو.

شەوێ لە (مەرگەوەڕ) لەسەر شاخی (شێرەکان) کە جێگەی نیشتەجێبوونی مەلا مستەفا بوو, دوای ئاگاداربوون لە نەخشە و پلانی بارزانییەکان, لەگەڵ مەلادا دانیشتبووین و بەرنامەی چالاکییەکانی بەیانیمان شەنوکەو دەکرد, گفتوگۆکانمان هەتا کازێری چواری شەو بەردەوام بوون. بەرەبەیان ڕەشاییەك لە دوورەوە دەرکەوت کە پاشان زانیمان یەکێ لە پیاوەکانی هۆزی هەرکی بوو. ئەو پیاوە هەواڵێکی هێنا و وتی ئێمە سەد سوار دەبین و وا بڕیارە کە بەیانی زوو شانبەشانی لەشکر هێرش بهێنینە سەرتان, بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی نامانەوێ ڕووبەڕووی برایانی کوردی خۆمان بوەستینەوە, ئێوە دەوروبەری نیو کازێرێکی دی چەند نارنجۆکێ لە دەربوونەیەکی ئەم نێزیکانەدا کە شوێنی ڕێگاوبانی ئێمەیە, بهاوێژن, ئێمە هەڵدێین و ئێوەش لەگەڵ لەشکردا چی دەکەن ئەوە خۆتان دەیزانن.

ئەوە دووەمین جار بوو کە من بەچاوی خۆم لەو جۆرە شانۆگەرییانەم دەبینی. جارێکی تریش لە ناوچەی شنۆ من لە (قەلاتان), لای محەمەد ئاغای مەرگەوەڕی – یەکێ لە شێخەکانی بارزانی – بووم, سوارێ هات و لەتەك محەمەد ئاغادا دانیشتنێکی کرد و گەڕایەوە. محەمەد ئاغا پێی وتم ئەو سوارە لە فلانە هۆزە و دەڵێ ئێمە سێسەد کەسین و لە فلانە جێگەداین و داوامان لێدەکات کە دوو گوللە تۆپ بگرینە ئەو جێگەیە تا ئەوان هەڵبێن. ئەوەش بەو شێوەیە روویدا.

ئەگەر ئەو رەفتارانەی کوردەکان لەگەڵ سەرجەمی هەموو ئەو شتانەی پێشتر باسکران گردکەینەوە, دەتوانین خواستی کوردەکان و ئەندازەی هاریکاری کردنیان لەتەك لەشکردا تێبگەین. من دەتوانم بڵێم لە گشت بەرە و نەبەردەکانی ئەو رۆژانەدا بەشدار بووم, جگە لە ناو ئەو یەکەم پەلامارەی هۆزی مامەش و مەنگوڕ بۆ سەنگان نەبێ, ئیدی هیچ کاتێ کوردەکانم بەشێوەی راستینە شانبەشانی لەشکر نەبینیوە. هەڵبەتە پاش سەرکەوتنی لەشکر, بیستم کە زۆر لە سەرۆك هۆزەکان وەکوو قارەمانی جەنگ بەشانوباڵی خۆیاندا هەڵداوە و تەنانەت دوا جاریش زۆر هەڵپەیان بۆ سەلماندنی دۆستایەتی کردنی دەوڵەت کردبوو. بەڵام لەکاتی شەڕدا چ نەبێ ئاپۆرەی جەماوەری کورد ئامادە نەبوون لەگەڵ برا کوردەکانی خۆیاندا بجەنگێن.

بەکورتییەکەی بەیانیی ئەو شەوە لەشکر زۆر بەڕێکوپێکی هێرشی هێنا. دوای هێرشەکە بەپێی هەمان بڕیاری شەوانە, بەهاویشتنی چەند نارنجۆکێ سوارەکانی هەرکی بەرەکەیان بەجێهێشت. بەڵام ئەوە بۆ یەکەمجار بوو لەشکر ببینم کە زۆر بەڕێکوپێکی دەست بەهێرشهێنان بکات. لەسەرەتادا فڕۆکەکان سەنگەرەکانی ئێمەیان بۆمباران کرد. پاشان تۆپەکانیان بەرەکەمانیان داگرتەوە. دوابەدوای ئەوانە تانکەکان دەستیان پێکرد. بەدوای ئەواندا پیادە کەوتنە رێ. فڕۆکەکان لە بەرزاییەکی کەمەوە پارێزگارییان لێدەکردن. بەڵام شوێنەکانی ئێمە زۆر قایم بوون و بەتەواوی دەستمان بەسەر بەرەکەدا دەڕۆیشت. بارزانییەکان لەو شەڕەدا بەهەموو سی چل کەس دەبوون. بەپێی بڕیاری ئەو شەوە, تەنانەت بەر لە هێرشی لەشکر دەبووایە ئەوێمان چۆڵ بکردایە. بەڵێنگەکەمان, کوردەکان وتەنی (شاخ)ەکەی پێشوو بوو. تا بیستوچوار کاژێری دیکە لەشکر وەپاش بخەین بۆ ئەوەی هۆزەکە بتوانێ خۆی گرد بکاتەوە و پاشەکشە بکات. شەوی دوایی کە من خۆم گەیاندە شاخەکەی پێشەوە, بینیم لە جێگەکەی بەر لە ئێستاماندا نێزیکەی سەد بڵێسەی ئاگر بەرز بوونەتەوە. خەیاڵم بۆ ئەوە چوو کە بەپێچەوانەی بەڵێنەکەی پێشوومان, بارزانییەکان هێشتا ئەوێیان چۆڵ نەکردووە. بەڵام کاتێ مەلا مستەفام بینی و مەسەلەکەم لێپرسی, وتی ئێمە ئەوێمان چۆڵ کردبوو و ئەو بڵێسە

ئاگرانە بۆ سەرلێشێواندن بوون. هێزەکانی لەشکر بەوە واهەست دەکەن کە لە دەوری هەر بڵێسە ئاگرێکدا بەلایەنی کەمەوە دە کەسێ گرد بوونەتەوە و بەو شێوەیە پێیان وا دەبێ کە ئێمە لەوێدا هەزار کەسێ دەبین. پاشان کە بەیانییەکەی ئەوێ دەگرن بەسەرسوڕمانییەکی زۆرەوە تێدەگەن کە تەنێ هەر لەگەڵ سێبەرەکانماندا شەڕیان کردووە.

ئەو تاکتیکانە, واتە دەستوەشاندن و هەڵاتن, ئاگر کردنەوە و پاشەکشە, هەر بەهەمان شێوە بەردەوام بوون تا تەواوی هۆزەکە بە خاووخێزانەوە مەرگەوەڕیشیان بەجێهێشت.

چوار رۆژ بوو کە لە مەرگەوەڕ بووم. شەوێ مەلا مستەفا بردمی بۆ کۆبوونەوەیەك کە لێپرسراوانی هەموو هێزەکان و لەناویاندا شێخ محمەد سەدیقیشی تێیدا بەشدار بوون. دوای ئاڵوگۆرکردنی بیرورِا و لێکۆڵینەوەی بارودۆخی نەبەردی شەڕ و هەموو هۆزەکە, بڕیار درا: هەتا بکرێ خۆمان لە رووبەڕووبوونەوە بپارێزین و فیشەك کەم سەرف بکەین و زۆرترین خواردەمەنی بهێڵینەوە و پاشەکشە بەرەو قاراوا بکەینەوە. مەلا مستەفا سەرپەرشتیی هۆزەکەی دەکرد. ئێمەش خۆمان دابووە دەست ئەو.

شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر کە من لەو پاشەکشەیەدا بەچاوی خۆم بینیم, ئەندازەی خۆراگریی بارزانییەکان بوو بەرامبەر تەنگانە و ناخۆشی. شەڕەکە لە 15ی مارتی 1946دا دەستیپێکردبوو و

ئەوکاتە 9ی مارتیساڵی داهاتوو بوو. ئێمە شانبەشانی سنوورەکانی ئێراق بەسەر زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا سەردەکەوتین. هەتا زۆرتر بەرەو سەرەوە دەچووین, ئەستووریی بەفریش زۆرتر دەبوو و لە هەندێ شوێندا دەگەیشتە مەترێك. لەو شوێنانەدا بەفرەکە هەمووی بەستبووی. سەرما بە ئەندازەیەك بوو کە ژمارەیەك لە هێسترەکانمان نەگەیشتنە بەیانی و لەسەرمادا رەقبوونەوە. بەڵام ئەو بارودۆخە بۆ بارزانییەکان شتێکی ئاسایی بوو. ژن و ماڵومناڵەکانیان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر دەگواستەوە. چادریان هەڵدەدا و نانیان دروست دەکرد و پاش چەند کاژێرێ پشوودان, دووبارە دەکەوتنەوە رێ. خۆڕاگرتن لەو بارودۆخەدا لە سنووری توانای ئێمەدا نەبوو.

لەڕاستیدا ئەفسەر بەدیلگیراوەکان بووبوونە بار بەسەرمانەوە. لەگەڵ مەلا مستەفادا کەوتینە گفتوگۆکردنەوە و رازیمانکرد کە ئەو ئەفسەرە دیلانە مەرەخەس بکەین. ئێمە خواردەمەنیمان بۆ خۆیشمان نەبوو, بەڵام لەڕووی ویژدانەوە ناچار بووین لە خۆمان چاکتر پارێزگاری لەوان بکەین. پاشان لەگەڵ شێخ ئەحمەدیشدا گفتوگۆمان کرد. بەرێکەوت لەو کاتەدا سەییدێکی خەڵکی زێوەی مەڵبەندی مەرگەوەڕ لەلایەن لەشکرەوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ شێخ ئەحمەد دا هاتبووە لامان. بڕیارماندا ئەفسەرە دیلەکان بەو سەییدە بسپێرین تا لەگەڵ خۆیدا بیانباتەوە.

لەو ڕۆژەدا چیدی لەشکر دەستی نەدەگەیشتە بارزانییەکان. بەڵام فڕۆکەکانیان ناخۆشیان کردبوو. بەفریش هەموو ناوچەکەی داپۆشیبوو. تەنها پاشماوەی پیادەڕێی هۆزەکە لەسەر رووی بەفرەکە رەش دەچۆوە. ئەو هێڵە رەشە باشترین رێنماییکەری فڕۆکەکان بوو. فڕۆکەکان بەهۆی ئەو هێڵە رەشەوە دەهاتنە سەر شوێنی گردبوونەوەی هۆزەکە کە یان لەباری پشوودانداا بوو یان بەڕێوە بوو، هەتا بۆیان دەکرا گووللەبارانیان دەکرد. بەو شێوەیە ترسێکی زۆرمان لێنیشتبوو. تفەنگچییەکان و سەرپەرشتکارانی کاروانەکە لە شوێنی ئاسایشدا سەنگەریان لێدابوو کە هیچ زیانیان لێنەدەکەوت. ژن و ماڵومناڵ و گا و مەڕوماڵاتەکە بەسەختی بەرکەوتبوون.

بارزانییەکان ئیتر گوللەبارانی فڕۆکەکانیان نەدەکر، ئەوان لەڕووی ئەزموونەوە تێگەیشتبوون کە گوللەباران کردنی فڕۆکەکان، ئەویش بە تفەنگ، جگە لە فیشەك بەفیڕۆدان نەبێ، هیچ ئەنجامێکی دیکەی نابێ. بەهۆی ئەوەوە فڕۆکەکان ئاسمانیان لێ تەنی بووین و بەبێ ترس لە بەرزاییەکی زۆر کەمەوە دوژمنکارانە فڕکان فڕکانیان دەکرد. بەئەندازەیەك کە فڕۆکەوانەکان بەتەواوی دەبینران. بەکورتییەکەی پاش چەند کوشتارێ، رۆژێ شێخ ئەحمەد فەرمانی دەرکرد کە لەکاتی پەیدابوونی فڕۆکەکاندا، هەموو تفەنگچییەکان پێکڕا گوللەبارانیان بکەن. بەڕێکەوت لەیەکەم فڕکەدا یەکێ لە

فڕۆکەکان پێکرا و وردە وردە کە لێمان دوور دەکەوتەوە، دەنەوییەوە و لەکاتی شڵەژاوی ئێمە و شادیی بێئەندازەی بارزانییەکان، لە ناوەڕاستی دەشتی مەرگەوەردا کەوتە خوارەوە و گڕوکڵپەی لێ بەرز بۆوە.

دووان لە سەرنشینانی فڕۆکەکە لەنێو ئەو ئاگر و کڵپەیەدا کە خۆیان هەڵیان گیرساندبوو، بوو بوونە کەباب، لەوە بەدواوە ئیتر فڕۆکەکان لە بەرزاییەکی فرە زۆرەوە فڕکەیان دەکر و زنجیرە دەستڕێژێکی زۆریان بێهوودە دەباراندە خوارەوە و بۆمبا و تەقەمەنییەکانیان تەواو دەکرد و دەگەڕانەوە.

ئەو ڕۆژەی کە بڕیار درا ئەفسەرە دیلەکان ئازاد بکرێن، شێخ ئەحمەد یەکێکیانی وەکو بارمتە گلدایەوە. ئەو ئەفسەرە ئەستێرەدارە، جیهانبانیی کوڕی سەرلەشکر ئەمانوڵڵا جیهانبانی بوو. بەهۆی بەناوبانگیی بنەماڵەکەیانەوە، شێخ پێی وابوو کە بۆ کاتی پێویست دەتوانرێ کەڵکی لێوەربگیرێ و فەرماندەی ئەو هێزە ڕەوانەکراوانەی پێ ناچار و پابەند بکات. شێخ نامەیەکی بۆ فەرماندەی هێزە ڕەوانەکراوەکان نارد و هەڕەشەی لێکرد کە ئەگەر بێت و فڕۆکەکان هەر ئاوا بەردەوام ژن و ماڵومناڵانمان بۆمباران بکەن، ئێمەش ئەو بارمتەیە دەکوژین. ئەمجارەیان بەڵگە هێنانەوەکانی من بێ ئەنجام بوو. من دەمگووت ئەگەر بەرژەوەندییان ئەوە بخوازێ، گیانی ئەو ئەفسەرەیان بەلاوە گرنگ

نابیٚ. بەڵام هەروەك ئەوەی كە گرنگییان بەمەسەلەكە دابیٚ, یان هەر لە راستیدا لەترسی فیشەك پیٚوەنان, ئیدی فرۆكەكان دەستیان لە بۆمبارانكردن و دەستڕیٚژكردنی دڕندانەیان هەڵگرت و بەئاسایی بۆ دووكەوتن و گەڕان لە بەرزاییەكی زۆرەوە فڕكەیان دەكرد.

ئیٚمەشیان لەو بۆمبارانكردنانە بیٚبەش نەكرد و بەتەقینەوەی یەكیٚ لە بۆمباكان, رانی یەكیٚ لە هاوڕیٚكانمان, عیزەت عەلی ئەصغەر بەركەوت و بریندار بوو و بەتەواوی تەختی زەوی بوو. ئیٚمە دەبووایە بەكۆڵ هەڵمان بگرتایە. لەو بەفر و سەرما و سۆڵە و كویٚستانە سەختەدا, هەڵگرتنی برینداریٚكی كۆڵەوار, بەڕاستی دەردەسەری بوو. برینەكەشی بەئەندازەیەك سەخت بوو كەبە هیچ شیٚوەیەك نەمان دەتوانی لەكۆڵی بكەین. لەسەرەتادا سواری بارگیریٚكمان كرد, خۆی پیٚ رانەدەگیرا دەمان كردە كۆڵ, هاوار و ناڵەی دەگەییشتە ئاسمان. لە دواجاردا بە دوو تفەنگ و پەتوویەك شیٚوە تابووتیٚكمان بۆ دروستكرد. هەرچەند هەر خۆی بۆڕانەدەگیرا. بەڵام چارەی دیكە نەبوو. بەكورتییەكەی لەنیٚزیكی سنوور, بۆ چارەسەركردنی چووینە لای مەلا مستەفا. ئەویش كەسیٚكی پیٚناساندین كە وا دیار بوو برینپیٚچی هۆزەكە بوو. لە دەستاویٚژی برینپیٚچیدا تەنها شرینقەیەكی پیٚبوو. ئەو برا برینپیٚچە وای رادەگەیاند كە ئەگەر برینداركە بتوانیٚ بە ئازارەكەیەوە خۆی رابگریٚ, لە چاوترووكاندنیٚكدا پارچە ئاسنەكەی لیٚ دەردەكیٚشیٚ.

چارەش نەبوو. دەست و پێی هاوڕێکەمانمان توند گرت و دەمیمان بەئاوالآیی هێشتەوە. ئاغای دوکتۆر شرینقەکەی لەنێو کیسە تووتنەکەیدا, دەرهێنا و بەتف تەڕی کرد و کردی بەجێگای برینەکەدا. پاش ماوەیەك هێنان و بردن, باش بوو هاوڕێکەمانی لە هاوار کردن خست و شرینقەکەی دەرکێشایەوە. بەیانیی ئەو ڕۆژە قاچی بریندارەکە بەئەندازەیەك ئاوسا بوو کە ئێمە تەنها ڕێگای چارەسەریمان بە ڕەوانەکردنی دەزانی بۆ ئێراق. ئەومان بە تابووتەکە بەرەو سنوور برد و دامان بەدەستەوە. پاشان لە زیندانی ئەبوغرێبی بەغدا یەکدیمان بینییەوە.

لەو کاروانەدا کە پاشەکشەی دەکرد, جگە لە بارزانییەکان, کۆمەڵێ خەڵکی تریشمان تێدا بوو. ئەوانە یان کەسانێ بوون کە لە کۆمەڵەی دێموکراتی ئازەربایجاندا ڕاژەگوزار بوون و لە ترسی سزادانی میریی ناوەندی یان لە ترسی تۆڵەسەندنەوەی خەڵکی کەمفرسەت, هەڵاتبوون, یان ئەو کوردانە بوون کە لە ئێران لە خۆیان دەترسان و لە ئێراقیش بەرژەوەندیی مادییان هەبوو.

یەکێ لەوانە شێخ تەهای (هەرکی) بوو کە لەگەڵ هەندێ لە پیاوانی هۆزەکەیدا پاشەکشەی دەکرد و لە ئێراقیش سەروەت و سامانی هەبوو. ئەم شێخ تەهایە وەکو باسیان دەکرد هەمیشە هاوکاریی قازی محەمەدی کردووە و پیاوێکی خراپیش نەبووە. لەنێو کوردەکاندا چەند کەسێکی بەپیشە خراپکاریش هەبوون کە لە

ترساندا رایان کردبوو. یەکێ لەوانە پیاوێك بوو بەناوی (زیرۆبەگ)ەوە. ئەم زیرۆبەگە پیاوی یەکێ لە خانەکانی هەرکی بوو کە لەو سەردەمەدا نوێنەری ئێراق بوو و لە ئێرانیش ملك و ماڵی هەبوو. (زیرۆبەگ) راوێژکاری ئەو (خان)ە بوو. هەفت هەشت کەسێکی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و هۆزێکی تازەی پێکەوە نابوو. ناوی هۆزەکەشی نابوو هۆزی (بەهادەر). خۆیشی بوو بووە سەرۆك هۆز. زیرۆبەگ لەسەردەمی کۆماری میللیی کوردستاندا پلەوپایەی سەرهەنگی بەخۆی دابوو. مەڵبەندەکەیشی (بالانۆچ) بوو. لەوێ باخ و باڵەخانە و دامودەزگایەکی دامەزراندبوو. بالانۆچ لە سەرەرێی ورمێ و مەهاباد دایە. هەر ئۆتۆمبێلێ لەوێوە تێپەڕیایە, دەبووایە باجی تێپەڕبوونی بە زیرۆبەگ بدایە. پەڵپەکەشی ئەوە بوو کە ئێرە سنووری کوردستانە و ئۆتۆمبێلەکان دەبێ باج – بێگومان بەسوودی گیرفانی زیرۆبەگ – بدەن. بەکورتییەکەی ئەو جەنابی (سەرهەنگ)ە, لە شوێنگەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا ملی ملداری دەپەڕاند. جارێکیش کۆمەڵێ خەڵك بە سەرکردەیەتیی ئەو هێرشێکیان بۆسەر ورمێ بردبوو. واش بڵاوبووبۆوە کە پیاوێکی مرۆکوژ و بێبەزەییە. دەیانگووت کە سەرهەنگێکی لە بالانۆچ دەستگیر کردووە و بەشێوەیەکی دڕندانە کوشتوویەتی. ئەوکاتە لە ترسی تۆڵە لێسەندنەوە و سزادانی هەموو ئەو تاوانانەی کە کردبوونی, بەهەڵاتوویی خۆی خزاندبووە نێو

هۆزی بارزانییەوە. جگە لەوانەش ئاشکرا بوو کە بڕێ پارەی زۆر و زێڕ و زیویشی پێبوو. ئەو زیڕۆبەگەمان پاشان لە بەندیخانەی ئەبوغرێبدا بینییەوە. لەوێندەرێ نیشانیدا کە چ پیاوێکی بوودەڵە و ترسنۆکە. لەو بەندیخانەیەدا ماستاوی بۆ هەموو پاسەوان و عەریفێك دەکرد تاکو بەزەییەکیان پێیدا بێتەوە. بۆ نموونە وەختێکی زۆرتر لە ژوورەکەیدا بمێننەوە. ئەو پاش دوو ساڵ، لە سۆنگەی دەستڕۆشتوویی ئەربابەکانییەوە لە ئەنجوومەنی ئێراقدا، لە زیندان ئازادکرا و پاشان لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتیی عەبدولکەریم قاسمدا، ئەوکاتەی مەلا مستەفا گەڕابۆوە بۆ ئێراق، لە راژەگوزاری (خزمەت)ی سوپای ئێراقدا کۆمەڵێ خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و دژ بە مەلا مستەفا کەوتبووە شەڕکردنەوە و کوژرا بوو.

بێگومان بارزانییەکان پێیان خۆش نەبوو لەتەك ئەو جۆرە کەسانەدا هاوکارییان هەبێ، بەڵام نەشیان دەتوانی ئەوانە لە خۆیان دوور بخەنەوە.

هەرچۆن بوو ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە دەوروبەری رۆژانی 10 تا 15ی ئەپریلدا، بە گەردنەی (گادەر)، پۆلیسخانەی سەر سنووری ئێران و ئێراق گەیشتن.

دوای ئەوەی کە هاوڕێ بریندارەکەمان بەرەو سنوور برد و دامان بە دەستەوە، بەشێوەیەکی گردەبڕ رووبەڕووی کێشەیەك بووینەوە

که ئەویش چارەنووسی خۆمان بوو. لە نێزیکی سنووری ئێراق هەستمان کرد کە ئیتر رێگای ئێمە و بارزانییەکان جودایە, شێخ ئەحمەد سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بۆ بارزان بگەڕێتەوە. هۆزەکەش بەگشتی ئارەزوویان هەر هەمان شت بوو.

مەلا مستەفا و هەفت سەد کەس لە تفەنگچییەکانی, بەتایبەتی ژمارەیەك لە سەرکردەکانی هۆزەکە کە سەد کەسێ دەبوون و هەموویان لە ئێراق سزایان لەسەربوو. دەیانویست بە هەر شێوەیەك کە بگونجێ خۆیان بە سۆڤێت– کە تاکە شوێنێکی ئاسایش بوو بۆیان مابۆوە – بگەیەنن.

لەو کاتەدا ئیدی ئێمە ژمارەمان بوو بوو بە هەشت کەس. جگە لە عەلی ئەصغەری برێندار, نیکۆلاش لێمان جیابۆوە و لەگەڵ یەکێ لە دۆستە ئاسوورییەکانیدا رۆیشتبوو. لەبیرم چوو ئەوە باس بکەم کە ژمارەیەکیش لە ئاسوورییەکانی ورمێ لە ناوماندا بوون کە ئەندامی کۆمەڵەی دێموکراتی ورمێ بوون. سەعیدیش, ئەو لاوەی کە پێشتر باسم کرد, لە گەڵماندا بوو. ئەویش ئامادەیی خۆی نیشاندا کە لەگەڵماندا بێت بۆ سۆڤێت. ئێمە یەکەم جار بڕیارمان دابوو کە ئەگەر بگونجێ بۆ سۆڤێت بچین. هەندێ خواردەمەنیشمان پەیدا کردبوو. سەعیدیش رێنماییکەرێکی چاك بوو. ئیدی ئەگەر خۆمان توانای پیادەڕەویمان هەبێ و بەرگەی سەرما و برسێتی بگرین و بتوانین پێبەپێی سەعید لە گەوە شاخەکاندا بەبێ نێزیك بوونەوە لە

شارەکان و ئاواییەکانەوە, خۆمان بگەیەنینە ماکۆ و لە چۆمی ئاراس بپەڕینەوە.

چەند تفەنگێکمان دا بە کوردەکان و لەبری هەر تفەنگێك نێزیکەی مەنێ گەنمان وەرگرت و چەند کیلۆیەکیش خورمامان پەیدا کرد. بۆ بەیانیی ئەو ڕۆژەی کە دەستمان کرد بە پەیداکردنی خواردەمەنی, وتیان یەکێ بەدوای زابتی تۆپدا — ناوم بوو بوو بە زابتی تۆپ — دەگەڕێ. مەلا مستەفا ناردبووی بەشوێنمدا و چووم بۆ نێو چادرەکەی ئەو. بە میهرەبانییەکی زۆرەوە بەخێرهاتنی کردم و فەرمانیدا نان و ماستم بۆ بهێنن. نانی گەرمی تەنوری و ماستی تازەی مەڕ, لێرەدا ڕەنگە بەناچاری پێت سەیر بێ کە من بەم تامەزرۆییەوە یادی ئەو نان و ماستە دەکەمەوە, نان و ماست لەو هەلومەرجەدا خواردەمەنییەك بوو کە بە ئاسانی بەدەست کەس نەدەکەوت. ئەو ڕۆژانە باشترین خۆراکی ئێمە گەنمی ڕووت بوو. تەنێ جارێك نەبێ توانیمان بەرخۆلەیەك بدزین, ئەویش کێردمان پێ نەبوو سەری ببڕین, زەربەخت خەنجەرێکی پێبوو, ئەو گیانەوەرە بێچارەیەی تەخت کرد و بەهەر دەردەسەرییەك بوو کەوڵمان کرد و ورگیمان ڕادا و هەر یەکسەر خستمانە نێو مەنجەڵەوە و...

مەلا مستەفا بەدڵنەواییەکی زۆرەوە وتی: (سوڵتان تەفرەشیان, بۆ کوێ دەتەوێ بڕۆی؟ سەعید هەموو شتێکی پێڕاگەیاندووم. ئێوە لە مەلا مستەفا باشتر کەسێکی ترتان دەست ناکەوێ. لای من

بمێننەوە. ئەگەر لەبرساندا مردین, یەکەم من دەمرم و پاشان ئێوە. ئەگەر بە گوللە کوژراین, یەکەم من دەکوژرێم و پاشان ئێوە. لەکن ئێمە بمێننەوە. سەرمان دەخەینە سەر یەك بەرد و با چارەنووسمان بەیەکەوە بێ. بەیەکەوە دەمرین. زیندوویش ماینەوە, بەیەکەوە بەزیندوویی دەمێنینەوە.).

من لە وەڵامدا وتم, بەپێی بڕیاری خۆتان ئێوە دەتانەوێ بۆ عێراق بگەڕێنەوە. هەربۆیە بەم شێوەیە ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئێوەدا بمێنینەوە, چونکە هەر بە خۆبەدەستدانەوەمان بە ئێراق, دەماندەنەوە بە ئێران و هەر لەسەر هەمان سنوور گوللەباران دەکرێین.

مەلا وتی: (کێ بە ئێوەی وتووە کە مەلا مستەفا خۆی بەدەستی ئێراقەوە دەداتەوە؟ مەلا مستەفا خۆی بەدەستی هیچ کەسێکەوە ناداتەوە. بمێنەرەوە تا بزانین شێخ ئەحمەد چ بڕیارێ دەدات. راستە ئەو دەیەوێ بۆ ئێراق بڕواتەوە, بەڵام ئەگەر من خۆم بەدەستی ئێراق بدەمەوە, هەر دوای 24 کاژێر لە بەغدا لەسێدارە دەدرێم. من چۆن دەتوانم بۆ ئێراق بڕۆمەوە؟ جارێ لای من بمێنەوە و بێخەم بە).

بەکورتییەکەی مەلا مستەفا بڕیارەکەی پێگۆڕین. من وتەکانی ئەوم بە دۆستانی خۆم راگەیاند و بڕیارماندا جارێ بمێنینەوە. مەلا مستەفا ئەرك و فەرمانێکی بەسەر سەعید دا دابوو و رەوانەی

ئێراقی کردبوو. ئێمەش بڕیارماندا کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەعید بکەین.

لەو رۆژەدا سنوورپارێزە ئێراقییەکان هاتوچۆی هۆزەکەیان دەکرد. شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لەتەك واندا خەریکی گفتوگۆکردن بوون. هێزە ئێراقییەکانیش نێزیکی سنوور بووبوونەوە و بۆسەیان نابۆوە. کاربەدەستە ئێراقییەکان کەوتنە پێوەندیکردن بە ئێمەشەوە. لایان وابوو کە ئێمەش لە رێکخستنی هۆزەکە و سەرکەوتنەکانیاندا دەستمان هەبووە و ئەگەر ئێمەیان لەوان جیابکردایەتەوە, مەترسییان لە هۆزی بارزان کەمتر دەبۆوە.

گفتوگۆی ئەوان لەگەڵ ئێمەدا لەسەر ئەو بنچینەیە بوو کە ئێوە دەتوانن لە ئێراق ببنە پەنابەر و ئێمەش بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان لەمەڕ پەنابەرە سیاسییەکانەوە, مامەڵەتان لەتەکدا دەکەین. دەیان گووت دەوڵەتی ئێراق لەم بارەیەوە لەگەڵ ئێراندا وا پەیمانیان بەستووە کە تەنها تاوانبارانی ئاسایی ئاڵوگۆڕ بکەنەوە. هەرچەندە ئێمە بڕیارمان نەدابوو لە ئێراق ببینە پەنابەر, بەڵام وەڵامی نەرێتیشمان نەدانەوە و نەمان هێشت پێوەندییەکەمان بپچڕێت.

لەو رۆژانەدا جارێکیش لەگەڵ شێخ ئەحمەددا دانیشتنمان کرد. ئەو دەیگووت: (من لە هەموو ژیانی خۆمدا پیاوانی پاکسروشت و ئازای وەکو ئێوەم نەبینیوە. ئای کە بە ئاواتەوەم ئەو بارودۆخەی

جارانمان له بارزان هەبووايەتەوە و ئێوەش میوانی ئێمە بوونایە، بەڵام بەداخەوە ئێستا خۆیشمان له هەموو شوێنێ دەستکورتین. ئێستا هیچمان نییه که سوپاسی ئێوەی پێ بکەین. بیستوومە که ئێوە بڕیارتان داوە بۆ سۆڤێت بڕۆن، بەڵام نەتان توانیوە. وا دیارە پێتان خۆشە لەنێو هۆزی بارزاندا بمێننەوە. من بەرژەوەندیی ئێوە لەوەدا دەبینم که خۆتان بەدەستی ئێراقەوە بدەنەوە. ئێران و تورکیا شوێنی ئێوە نییه. تاکە شوێنی ئومێدتان ئێراقە. ئێمەش جگە لە خۆبەدەستەوەدانمان بە ئێراق نەبێ، هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نییه. بڕیارمان داوە هەر هەموومان بۆ ئێراق بڕۆینەوە. تەنها مەلا مستەفا و کۆمەڵێ لە چەکدارەکانمان خۆیان بەدەستەوە نادەنەوە. وا بڕیارە لەدواجاردا بە تۆپزی خۆیان بکەنەوە بە ئێراقدا و چەند پۆلیسخانەیەکی ئێراقی بگرن و چەکیان بکەن و هێندە لەگەڵ دەوڵەتی ئێراقدا بجەنگێن که دەوڵەت ناچار بێ لێخۆشبوونی گشتیمان بۆ دەربکات و وەکو جاران لە ناوچەی بارزان نیشتەجێ ببینەوە).

بەو شێوەیە بارزانییەکان بڕیاری خۆیان دابوو و پێیان وابوو که بوونی ئێمە لەنێو هۆزەکەدا، بەربەستێك پێك دەهێنێ لە ڕێگای جێبەجێبوونی ئەو نەخشەیەیاندا.

وا بڵاوبووبۆوە که ئێمە کۆمۆنیستین و تەنانەت پێوەندیمان بە مۆسکۆشەوە هەیە. ئەگەر لەنێو هۆزەکەدا بمێنینەوە، ناچارن

بەندێکی دیکەش سەبارەت بە ئێمەی شەش ئەفسەرە کۆمۆنیستەکە بۆ رێککەوتننامەکەیان لەگەڵ دەوڵەتی ئێراقدا زیاد بکەن. بەو شێوەیە لە رێککەوتنەکەیاندا لە تەك دەوڵەتی ئێراقدا گیروگرفتێکی دی لە گیروگرفتەکانیان زیاد دەبێ. لایان وابوو ئەگەر ئێمە لەگەڵ بارزانییەکاندا بین, دەوڵەتی ئێراق لە رێککەوتنەکەیاندا توندوتیژتر دەبێ, چ جای هەر لە بنەڕەتدا رێکنەکەون و مەرجی رێککەوتنەکەیان بەدەستەوەدانەوەی ئێمە بێ. دەیان گووت ئێوە لە ئێراق هیچ سزایەکتان لەسەر نییە و ئەگەر بەجوداوازی لە ئێمە خۆتان بەدەستەوە بدەن, باشتر مامەڵەتان لەتەکدا دەکەن. لەڕاستیدا بەوشێوەیە بەرێزەوە لە خۆیانیان دوور دەخستینەوە.

هەرچەند شێخ ئەحمەد بەسەرزارەکی دەیگووت ئەگەر پێتان چاك بێ ئەوا دەتوانن لەگەڵ مەلا مستەفادا بمێننەوە. ئەو نیازی وایە ئەمشەو خۆی (بەدبەخت), (یاخی) بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندیی ئێوە هەر لە خۆبەدەستەوەدانەوە دایە. بەڵام ئەگەر بتانەوێ وەك مەلا مستەفا (بەدبەخت) بن, بفەرموون.

بڕیارماندا وەکو مەلا مستەفا (بەدبەخت) بین. مەلاش بەو بڕیارەمان رازی بوو.

**لەهەمان شەودا ژن و منداڵ و بەساڵاچووەکانیان بەرەو ئێراق کەوتنە ڕێ[1]. بەڵام لەسەر سنوور هەفت سەد کەسی چەکداریان بۆ نێو ئێران گەڕانەوە. لەو شەوەدا گایەکیان سەربڕی و گۆشتەکەیان لەنێو (بەدبەختەکان) دا بەخشییەوە. ئێمەش پشکی خۆمان بەرکەوت. پێستەکەشیان کرد بە شێوە گۆرەوییەك و لە پێیانەوە دەئاڵاند. لەپاڵ گەردنەکەدا نانمان خوارد و شەو بە بەرزایی کێوەکەوە بۆ چادرەکەی مەلا مستەفا چووین.**

**من لەوێڕا هەستم کرد کە مەلا مستەفا مانەوەی ئێمەی پێخۆش نەبوو. چونکە ئەوکاتە هەر تەنها نرخی تفەنگچییەکمان هەبوو. تفەنگچییەکیش کە خۆی توانای مسۆگەرکردنی خۆراك و خەوگەی خۆی نەبوو و هەر بەڵا بوو و هیچی دی. لەکاتێکدا تفەنگچییە بارزانییەکان لەو بارەیەوە کردە و بەتوانا بوون. بەکورتییەکەی ئێمە دەستەپاچە بووین.**

**بۆ نموونە: هەر ئەو شەوە کاتێ بە مەلا مستەفام وت کە لەکوێ بخەوین, لەوەڵامدا وتی: (دەی بڕۆن لە یەکێ لەو چادرانەدا شوێنی خۆتان پەیدا بکەن). ئەو مشتومڕە کورتە نیشانی دەدا کە هەردوولامان بە دوو شێوەی تەواو لێکجیاواز بیرمان دەکردەوە.**

---

[1] ڕۆژی 17-18 نیسان 1947 نێزیکەی 1550 پیاو , 1688 ئافرەت و 1329 منداڵی بارزانی لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزاندا هاتنەوە ناو زەویی کوردستانی عێراق. بڕوانە وتارێکی د.فوئاد حەمە خورشید لە گۆڤاری ڕەنگین ژمارە 96 . (پەراوێزی 14 , سەرچاوەی پێشوو , ل105) .

ئێمه چاوەڕوانمان دەکرد که مەلا مستەفا شوێن و خۆراك و هتد.. مان بۆ پەیدا بکات و ئەویش چاوەڕوانی دەکرد که ئێمه چاولەدەستی ئەو نەبین.

لەو لووتکەی شاخەدا, بارزانییەکان تەنها سێ دانه چادریان هەبوو. بۆ هەر چادرێ دەچووین پڕ بوو و شوێنی ئێمه نەدەبۆوە. من ئەو شەوە سەرما لێی دام و نەخۆش کەوتم. هاوڕێکانم هەر هێندەیان پێکرا که له یەکێ له چادرەکاندا شوێنێکیان بۆ دۆزیمەوە. خۆیشیان لەو بەفر و سەرمایەدا مانەوە و به چیچکانەوە و دەستەوئەژنۆ لێی خەوتبوون. ئاشکرایه خەوتن له بەرزایی چوار هەزار مەتر و لەناو بەفردا چەند دژوارە. هەمان شەو لەتەنیشت چادرەکەمانەوە سێ ئەسپ و دوو سەگ لەسەرمادا رەق بووبوونەوە. من خۆیشم که بەرەبەیان بێدار بوومەوە, هەستم کرد شانوملم سڕبووبوو. پاشان بینیم که بەفر شانوملمی گرتبۆوە و شەو هەر سەرم له چادرەکەدا بووە و بەشەکەی دیکەی لەشولارم له دەرەوەی چادرەکەدا مابۆوە.

بەیانیی ئەو رۆژە گشتمان هاتینه سەر ئەو بڕوایەی که توانای خۆڕاگرتنی ئەو بارودۆخەمان نییه و هەموو پێکڕا بڕیارماندا که خۆمان بەدەستی عێراقەوە بدەینەوە. تێگەیشتین که ئەگەر هەتا دوێنێ سەنگ و کێشێکمان هەبوو بێ, هەر بەهۆی کاریگەرێتیی تۆپەکانەوە بووە و ئێستا تەنها له تفەنگچییەکی سادە و شوێنگر

زێتر, هیچی تر نیین. چیدی ئێمەومانان لە تواناماندا نییە شانبەشانی بارزانییەك خۆڕابگرین.

سەرباری هەموو ئەو ترسولەرزەی کە هەستمان پیٚ دەکرد, لە رۆژی 15ی ئەپریلی 1947 دا خۆمان بە دەستی عێراقەوە دا. (کۆتایی لاپەڕە 114).

کاتیٚ کە بڕیارماندا خۆمان بەدەست ئێراقەوە بدەین, ماڵئاواییمان لە مەلا مستەفا کرد. ئەوە دواهەمین جار بوو کە مەلا مستەفا ببینم. ئەو بە بڕیارەکەمان شادمان بوو, چونکە بارێکی لەسەر شان لادەچوو. (لاپەڕە 115)

# کوڕم، خەیری !...

تێبینی:

ئەم چیرۆکە لەچاپی یەکەمی پەرتووکەکەدا نەبوو، نووسەر لەچاپی دووەمدا بۆی زیاد کردوە. لەبەر ئەوەی لەپەڕتووکی (بارزانی خۆی بەدەستی کەسەوە نادات) ئەبولحەسەن تەفرشیان، وەرگێڕانی، شەوکەت شێخ یەزدین، چاپی یەکەم، 1997، وەرگێڕدراوە، بەپێویست نەزانرا هەمان چیرۆك جارێکی دیکە وەربگێڕێتەوە، لەبەر ئەوە ئەم چیرۆکە لەپەڕتووکی ناوبراوەوە راستەوخۆ وەرگیراوە و وەکو تەواوکەری ئەم وەرگێڕانە خراوەتەوە سەری.... زۆر سوپاسی ماندووبوونی کاك شەوکەتی بەڕێز دەکەم و نموونەیان هەر زۆر بێت.(وەرگێڕ).

بڕوانە پەرتووکی ، (بارزانی لەمەهابادەوە... بۆ ئاراس)، وەرگێڕانی لەفارسییەوە، شەوکەت شێخ یەزدین، هەولێر 2001، ل319-326).

پێش ئەوەی ماڵئاوایی لەبارزانییەکان, یان لەراستیدا لەکوردستان بکەین, بەسەرهاتی دایکێکی کوردت بۆ دەگێڕمەوە کە ئازایەتیو جۆشوخرۆشێکە, تەنیٚ دایکان لەتوانایاندا هەیە ئافەریدەی بکەن.

## کوڕم, خەیری ! ...

زستانی ساڵی 1324 لە شنۆ دۆستایەتیم لەگەڵ لاویٚ بەناوی (خەیروڵلا ) دا پەیا کرد, لەبەرئەوەی هەموان بەناوی ( خەیری ) یەوە بانگیان دەکرد بۆیە منیش هەر هەر یەو ناوەوە بەیادی دەکەمەوە. ئەو یەکێك بوو لە ئەفسەرانی کورد لە سوپای عێۆاق و چووبووە پاڵ بارزانییەکان, لە تەك ئەواندا هاتبوو بۆ ئێران و لە سوپای حکوومەتی گەلێری کوردستان بەرێبەرایەتیی قازی محەمەد پلەی ( نەقیب ) ی هەبوو. لە مەهاباد کچێکی یەکجار جوانی مارە کرد. پاش هەڵمەتی سوپای وێران , لە هاوەڵێتیی بارزانییەکاندا کەوتە کشانەوە.

بەڕواڵەت خۆی لە سەرووی چل ساڵی پێشان دەدا بەڵام ڕەوت و بزاوتی بەتایبەتیش کاتێ سوواری ئەسپ دەبوو, مرۆڤی بۆ خۆی بەکێش دەکرد بەجۆرێ کوڕێکی گەنجە و تەمەنی ناگاتە بیست و پێنج بیست و شەش ساڵان. هەتا بڵێی گورجوگۆڵ , ئازا و بزێو بوو. یەکجار بەورە بوو, لە هەر هەواڵێکی هەرچەندە زۆر نالەباریش بووایە, دەیتوانی ئەنجامی گەشبینانە بخوێنێتەوە. یەکێك لە پیاوانی خێڵ کۆنە رادیۆیەکی بەپیل ویشکەری هەبوو, هەندێ لەو شەوانەی هەلمان نەدەبوو خۆمان گوێ لە هەواڵی رادیۆ بگرین, بۆ بەیانی خەیری هەواڵ و شرۆڤەی تێروتەسەلی بۆمان دەهێنا لەبەرئەوەی ئەو یەکێك بوو لە گوێگرانی هەموو شەوانی رادیۆ. بۆ نموونە ئەگەر رادیۆی مۆسکۆ لە گوتارێکی راگەیاندندا بیگوتایە (دەمی هەرزەوێژان تێك دەشکێنین) ئەوا ئەو وای شرۆڤە دەکرد هەر سبەی سوپای سوور لە باکوری ئێرانەوە شۆڕدەبێتەوە, سوپای داگیرکەر و زۆرکاری ئێران تێك و پێك دەشکێنێ و کۆماری میللیی کوردستان دەژیێنێتەوە.

ئەو کارداری دابینکردنی پێ بژیوی بارزانییەکان بوو و هەرجارەی لە گەشتی پەیاکردنی پێ بژیو دەگەڕایەوە کۆمەڵێك دەنگوباسی تایبەت بەخۆی دەهێنایەوە. فلانە خێڵ قورئانی مۆر کردووە لەکاتی شەڕدا لایەنی بارزانییەکان بگرێ. فیسارە خێڵ خۆی لە میریی ئێران تەکاندووەتەوە و بەڵێنی داوە هیچ جارێك ئالیکاری بەسوپای

ئێران نەدات. یا بۆ نموونە سەرۆکی ئەو خێڵەکەی تر لەسەردەمی ڕەزاشادا گوژراوە , بۆیە ئەستەمە ئالیکاری بدات بەسوپای ئێران.
ئیتر لەم جۆرە هەواڵ و شرۆڤانە...
بەکورتی , لە تێکڕای هەواڵ و شرۆڤەگەلی ئەودا ئەوە دەبینرا تەواوی گەلی کوردستان هەموو لەهەموو لە دووای بارزانییەکانەوە وەستاون, ئەگەر سوپای ئێران دەست بەشەڕ بکات ئەوا زوو بەزوو لەبەریەك هەڵدەوەشێ. ئەو نەك تەنێ بۆ خۆی لاوێکی بەردەوام دڵگەش بوو بگرە هیوا و دڵگەشی بەملا و بەولاشدا بڵاودەکردەوە.
لەشنۆ, کەسانێك هەن پێوەندیی خۆشەویستیی ئەویان لەگەڵ خێزانەکەیدا بینیوە. من بۆ خۆم ڕۆژێکیان بینیم برا بچووکی ژنەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو بۆ گەرماو و وەك منداڵی خۆی بەوپەڕی خۆشەویستییەوە دەیشوشت و هیشکی دەکردەوە. ئەو بەچاکی پێشانی دەدا نەك تەنێ پیاوێکی شەڕوان و کاردارە بگرە بەتەواوی واتاوە پیاویماڵەوەشە.
سوپای ئێران هەڵمەتی هێنا و بارزانییەکان پاش چەندین ڕۆژ لەشەڕ و هەڵاتن, بەرەو سنووری عێراق کەوتنە کشانەوە. لەکاتی کشانەوەدا دایك و ژنبرای خەیری لەشنۆ مانەوە بەڵام ژنە جوانەکەی بەگەڵی کەوت.
بەسەرهاتی ئێمە لەسنووری عێراقەوە دەست پێ دەکات. لەوێ, کاتی سەردانی چادرەکان و پرسینی هەواڵی ئەو ماڵانەی

دەماننناسـین, نـەقیب (خـەیری)مـان بینـی لـەناو نـوێن کـەوتووە و دەنـاڵێنیٚ, تایـەکی لیٚ هـاتبوو و ناوبـەناویٚ وڕێنـەی دەکـرد. کـورد بەنـەریت (لەیـەك دوو لـە دە پلـەی) تـادا ناڵـەیان دەگاتـە ئاسمـان چ جای ئەوەی بگاتە نێزیکی سیٚ پلە.

کەئێمەی بینـی سـەری ڕەزامەنـدیی ڕالەقاند. ئێمـە چـەند ئەفسـەرێك بووین لەکشانەوەی بارزانییەکاندا هاوڕێگە بووین. خـەیری داوای لیٚ کـردین لەتەنیشـتی دابنیشـین, پاشـان بـەزمانی تـورکی بـەدەم ئاهوناڵەوە گوتی:

– مـن دەمـەویٚ تکاتـان لیٚ بکـەم بـڕوا بەژنەکـەم بێـنن بگەڕێتـەوە بـۆ مەهاباد. من نەخۆشم و ناچارم خۆم بەدەست عێراقەوە بدەم. لەبەر ئەوەیش کە لەسوپای عێـراق فـەرمانی لەسـێدارەدانم بەدواوە هەیـە, ئـیتر نـازانریٚ چ چارەنووسـێك بـۆم لەپارێزدایـە. هـەبوونی ژنەکـەم, دەست و پێم دەبەستیٚو ورەم دێنێتە خـوار, وێـڕای ئەمـەش جاحێڵ و جوانە..

ئێمـە دەمـانبینی ژنەکـەی وەك پەپوولـە بەدەوریـدا دەسـووڕایەوەو دەیلاواندەوە:

– خەم مەخۆ, زوو چاك دەبیەوە..

ئـەو دەمـەی خـەیری بابـەتی گەڕانـەوەی ئـەوی بـۆ مـەهاباد لەگـەڵ ئێمەدا کردەوە, گوتی:

– خۆت ماندوو مەکە, خۆت پێشتر هەموو ئەم قسانەت پێ گوتووم, قسەی ئەمانەش لەقسەی خۆت زیاترم کار تێ ناکەن. من لەم حاڵ و باڵەدا بەهیچ جۆر دەستت لێ هەڵناگرم. هەلومەرج هەرچۆن بێ من ژنی تۆم, بۆ هەرکوێ بچی لەگەڵتدا دێم و لەهەرچییەکی بەسەرت بێ هاوبەش دەبم, هەتا بەژیان بمێنی لەپاڵ تۆدا دەبم و ئەگەر مردیشی..

لێرە رووی خۆی بەلایەکەی تردا وەرگێڕا.

ئێمە لەبەر ئەوەی دەمانزانی قسەکانمان کارێکی ئەوتۆی تێ ناکەن پێمان گوت:

– لەبەر ئەوەی تۆ ژنێکی جاحێڵ و جوانی, بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی ژنی پیاوێکی حوکمدراوی, لەعێراق مەترسیت لەسەر هەیە. لەوانەیە ببی بەمایەی رێزنەگیری و تەنانەت دەستدرێژییش, لەم بارەیشدا ئازار و ئێشی پیاوەکەت پتر دەبێ. ئەگەر ئەوت خۆش دەوێ بگەڕێوە بۆ مەهاباد, ئەمەیش لەدوو حاڵ بەدەر نییە یان ئەوەتا پیاوەکەت دەرباز دەبێ و دەگەڕێتەوە لات یان ئەوەتا لەسێدارە دەدرێ.. ئیتر ئەو کاتەش هیچ جیاوازییەکی نییە تۆ لەمەهاباد بی یان لەبەغدا..

نەدەزانرا قسەکانی ئێمە کاری لێ دەکەن یان نا, بەلام هەرچۆن بێ کاتێ جارێکی تر (خەیری)مان لەناو ئاخی عێراقدا بینییەوە ژنەکەی لەگەڵیدا نەبوو. ئێمەش بۆ ئەوەی برینی نەکولێنینەوە پرسیارمان

لێـی نـەکرد, وا پـیٚ دەچـوو ژنەکـەی لەسـنوورەوە گەڕابێتـەوە بـۆ مەهاباد.

ئێمـە لـەدوو سـیٚ قۆنـاغی نـاو زەویـی عێـراق, لەناوچـەیەك بـەناوی (باپشـتیان) کـە بنکەیـەکی پۆلیسـی عێراقـی بـوو, جـارێکی تـر (خـەیری)مـان بینییـەوە. هێشـتا نەخۆشییەکەی گـران بـوو بـەلاٚم بـە بۆنـەی ئـەوەی ئەفسـەرانی عێراقـی پێشـتر دەیانناسـی, لـەرووی داوودەرمانـەوە چاویان لێـی بـوو. بـۆ سـبەینیٚ گەیشـتینە شـوێنێك بەناوی (دیانە), ولاٚغیـان بۆی گـرت و بەسـواری بـەرێیان کـرد. ئێمـە هەموومان بەپێیان بووین.

بەسـەرهات لەدیانـەوە کـە یەکـەمین خاڵگـەی سـنوورە ئۆتـۆمبێلی بگـاتیٚ, دەسـتی پیٚکرد. لـەویٚ ئێمـەیان سـواری لـۆری کـرد. ئێمـەی گیراویـان لـەدوو لـۆری سـوار کـرد و دوو لـۆریی زرێـداریش پاسـەوانییان لیٚ دەکـردین. دوو سـیٚ کیلۆمـەتر لەدیانـە دوور نەکەوتبووینـەوە لەبـەری چـەپی رێگـەدا ژنـێکم بینـی بەهەڵـەداوان رووەو رێگە دەهات و بەدەنگی بڵند شتێکی دەگوتەوە. کـاتیٚ نێزیـك کەوتەوە گوێم لیٚ بوو دەیگوت:

– کوڕم خەیری! کوڕم خەیری!

بەهەڵـەداوان و پرچـی کـراوەوە رای دەکـرد. ئـەو کۆنـەی[1] لەپشـتێنی بەسـتبوو, لەسـەرەوەڕا شـۆڕ بووبـووەوە و دەگەیشـتە سـەر زەوی, لەدوایەوە دەکشاو تۆزی بڵند دەکردەوە. سەری کراوە بوو و مووە مشکی رەنگییەکانی وەك پەڕی جووچکە تیـژ راوەستابوون. بەژن و باڵایــەکی داوەشــاو و هێســکدار و لەبــەر رۆژ ســووتاوی هــەبوو. لەتەواوی رۆاڵەتیدا تەنیٚ دوو چاوی سوور دەبینرا بریسکیان دەدا. بـیٚ ئـەوەی خـەیری ببینـیٚ رووەو ئێمـە و پۆلیسـەکان و ئۆتۆمبێـڵ تەنیا هاواری دەکرد:

– کوڕم خەیری! کوڕم خەیری!

پاش ئەوەی خۆی هاوێشتە سەر بۆدیی ئۆتۆمبێڵەکە, خەیری سەری خۆی شاردەوە و بەچرپە پێی گوتین:

– دایکی منە, پێی بڵێن من لێرە نیم.

بـەڵام نەئێمـە لـەزمانی ئـەو دەگەیشـتین و نـەپۆلیس مۆڵـەتیان دەدا قسـەی لەگەڵـدا بکـەین. ئۆتۆمبێـڵ وەسـتا و دوو عـەریف دابـەزین, ئەویان لەئۆتۆمبێلەکە دوور خستەوە و لەلێواری رێگەیان دانا بەڵام هەر لەگەڵ بەڕیٚ کەوتنەوەی ئۆتۆمبێل, ئەو لەیەك ترووکەی چاودا

[1] لەکوردەواریـدا ئافرەتـان پارچـەی ڕەشمـاڵ (کـۆن– کـوێن) بـۆ شـیوەن گێـڕان و ئازیەتباری لەخۆیان دەئاڵێنن. زۆرجار (مل بەکوێن) لەگۆرانی فۆلکلۆریدا دەبیسـتریٚ– وەرگێڕ.

خۆی هاوێشتەوە سەر لمۆزی ئۆتۆمبێلەکە. ئەم رووداوە دوو سێ جار دووبارە بووەوە, هەتا دواجار پۆلیسەکان لەپیلی نەوین و چەندین مەتریان بەسەر
زەویدا راکێشا و هەڵیاندایە ناو جۆگەلەیەکی تەنیشتی رێگەوە. ئەم جارە هەتا پێ راگەیشت هەستێتەوە ئۆتۆمبێلەکان بەدوور کەوتبوون.

کەس نەیدەزانی ئەم ژنە لەکوێی زانیوە کوڕەکەی لەم ئۆتۆمبێلەدایە. بەڵام هەرچی بێ لەقۆناغی پاشتر ئەومان بینییەوە. لەقۆناغی پاشتر ئێمەیان برد بۆ چادری پاسەوانیی فەوجێکی سوپا. ئەو فەوجە لەپەڕگەی گوندێکدا هێوری بوو. ئێمە هەر لەئۆتۆمبێل دابەزیین دایکی (خەیری)مان بینی لەتەنیشت چادری پاسەوانیدا لەسەر چۆکان دانیشتبوو. دەمودەست و بەچ شێوەیەك بەر لەئێمە خۆی گەیاندبووە ئەو شوێنە, کەس نەیدەزانی! مرۆڤ دەیتوانی هەست بکات ئەو تەنیا بەبۆن و هەستی دایکانە بەرامەی کوڕەکەی لەهەر کوێ بێت خۆی دەگەینێتە ئەو شوێنە.

ئەو شەوە ئێمەیان بردە قەڵایەك گوایە بنکەی پۆلیس بوو. ئەو پێناوییەی ئێمە کردمان و ئەو پارەیەی دامان, مۆڵەتیان دا دایکی خەیری بۆ چەند ساتێك کوڕەکەی ببینێ. لەو دیمانە کورتەدا, بێ ئەوەی یەك وشە چییە بپەیڤێ, تەنیا سەرنجی کوڕەکەی دەدا, دەتگوت هەموو گیانی بووەتە سەرنج و هەر بەو سەرنجە هەموو

خۆشەویستی و لاواندنەوەی دایکانەی خۆی بەسەر کوڕەکەیدا بڵاودەکاتەوە. وەك چۆن ئەڤینداریٚ بۆ ئەڤینەکەی راکێشرابیٚ ئاوها سەرنجی لەکوڕەکەی دەدا. وەك ئەوەی بەم بێدەنگییە هەموو قسەیەك دەربڕیٚ. تەنیا قسەیەکی دەیکرد ئەوە بوو:

– کوڕم خەیری!...

بێگومان خەیری قسەی دەکرد و شتگەلێکی پیٚ دەگوت. هەبیٚ و نەبیٚ دڵی دەدایەوە و داوای لیٚ دەکرد بگەڕێتەوە ماڵ, بەلاٚم ئەو لەهەموو ئەو ماوەیەدا لەوانەیە پێنج شەش وردکە بیٚ تررووکەی چاو تەنیا سەرنجی لەکوڕەکەی دابیٚ.

بۆ سبەی, لەگەڵ گەردی بەیانی ئێمەیان بەرەو کەرکووك برد. هەتا دەمی رۆژئاوا لەکەرکووك بووین. بەرەبەری رۆژئاوا ئێمەیان بۆ وێستگەی هێلی ئاسنین برد, لەفارگۆنێکی تایبەتیان سووار کردین. لەویٚ حاڵی خەیری خراپتر بوو, بەردەوام دەینالاٚند و دەیگوت:

– انزل الگبیب فی سبیل الله ... (واتە لەڕێگەی خوادا دوکتۆر بێنن).

فارگۆنەکەی ئێمە بەجیا و دەرگە گیراوبوو, پێوەندیی لەفارگۆنەکانی ترەوە نەبوو. دەستی ئێمەیان, هەر دوو کەس دوو کەس, کەلەپچە کردبوو. (خەیری)ش هەرچەندە پەکی کەوتبوو بەلاٚم دەستی بەکورسیی فارگۆنەکەوە بەسترابوو. دوای سەعاتێك لەبەڕیٚ کەوتنی شەمەندەفەر, دەنگە دەنگێك لەپشتی دەرگەوە هاتە گویٚ,

دەتگوت پشیلەیە پەنجە بەدەرگەدا دەکێشیٚ و نووزە نووز دەکات, ئەم دەنگە سەرنجی پاسەوانی بەکێش کرد.
سەرەك پاسەوانی ئێمە (مفەوەز)ێکی یەکجار بەفیز و لەخۆبایی بوو. هەڵسوکەوت و رەفتاری لەو گەنجانە دەچوو کە رابردوویێکی لەباریان نەبیٚ. عەریفەکەش, هەر بەم جۆرە لەبارەی ئەو دەدوا. لەم ئەرکەیدا زۆر بەخۆەوە دەنازی و دەیویست لەهەر هەلێکی بۆی هەڵدەکەویٚ هێزی خۆی پێشان بدات. فەرمانی بەعەریفەکەدا بزانیٚ ئەو دەنگە چییە.
کاتیٚ دەرگەی ناوەندیی فارگۆن کرایەوە بینیمان دایکی خەیری وا لەپشت دەرگە وێستاوە. ئێمە بەهۆی عەریفەکەوە کە تورکیی دەزانی, داوامان لەمفەوەزەکە کرد مۆڵەت بدات ئەم دایکە لەتەنیشت کوڕەکەی دابنیشیٚ, بەلاٌم ئەو بەتیژی بەرتەکی دایەوە و فەرمانی دا ژنەکە لەپشت دەرگە بەدوور بخەنەوە و دەرگەش دابخەن. بێگومان (خەیری)ش حەزی نەدەکرد دایکی لەم حاڵی نەخۆشی و دەست بەستراوەییەدا بیبینیٚ. هەرچۆن بیٚ دەرگە داخرایەوە, جارێکی تر دەنگی ئاهوناڵینی دایکی خەیری و دەنگی لەپەکوتەی بەدەرگەدا بڵند بووەوە و ئەمجارە هەتا بەیان درێژەی کێشا. بێگومان دوو سیٚ جار, پۆلیسەکان بەتوندوتیژی ئەویان لەپشت دەرگە بەدوور دەخست بەلاٌم ئەو لەهەمبەر هەموو ئەو تیژییانەدا نەقسەیەکی دەکرد و نە بەرگرییەك, تەنیا سینگی دەکوتاو دەیگوت:

– کوڕم خەیری!..

نـەتکاو پاڕانەوەیـەك، نـەتووڕەیی و دەمارکرژییـەك و نـەهیچ بـەر تەکێك...

بەدرێـژاییی شەو، خـەیری لـەم بـەری دەرگـەوە، بەدەستی بەستراوە بەکورسییەوە، دەینالاّند:

– انزل الگبیب فی سبیل الله...

دایکیشی لەودیو دەرگەوە ناو بەناوێ دەیگوت:

– کوڕم خەیری!...

بـۆ سـبەینێ ئێمـەیان بـرد بـۆ بەغـدا بـۆ (مەرکـەز سـەرا) و پـاش بـەخێرهاتنێکی سـەرەتایی ئێمـەیان فـڕێ دایـە ژوورێکـی پـیس و پۆخـڵ. ئـەمجارەش دایکـی خـەیری لـەپێش دەرگـەی گرتووخانـەدا وەسـتابوو، وەك پێشـان سـەرنجی لەکوڕەکـەی دەدا و لـەژێر لێـوەوە بەچرپە دەیگوت:

– کوڕم خەیری!...

پاش نیو سـەعات پۆلیسـێك پرێسکەیەکی بۆ خـەیری هێنا. دایکی ناردبووی: بڕێك نانی هیشك و حەوت هەشت دەنکە خورما!.

پاشـی سـێ ڕۆژ، سـەرەودەری ئێمـە ڕۆنـاك بـووەوە و لـە (مەرکـەز سـەرا)وە بردیـانین بـۆ گرتووخانـەی (ئـەبوو غرێـب). ئـەمجارە (خەیری)مان لەگەڵدا نەبوو، ئەویان حەواڵەی سوپا کردبوو. ئیتر بەو شێوەیە ڕێگەی ئێمە و ئەو لەیەکتر جیابووەوە، چیتر هەواڵی ئەومان

پـــێ نەگەیشـــت, تـــەنیا لەرێگـــەی رۆژنامەکانـــەوە زانیمـــان کـــە سپاردوویانە بەدادگەیەکی سوپایی.
پاشـی پێـنج شـەش مـانگ, کـاتێ (عـەلی ئەسـغەری) کـە یـەکێك بـوو لـەهاوەڵانی ئێمـە, گەیشـتەوە لامـان, لەچارەنووسـی ئـەو و دایکـی ئاگاداری کردینەوە. عەلی ئەسغەری لـەکاتی شـەڕ بریـندار بـوو بـوو, بەناچـاری بـەر لـەخۆمان ئـەومان بەدەسـت سـنوورروانانی عێراقـەوە دابـوو, پـاش چابوونەوەیشـی, دەسـبەجێ بەگرتووخانـەی گشـتی سپاردرابوو. ئەو بۆ ئێمەی گێڕایەوە:
– خەیری لەهەموو شوێنێك بەهۆی دایکیـەوە ناوبـانگی دەرکردبوو. ئەو لەهەموو شوێن بەدوای کوڕەکەیەوە بوو. دەتگوت بۆنی کـردووە و بێ ئەوەی لەکەسێ بپرسێ لەهەموو جێگەیـەك ئامـادە دەبوو. ئـەو دەمـــەی خـــەیروڵلا لەمۆڵگـــەی ســـوپا گیرابـــوو, دایکـــی ببـــوو بەجێنیشتەی بەردەوامی مۆڵگەکە. کـاتێ دەیـانبردە دادگە بەدوایـدا ملی رێگەی دەگرت و لەگەڵیشیدا دەگەڕایەوە. سـەرلەبەر ئەفسـەران و دادوەرانـی دادگـە دەیانناسـی, دڵیـان دەدایـەوە و دڵنیایـان دەکـرد کوڕەکەی بەم زوانە بەردەبێ. ئەو تەنیا ئەوەی بـە ئەفسـەران دەگـوت کوڕەکەی بدەنەوە بۆ ئەوەی بیباتەوە ماڵ.

دوواجار خەیروڵڵا فەرمانی لەداردانی بۆ دەرچوو[1]. رۆژنامەكانیش نووسییان لەگرتووخانەی ناوەندی لەبەغدا بەدارەوە هەڵواسرا, بەڵام دایكی هێشتا هەر داوای دەكردەوە.

بەرەبەیانی رۆژی بەدارەوە كردن, خەیروڵڵا دوو ركات نوێژ دەكات و ئامادەی لەداردان دەبێ, لەبەر پێی داردا دەڵێ:

– من لاوێكی كوردم و شانازی دەكەم لەپێناوی سەربەخۆییی كوردستاندا دەمرم...

لەدووا ساتیشدا رادەسپێرێ (تەرمەكەی بدەنەوە بەدایكی...)

هەر ئەو رۆژە بەدایكی خەیروڵڵا دەڵێن كوڕەكەت لەدار دراوە, بەڵام ئەو هێشتا دەڵێ:

– كوڕەكەم بدەنەوە, دەیبەمەوە بۆ ماڵ...

كوڕەكەی پێ دەدەنەوە بەڵام بەبێ گیان.

چەند كەسێكی كورد هاوكاریی دەكەن و پیكابێك دەگرن و ئەم شەهیدە كوردە دەبنەوە بۆ هەولێر. دەڵێن دایكی خەیری لەئۆتۆمبێلەكەدا لەپشت سەری كوڕەكەی دادەنیشێ, سەری لەسەر تەرمەكە دادەنێ و بێ ئەوەی شیوەن و گریان بكات دڵی دەداتەوە.

[1] شەهید خەیروڵڵا عەبدولكەریم لەبەرەبەیانی رۆژی 19ی حوزەیران 1947 تەبای سێ ئەفسەرە قارەمانەكەی تر: عیزەت عەبدولعەزیز, مستەفا خۆشناو و, محەمەد مەحموود قودسی لەگرتووخانەی ناوەندیی بەغدا بەدارەوە هەڵواسران.

– کوڕم خەیری سەغڵەت مەبە, هەر بگەینەوە ماڵێ چاك دەبیەوە...
عەلی ئەسغەری لەگرتووە کوردەکانی بەغدای بیستبوو کەوا لەهەولێر خزم و کەسانی خەیری کۆ دەبنەوە, تەرکەمە پاش بەڕێ کردنێکی بەکۆمەڵ لەگۆڕستانی شار دەشێرنەوە و دەچنەوە, بەلاّم دایکی خەیری لەناو کۆمەڵ نابینرێ.
بۆ سبەی دایکی خەیری لەسەر گۆڕی کوڕەکەیدا دەبیننەوە, سەری خستووەتە سەر گۆڕەکە و مردووە.

# پێشەکییەکی پێویست[1]

**ئـــەو نووســـینەی لاپـــەڕەکانی داهـــاتوو کـــە لـــە فارســـییەوە وەرگێـڕدراوە, لـە بەشـی شەشـەم و هەشـتەمی پـەڕتووکی (گزشـتە چراغ راە ایندە است), واتـە (رابـردوو چـرای ڕێگـای داهـاتووە) وە , وەرگیراوە. ئەم پەڕتووکە لەلایەن دەستەی (جامی) یەوە نووسراوە و نـاوی هـیچ کەسـێکی بەسـەرەوە نییـە. بـەڵام لـەو پێشـەکی و ووردە سەرنجانەدا کە لەلایەن (بیژن نیك بین) ە وە تۆمـارکراون , هـاتووە و دەبێژێ : ((باسکاران و نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ناوونیشـانیان ئاشکرا و زانراو نییە . تـەنها لـە پلاتفۆڕمێکدا کە لە کۆتـایی چاپی یەکەمدا هاتووە و روونکراوەتەوە کە (جـامی) کورتکراوەی (جبهـەی ازادی مردم ایـران)ە)) . پـەڕتووکی نـاوبراو لـە پێشـەکییەك و دوانـزە بەش پێکهاتووە کە بەسەریەکەوە هەمووی بریتییە لە 736 لاپـەڕەی گـەورە. لـە هـاوینی سـاڵی 1983 دا لەلایـەن دەزگـای چـاپەمەنیی (نیلـــوفر)ەوە چـــاپکراوەتەوە. هەرچـــەندە ئـــەو لێکۆڵینەوەیـــە بـــێ**

---

[1] ئەم پاشکۆیە لە ژمارە (16) ی گۆڤاری (خوێندکاری کورد): گۆڤاری (ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا – سۆکسە) دا , ئەوکاتە بەناوی (چالاك) ەوە بڵاومکردۆتەوە. ئەم چەند لاپەڕەیە راستەوخۆ پێوەندییان بە (بارزانییەکان) ەوە هەیە , هەربۆیە وەکوو تەواوکەرێك بۆ ئەم وەرگێڕانە کراوەتە پاشکۆ.

– بڕوانە گۆڤاری (خوێندکاری کورد) , ژمارەی ناوبراو , لاپەڕەکانی 44–49 , مارتی (1990) .

کـەموکوڕی و هەڵـە و ناتـەواوی نییـە , بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا بـە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی مێژوویی _ رامیاریی هاوچەرخی جیهان و ئێران و پێوەندییـەکانی ئێـران بە جیهانی دەرەوە و کاریگـەرێتی و دەســت تێکــەڵکردنی وولاتــە کەپیتالیســت و ئیمپریالیســتەکان, بەتایبەتی ئەورووپای رۆژئاوا و ئەمەریکا لە ڕووداوەکانی نێو ئێـران دا , دادەنرێت.

نووســەران لــە هــەموو ئـەو راپــەڕین و بزووتنــەوە نیشـتمانی و نەتەوەیی و چینایەتییانەی کە لەو چەند ساڵانەی رابردوودا بەرپا بـوون, کۆڵیویانەتـەوە و ئامـانج و هۆیـە گـرنگ و سـەرەکییەکانیان دەستنیشـانکردوون. بێگومـان بـەپێی تێگەیشـتن و تێخوێندنـەوەی بەرژەوەندیی تایبـەتیی خۆیـان هەڵوێستیان بەرامبـەر وەرگرتـوون و ئەنجامگیرییان لێهەڵهێنجاندوون.

دەبێــت ئــەوە بڵــێین کــە ئێمــە لێــرەدا نامانــەوێ ســەرلەبەر و ناوەڕۆکی ئەو نووسراوە شەنوکەو بکەین و سەرنجەکانی خۆمانی لەسەر دەربڕین, چونکە لەراستیدا نە لێرەدا ئەو دەرفەتـەمان هەیـە و نـە وەکـوو پێویسـتیش سەرچـاوە و بەڵگەنامـەی دروسـت و تـەواو لەبەردەســتدان, هــەر تــەنها وەکــوو بەڵگەنامەیــەك و کورتــە سەرچاوەیەك بـە پێویسـتمانزانی ئـەو باسـەی کـە لەسـەر کـوردە , وەربگێـڕین بـەو هیوایـەی کەڵکبـەخش بێـت و جێگـای رەزامەنـدیی هـەمووان بێـت. هەرچـەندە پـەڕتووکی نـاوبراو وەك ووتمـان یەکێکـە

لــەو لێکۆڵینــەوە گــرنگ و پــڕ زانیارییانــەی کــە زۆر پێویســتە وەربگێڕدرێتـە سـەر زمـانی کـوردی , بـەڵام جێگـای داخـە کـە ئـەمڕۆ ئەنجامدانی ئەو کارە (لەباری مادییەوە) لەتوانای ئێمەدا نییە.

لـەم پێشـەکییە کورتـەدا بەپێویسـتی دەزانـین ئـەوە دەربـڕین کـە ئێمە پێمـان چاکە و بەپێویستی دەزانین کە هـەر نووسینێك لەسـەر کورد و کوردستان لەلایەن بێگانەوە و بە زمـانی بێگانـە نووسـراوە و دەنووسـرێت, وەربگێڕدرێنـە سـەر زمـانی کـوردی . چـونکە لـە دوو رووەوە گرنگ و پێویستە : یەکەم _ بۆئەوەی هەمووان ئاگاداربین و بـزانین بێگانـە چـۆن لێمـان تێگەیشـتوون و چیمان لەسـەر دەبێـژن و چۆن تێمان دەڕوانن , تا لـە ڕێگـای راسـتییەکانیانەوە خۆمـان باشتر بناسـین . دووەم _ بۆئـەوەی گـەر نادروسـتی و چـەوتییەکیش لـەو نووسـراوانەدا هـەبێت (کـە بـە دڵنیایییـەوە زۆریـش هـەن) , لەلایـەن نووسـەران و شـارەزا و مێژوونووسـە زانـا و دڵسـۆزەکانی خۆمانـەوە ئاشــکرا بکــرێن و راســتییەکانیان تۆمــار بکرێنــەوە و هەڵــە و چەوتییەکانیشیان بەدرۆ بخرێنەوە.

ئێمە بەم تێگەیشتن و مەبەستەوە ئەم نووسینەمان وەرگێڕاوە کە ئومێدەوارین بەکەڵك بێت و جێگـای خـۆی بگرێـت . ئەگـەر ناتـەواوی و کەموکوڕییــەکیش لــە هــەر رووبەکــەوە هــەبێت , ئــەوا زۆر داوای لێبووردن دەکەین .

چالاك

# کوردستان و تێشکانی ڕاپەڕینی ئازەربایجان

لەگــەڵ تێشــکانی ڕاپــەڕینی ئازەربایجانــدا , کوردســـتانیش دووچاری هەمان چارەنووس بووەوە. بەڵام سەرکردەکانی (هێزی کۆمەڵەی کوردستان) هەڵنەهاتن و لەسێدارە دران[1]. تەنها هۆزێکی کورد کە ئامادە نەبوو خۆی بەدەستەوە بدات , هۆزی (بارزان) بوو. بارزانییەکان کە لە باکووری کەرکووك (ئێراق) دا نیشتەجێبوو بوون, لە ساڵی 1945 دا بەپێی بانگهێشتنی (قازی محەمەد) و بە سەرکردەیەتیی (مەلا مستەفای بارزانی) هاتنە نێو خاکی ئێرانەوە , کە نێزیکەی دووهەزار خێزان (دەهەزار کەس) ێك دەبوون. سێهەزار پیاوی جەنگاوەریان تێدا بوو. بەهۆی شەڕوشۆرشەوە دژی دەوڵەتی ئێراق , هەندێ لە سەرکردەکانیان کە لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە فەرمانی لەسێدارەدان بەسەریاندا درابوو , بانگهێشتنەکەی (قازی محەمەد) یان پەسەند کرد و هاتنە ئێرانەوە.

سەرلەشکر (ڕەزم ئارا) سەرۆکی ئەو کاتەی سوپا , پاش هاتنەناوەوەی لەشکر بۆ نێو ئازەربایجان, ئەو ڕووداوانەی بەم شێوە تۆمار کردوون : ((... (قازی محەمەد) خێزانە (بارزانییەکان) ی لە دەوروبەری (مەهاباد) لە (تیکاب) دا نیشتەجێ کردبوون.سوپا

[1] ڕۆژی 21.3.1947 (محەمەد سەیفی قازی) و (سەدری قازی) لە مەهاباد لەسێدارە دران.

که ئەمەی دەزانی , فەرمانی بە هێزێکی سەربازی دا کە لە (تیکاب) و (شاهین قەلاّ) تێپەڕن و خۆیان بگەیەننە میاندوئاو. ئەك رووداوە بووە هۆی ئەوەی کە (بارزانی) یە شەڕکەرەکان هەست بەوە بکەن کە خێزانەکانیان لەبەر مەترسیی سوپادان و خۆیان دوورکەوتوونەتەوە لێیان.

بەناچاری داوای ئاشتییان کرد و لەتەك ئێمەدا کەوتنە گفتوگۆکردنەوە.

(مەلا مستەفا) , (وەکوو میوانی سوپا) هات بۆ تاران و لەگەڵ چەند لێپرسراوێکی جۆراوجۆردا دەستی بە گفتووگۆ کرد .

دەوڵەت سێ ڕێگای چارەسەرکردنی بۆ پێشنیاز کردن :

1- خۆتان بە ئێرانی بناسێنن و چەکەکانتان دابنێن. بەم شێوەیە دەوڵەت لە گوندی تایبەتیدا داتان دەنێت و خەرجیی شەش مانگتان بۆ مسۆگەر دەکات .

2- ئەگەر ناتانەوێت لە ئێراندا بمێننەوە, ئێمە لە ڕوانگەی ئەرکی رەوشتییەوە 111 کەس لە سەرکردە بارزانییەکان کە لە ئێراق فەرمانی خنکاندن دراوە بەسەریاندا, جێگا دەکەینەوە و ئەوانی دیکەش بۆ ئێراق دەنێرینەوە.

3- ئەگەر پێشنیازەکانی سەرەوە پەسەند نەکرا ن , دەبێت خاکی ئێران بەجێبهێڵن.

لەو سەروبەندەدا دەوڵەت ئاگاداریکردنەوە کە لە رۆژی یەکەمی مانگی فێبریوەریی 1946 دا هێزە سەربازییەکان بەرەو ئەو ناوچانە دەکەونە رێ کە لەژێر دەسەلاٌتی کوردەکاندان.

(مەلا مستەفا) دوای ئاگادار بوون لە بیروڕای دەوڵەتی ناوەندی , بۆ بردنەوەی هەواڵ و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردە (بارزانی) یەکانی دیکەدا بەرەو کوردستان کەوتەوە رێ. پاش چەند رۆژێك ئاگاداریان کردینەوە کە دەیانەوێت بۆ ئێراق بگەڕێنەوە.

یەکەم رۆژی مانگی فێبریوەری سوپا دەستی بە جمان کرد و دەستی بەسەر ناوچەکاندا گرتەوە. بەلاٌم لەپڕ ئێمە هەستمان بەوە کرد کە ئەوان رووەو ناوچەکانی رۆژئاوای ئازەربایجان بۆپێشەوە دەڕۆن و مەبەستیان ئەوەیە کە لەگەڵ هۆزی (شکاك) دا پێوەندی ببەستن. بەهۆی ئەمەوە لە 3 ی مانگی مارت دا لە ناوچەی وورمێ رووبەڕووی هێزی (بارزانی) یەکان بووینەوە و شەڕ و لێکدان لە هەموو بەرەکانی جەنگدا روویدا.

بارزانییەکان لە هەموو روویەکەوە خەڵکی تێکۆشەرن. سروشتی تایبەتیی جەنگاوەرێتییان بەم شێوەیەیە :

1– لە کەڵك وەرگرتندا لە زەوی بۆ بەرگری لەخۆکردن , جۆرە وەستا و شارەزایەکن کە لە وێنەیان نییە.

2– لە تەقەمەنی بەکارهێناندا گەلێ دەست دەگێڕنەوە و ووردەکارن , هەتا ئێستا نەبینراوە کە (بارزانی) یەك لەماوەی

**پێنسەد مەترییەكدا گوللەباران بكات , هەموویان بە گشتی زۆر لەبەرترەوە گوللەباران دەكەن.**

**3- گەلیٚ زوو پەی بە خاڵە لاوازەكانی دوژمن دەبەن كە بەڕاستی ئەم سروشتەیان فرە سەرسوڕهێنەرە.**

**4- كەسانێكی گورجوگۆڵن و دەشت و كێو زوو بەخێرایی دەبڕن بێئەوەی هەست بە ماندوویێتی بكەن.)).**

**(ڕەزم ئارا) چەك و ئامڕازە جەنگییەكانیانی بەم شێوەیە دەستنیشانكردووە :**

**((ئەوان , هەفت تۆپ و سەد ڕەشاشی سووك و گران و چەكی دیكەی زۆری جۆراوجۆریان هەبوو , ئیدی جگە لەوانەش گەلیٚ دەزگای بێتەلیان هەبوو كە بەهۆیانەوە ئاخاوتنەكانی ئێمەیان پێوەردەگرتن. هەروەها خاوەنی چرای یەكدی هۆشیاركردنەوەش بوون. بەكورتییەكەی ڕێكخستنێكی سەربازیی تەواویان هەبوو.[1])).**

**((سوپا (بارزانییەكان) ی كە لە ڕۆژئاوای ئازەربایجانەوە بەرەو باكوور دەڕۆیشتن , گەمارۆ دا. بەڵام (بارزانییەكان) بە شالاوی ڕووبەڕووی توندوتیژ هێڵی ڕۆژئاوای گەمارۆكەی سوپایان**

---

[1] لە كفتوگۆكانی سەرلەشكر (ڕەزم ئارا) سەرۆكی فەرمانگەی سوپا لەتەك ڕۆژنامەنووسەكاندا , ڕۆژنامەی (ارس بەجای ایران ما) ژمارە 77 , 26.1.2.

**تێکشـکاند و جـەنگاوەرەکان خۆیـان گەیانـدە(بازرگـان)ی کـەناری ئاراراتەوە.[1]))**.

**بەم شێوەیە (بارزانییەکان) بە درێژایی سنووری تورکیا و ئێران لـە ئازەربایجانـەوە کوتایـان و لـەڕێگای بازرگـان و ئاراراتـەوە چوونە نێـو خـاکی سـۆڤێتەوە. بارزانییـەکان لـە هـەموو مـاوەی مانـەوەی خۆیاندا بەشێوەی بە کۆمەڵی لە خاکی سۆڤێتدا ژیانیان بەسـەر برد و پـاش چـەند سـاڵێك گەڕانـەوە بـۆ ئێـراق . بـەڵام ئازەربایجانییـە پـەنادراوەکان تـا سـاڵی 1948 , بەشـێوەی دەسـتە و کۆمـەڵی لـە ناوچـەکانی : (تـەفلیس) – (خـداد) – (خاچـمان) – (گنجـە) و دەوروبـەری بـاکۆ لـەژێر دەستبەسـەریدا بـوون. هـەروەها مەڵبەنـدی رامیارییـان لـە شارۆچکەی (مردکـان) بـوو کـە کوێسـتانێکە سـەر بـە باکۆیە.**

---

[1] لە هەواڵنێری تایبەتیی ئاژانسی (اشوشیتد پریس) , (ایران ما) ژمارە 754, رۆژمێژووی 26.3.28 .

تێبینی : لەم باسەدا پێویستە هەمووان ئاگاداری ئەوە بین کە ژمارەی رۆژ و مانگ و ساڵەکان هەموویان بەپێی رۆژمێژووی (شمسی – خۆری) نووسرا بوون , لەبەرئەوە بە پێویستمانزانی کە رۆژمێژووی زایینی لەبرییان بنووسین. هەروەها ژمارەی پەراوێزەکان لە چاپە فارسییەکەدا بەم جۆرەن: پەراوێزی ژمارە (1) ی ئەم وەرگێڕانە لەبری پەراوێزی ژمارە (3) ی لاپەڕە 475 ی پەڕتووکەکەیە. پەراوێزی (2)لەبری پەراوێزی (1)یلاپەڕە476 و پەراوێزی (3) لەبری پەراوێزی(1)ی لاپەڕە477–ە.

لەو ساڵەدا (پیشەوەری) دوای مشتومڕێکی زۆر توندوتیژ لەگەڵ (میر جەعفەر باقرۆف) دا , داوای لێکرد کە تەنێ تفەنگەکانی ئازەربایجانییە پەنادراوەکان بداتەوە پێیان تا بۆ نیشتمانیان بگەڕێنەوە.

بەداخەوە پاش ئەو رووداوە (پیشەوەری) بەشێوەیەکی گوماناوی کۆچی دوایی کرد و هەموو پەنادراوەکانیش دووچاری تۆڵە لێسەندنەوەیەکی ناجوامێرانە بوون. لێکیان جیاکردنەوە و هەندێکیانیان لە کۆمەڵە دەرکردن و سووکایەتیشیان پێکردن و بە لاوازی هێشتیاننەوە. ئیدی زۆربەیان هەر لە ئارەزووی گەڕانەوەدا بۆ نیشتمان, دواهەمین رۆژان و ساتەکانی تەمەنی پڕ لە خەم و خەفەتیان بەسەر دەبەن.

ئەم بەشە لە پەڕتووکەکەدا لە لاپەڕەکانی 475 تا 477 ی بەشی هەشتەمدایە.

ئەمەی خوارەوە ناونیشانی تەواوی چاپە فارسییەکەیە :

گزشته چراغ راه اینده است

پژوهش گروهی (جامی)

ویراستار : بیژن نیك بین

چاپ دوم و تابستان 1362

انتشارات نیلوفر

# (هێزی دێموكراتی كوردستان)، (كۆمەڵە) و خۆفەرمانڕەوایی كوردستان

(هێــزی دێمــوكراتی كوردســتان) كــە ماوەیــەك دوای (هێــزی دێموكراتی ئازەربایجـان) پێكهـات , دەوروبـەری مـانگی ئۆكتۆبـەری ساڵی 1945 یەكەم كۆنگرەی خۆی لە شاری مەهاباد گرت.

لەبەرئـەوەی لێكچـوونێكی زۆر لـەنێوان خواسـت و ئامانجـەكانی (هێزی دێموكراتی ئازەربایجان) و (هێزی دێموكراتی كوردستان) دا هەیە , ئێمە لـە روونكردنـەوەی خواستەكانی ئـەم هێزەدا تـەنها ئـەو گفتوگۆیانە دەستنیشان دەكـەین كـە (محەمـەد هـورمز) لەگـەڵ (قازی محەمەد) دا ئەنجامی داوە.

((پ- ئامـانجی (هێـزی دێمـوكراتی كوردســتان) چـییە و ئایـا ئێـــوەش هـــەر وەكـــوو (هێـــزی دێمـــوكراتی ئازەربایجـــان) داوای خۆفەرمانڕەوایی نێوخۆیی دەكەن یان نا ؟

و- چوار ساڵە كە خۆفەرمانڕەوایی لێرە جێبەجێ دەكرێت و ئەم كارە , ئێمە زۆر لەمێژە ئەنجاممان داوە. ئامـانجی ئێمـە هـەمان شتـە كە لە بەیاننامەی (حیزبی دێموكراتی كوردستان) دا راگەیەندراوە و مـن دانەیــەكی بــە بــەڕێزتان دەدەم. هــەر وەكــوو خۆتــان ئاگــادارن مەبەستی ئێمە بریتییە لەمانە:

1- میللـەتی کـورد لـە چوارچـێوەی ئێرانـدا لـە بـەڕێوەبردنی کاروباری ناوچـەیی، خۆفـەرمانڕەوا و ئـازاد بێـت و لـەنێو سنووری دەوڵەتی ئێراندا خۆفەرمانڕوایی میللیی کورد بەدەست بهێنێت.

2- بە زمانی خۆی بتوانێت بخوێنێت و کاروباری فەرمانگەکان بە هەمان زمان بەڕێوە ببرێت.

3- ئەنجوومـــەنی فــەرمانڕەوایی کوردســـتان بـــەپێی یاســـای بنچـــینەیی، دەســـتبەجێ هەڵببـــژێردرێت لـــە هـــەموو کاروبـــارە کومەڵایەتی و دەوڵەتیەکاندا سەرپەرشتی بکات.

4- فەرمانبـــەرانی دەوڵـــەت دەبێـــت بـــێ چەندوچـــوون خـــەڵکی ناوچەکە بن.

5- بـەهۆی یاسـایەکی گشـتییەوە لـەنێوان وەرزێـر و دەرەبەگـدا رێککەوتن بەجێبهێنرێت و داهاتووی هەردوو لایان مسۆگەر بکرێت.

6- (حیزبی دێموکراتی کوردستان) بەتایبـەتی تێدەکۆشێت کە لـــەنێوان جـــەماوەری ئازەربایجـــان و نەتـــەوەکانی دیکـــە کـــە لـــە ئازەربایجانـــدا دەژیـــن (ئاســـووری و ئەرمـــەنی و ئـــەوانی دی) لـــە خەباتیاندا یەکێتی و برایەتیی تەواو جێگیر بکات .

7- (حیزبی دێموکراتی کوردستان) بـەهۆی کەڵکوەرگرتنـەوە لـە سەرچاوە سروشـتییە زۆروزەبەنـدەکانی کوردسـتان و پێشخسـتنی کاروبـــاری کشـــتوکێڵی و بازرگـــانی و پەرەســـەندنی کاروبـــاری

فەرهەنگییـــەوە لـــەپێناوی خۆشـــبژێوی و مســـۆگەری و ســـەروەریی نیشتمانی خۆی خەبات دەکات.

پ- (هێـزی دێمـۆکرات) بـەڕێوەبردنی کاروبارەکـانی خـۆی چـۆن ئـــەنجام دەدات و خۆفـــەرمانڕەوایی کـــە دەفـــەرموون چـــوار ســـاڵە جێبەجێکراوە بە چ شێوەیەك بووە؟.

و- کاتێـــك کـــە ویســـتمان خۆفـــەرمانڕەوایی لـــە کوردســـتاندا جێبـــەجێ بکـــەین, هەڵبـــژاردنمان ئـــەنجام دا, لـــە ناوچـــەکانی کوردســـتانەوە نوێنـــەرەکان هاتنـــە مـــەهاباد . نوێنـــەرانی نـــاوبراو لیژنەیەکیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکـانی کوردسـتان و پێکهێنـانی پێوەندیی بە دەوڵەتی ناوەندییەوە هەڵبژارد کە ئەم لیژنەیە بەناوی (لیژنـەر سـەرکردایەتیی میللـی) یـەوە ناودەبرێـت. لەڕاسـتیدا ئـەم لیژنەیـــە ســـەرکردایەتییەکەی لـــەو رووەوەیـــە کـــە کاروبارەکـــانی کوردستان بەڕێوە دەبات.

پ- فەرمووتان ئێوە خۆفەرمانڕەوایی کوردستان دەخـوازن , لـەم رووەوە ناردنی نوێنەر بۆ ئەنجوومـەنی راوێـژکارانی ئازەربـایجـان بـە چ مەبەستێك بووە؟

و- لەبەرئـــەوەی کـــە ئامـــانج و مەبەســـتی (هێـــزی دێمـــوکراتی ئازەربایجان) لەگەڵ (هێزی دێموکراتی کوردستان) لێکنێزیکن و هەر وەکـوو یـەك وان , لـەم خەباتـەدا یەکێتییـەك هەیـە لـەنێوان ئـەم دوو هێزەدا. ناردنی نوێنەر بۆ ئەنجوومەنی میلليی ئازەربایجان تەنها بۆ

ئەوەیە کە هاوکاریی پتر بکەین , ئەگەرنا مەبەستی ئەم کارە پێکەوە گرێدانی ئەم دوو بەشە نییە لەتەك یەکدیدا.

پ- ئەگەر یەکێتییەکی تەواو لەنێوان (هێزی دێموکراتی ئازەربایجان) و (هێزی دێموکراتی کوردستان) دا نەبێت , ئەی کەواتە چۆن (هێزی ئازەربایجان) لیژنەیەکی شالیارێتییان پێك هێناوە , بەڵام ئێوە کارێکی لەم بابەتەتان ئەنجام نەداوە ؟

و- لیژنەی میللیی کوردستان لەڕاستیدا هەر هەمان لیژنەی وەزیرانی ئازەربایجانە[1])).

داخوازییەکانی (هێزی دێموکراتی کوردستان) لەلایەن کوردەکانی ئێراق و تورکیاشەوە پشتیوانیی لێکراوە. ئەوە بوو کە لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا (مەلا مستەفای بارزانی) لەگەڵ نێزیکەی سێهەزار پیاوی جەنگاوەردا لە ئێراقەوە هاتە ئێران و چوونە نێو (هێزی دێموکراتی کوردستان) ەوە.

رۆژی 15 ی دیسامبەری ساڵی 1945 (قازی محەمەد) لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانێکی فراواندا دامەزراندنی (کۆماری کوردستان)ی بە فەرمی راگەیاند و رۆژی 22 ی ژەنیوەری ساڵی 1946 ئەنجوومەنی میلیی کوردستان دروستکرا و (قازی محەمەد)

---

[1] (مردم) , ژمارەی تایبەتی , ژمارە 7 , رێکەوتی 11.10.24 , لە (شهباز) ەوە وەرگیراوە. تێبینی : ئەم ووتارە لە بەشی شەشەمدایە و لە لاپەڕەی , 338-339 , ەوە وەرگێڕدراوە.(و). - ووشەی (خۆفەرمانڕەوایی) لەبری (خودموختاری) بەکار هێنراوە. (و)

بە سەرۆكی كۆماری میللی هەڵبـژێردرا . هەروەها (حسێن سەیفی قازی) بـە شـالیاری جـەنگ هەڵبـژێردرا و (مەلامستەفای بـارزانی) و (عـەموخانی شـكاك) و هەنـدێ كەسـی دیكـە لـە سـەرۆك هۆزەكـانی كورد گەیشـتنە پلەوپایـەی ژەنـەڕاڵی و بوونـە سـەركردایەتیی هێـزە چەكدارەكانی كوردستان .

پێكهێنــانی كۆمــاری میللیــی كوردســتانیش وەكــوو كۆمــاری میللیـی ئازەربایجـان دوابـەدوای یەكـدی بینـینی (قـازی محەمـەد) و (میر جەعفەر باقرۆف) لە باكۆ و بە یارمەتیی و پشـتیوانیی مـادی و مانایی دەوڵەتی سۆڤێت ئەنجام درا.

## بارزانییەکان – د. عەبدولڕەحمان قاسملو[1]

هێندێك چەك و تەقەمەنی کە لە ئەمبارەکانی کۆماری مەهاباد دا مابوو بارزانییەکان بردیان کە بریتی بوو لە 3000 تفەنگ و 120 قەبزە تیربار و 2 تۆپ و هێندێك نارنجۆك. بارزانییەکان ئەوکاتەی ئازربایجان رووخا و ئەرتەش بۆ لای مەهاباد پێشڕەوی کرد لە جەبهەی سەقز و تکاوەوە خۆیان گەیاندە دەوروبەری بۆکان و لەوێ را چوون بۆ دەوروبەری مەهاباد. دەبێ بگوترێ کە پاشەکشەیان زۆر رێك و پێك و خێرا بوو. پاش گەیشتنی لەشکر بە مەهاباد لە رۆژی 29 ی مانگی سەرماوەز (20 ی دیسامبر) دا مەلا مستەفا بارزانی چوو بۆ شاری مەهاباد بۆ دیتنی سەرتیپ هومایوونی و پێشنیاری کرد کە دەوڵەتی ئێران لە دەوڵەتی بریتانیا تەزمین وەربگرێ بۆ ئەوەی بارزانییەکان بتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و بچنەوە عێراق. سەرتیپ هومایوونی کە دیارە خۆی نەی دەتوانی بڕیار بدا پێشنیاری کرد کە مەلا مستەفا بچێ بۆ تاران. رۆژی 30 ی سەرماوەز (21 ی دیسامبر) مەلا مستەفا لەگەڵ " میرحاج ئەحمەد ", " عیززەت عەبدولعەزیز ", " نووری ئەحمەد تەها " پێکەوە

---

[1] چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی , بەرگی یەکەم , د. عبدالرحمن قاسملو , چاپی دووهەم. ل 128-133, 1988.

لەگەڵ سەرهەنگ غەفاری چوون بۆ تاران و نزیك مانگێك لە باشگای ئەفسەرانی تاران مانەوە.پاش وت و وێژێکی زۆر , دەوڵەتی ئێران پێشنیاری بە بارزانییەکان کرد کە لە داوێنی چیای ئەلوەند نیزیك هەمەدان نیشتەجی بن و رای گەیاند کە ئامادەیە تا شەش مانگ هەموو خەرجی خواردن و ژیان و مانەوەیان بداتێ. مەلا مستەفا بەرواڵەت ئەو پێشنیارەی قبووڵ کرد و رۆژی 9 ی رێبەندان (29 ی ژانویە) گەڕایەوە بۆ مەهاباد. سەرتیپ هومایوونی داوای لێ کرد کە دەست بەجێ ئەو بڕیارە کە لە تاران دراوە بێتە دی. بەڵام مەلا مستەفا داوای 24 سەعات مۆڵەتی کرد بۆ ئەوەی چاوی بە شێخ ئەحمەد بکەوێ و نەزەری ئەویش وەربگرێ. پاش ئەوەی مەلا مستەفا چوو بۆ لای شێخ ئەحمەد, وەڵامی بۆ هومایوونی ناردەوە کە شێخ ئەحمەد بڕیاری تاران پەسەند ناکا. وا دەردەکەوێ کە مەلا مستەفا بۆ خۆشی هەر پێشنیاری تارانی قبووڵ نەکردبوو, بەڵام لە تاران پێی خۆش نەبوو کە ئەو نەزەرە بە راشکاوی بە دەوڵەتی ئێران رابگەیەنێ و رای گرتبوو پاش ئەوەی گەڕایەوە و لە مەترسی دەرباز بوو پێ یان بڵێ. بەم شێوەیە بارزانییەکان یەك ریگایان زیاتر نەما : ئەویش بەربەرەکانی کردن بەرامبەر بە لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی بوو.

**بارزانییـەکان لـە 21 ی مـانگی رەشـەمەی 1325 ەوە تـا 24 ی خاکەلێوی 1324 (11 ی مارس تا 13 ی ئاوریلی 1947) لە چەند جێگا تووشی شەڕی توند لەگەڵ لەشکری ئێران بوون.**

**هێندێك لە سەرۆك عەشیرەتەکان وەك هەرکییەکان : رەشیدبەگ و نووری بەگ کە لە پێش دا خۆیان لەگەڵ بارزانییەکان خستبوو زۆر زوو تەسلیمی لەشکری شا بوون. لەوەش زیاتر پاشان بوون بە جاش و دەستیان بە شەڕ کردن لەگەڵ بارزانییەکان کرد. شەڕی نەڵۆس یەکێك لە شەڕە گەورەکان بوو کە 26 ی مانگی رەشەمە رووی دا , ئەفسەرێك و 12 سەربازی تێدا کوژران و 5 ئەفسەر و 68 سەربازیش بە دیل گیران. ئەو تێك شکانەی لەشکری وێران دەنگی دایەوە و نیشانی دا کە ئەرتەش بەو هاسانییە لە شەڕی خۆی دژی بارزانییەکان سەرناکەوێ. لە 5 ی خاکەلێوی 1326 (25 ی مارسی 1947) دا سەرتیپ همایوونی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران چاوی بە ژەنەڕاڵی عێراقی "عەلی حیجازی " کەوت. حیجازی پێشنیاری بە هومایوونی کرد کە ئەرتەشی عێراق ئامادەیە دژی بارزانییەکان یارمەتی لەشکری ئێران بدا. هێزە چەکدارەکانی تورکیەش ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری لەگەڵ لەشکری شا راگەیاند . ئەمەش لە مێژووی نەتەوەی کورددا شتێکی تازە نەبوو , دیاردەیەك بوو کە زۆر جار رووی دا بوو. ئێستاش وێ دەچوو دووپات بکرێتەوە. بەڵام هومایوونی ئەو پێشنیارانەی قبووڵ نەکرد. چونکە بە کەسری**

**شانی لەشکری شای دەزانی کە نەتوانێ دەرەقەتی بارزانییەکان بێ و داوای یارمەتی لە لەشکری بێگانە بکا.**

**بارزانییەکان لە چەند شەڕی دیکەش دا ئازایانە بەربەرەکانییان کرد و سەرکەوتوو بوون و بە لەشکری ئێرانیان نیشان دا کە هێزێکی بە توانان و هێزی چەکداری ئێران لە وزەی دا نییە بە سادەیی بە سەریان دا زاڵ بێ. ئەوە بیر و رای زۆربەی سەرانی لەشکری ئێران بوو و تەنانەت سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران رای گەیاند کە سوپای تازەی ئێران (مەبەستی ئەو سوپایە یە کە لەکاتی هاتنە سەر کاری رەزا شاوە پێك هاتوە) تا ئێستا لەگەڵ دوژمنی هێندە بەهێز وەك بارزانییەکان شەڕی نەکردوە. هەر لەو کاتەش دا شا فەرمانێکی دەرکرد کە مەبەستی کوشتن و لەنێو بردنی هەموو بارزانییەکان بە ژن و منداڵەوە بوو. لەو فەرمانەدا کە 29 ی رەشەمەی 1325 (19 ی مارسی 1947) داویەتی دەڵێ : " بە فڕۆکە تەواوی بنکەکان و رێبازی کۆچ و کرچباری ماڵە بارزانییەکان و هەروەها تۆپخانەکەیان بۆمباران بکەن, دەبێ تا 15 ی خاکەلێوی 1326 (4 ی ئاوریلی 1947) شەڕ کۆتایی بێ و کارێکی وا بکەن کە بارزانییەکان نەتوانن دەرباز بن و لەوە زیاتر ئابڕووی لەشکر نەچێ."[1] بەڵام بارزانییەکان رۆژی 24 ی خاکەلێوی 1326 (13 ی**

---

[1] ن . پسیان – از مهاباد خونین ... ل 103.

ئاوریل) لە چۆمی گادەر پەڕینەوە و چوون بۆ عێراق و دەرباز بوون. دیارە هەم ئابڕووی ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران چوو و هەم ئابڕووی خودی حەمەرەزا شا کە فەرمانەکانی جێ بە جێ نەکران.

بارزانییەکان کە ئێرانیان بەجێ هێشت ژن و منداڵێکی زۆریان لەگەڵ بوو, شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ ژن و منداڵ خۆیان تەسلیمی حکوومەتی عێراق کرد و بەخشران. هەر چەند مەلا مستەفا داوای لە هێندێك لە ئەفسەرانی ئەرتەشی عێراق کرد کە خۆیان تەسلیم نەکەنەوە چونکە بڕوای بە ریژیمی هێراق نەبوو. بەلاّم ئەو ئەفسەرانە پێ یان وابوو کە دەبەخشرێن و ئامادەش نەبوون ماوەیەکی زۆر لە شاخ و داخ بمێننەوە و پێکەوە وێرای بارزانییەکان شەڕ بکەن , شەڕێك کە ئاکامی دیار نەبوو. بۆیە خۆیان تەسلیمی رێژیمی نووری سەعید کرد. لەوانە چوار ئەفسەری کوردی عێراق کە لەگەڵ بارزانییەکان هاتنە ئێران و لە کۆماری کوردستان دا خزمەتیان کرد بە ناوی مستەفا خۆشناو . عەبدولکەریم خەیروێ , محەمەد مەحمود و , عیززەت عەبدولعەزیز بە ئیعدام حوکم دران و رۆژێ 29 ی جۆزەردانی 1326 بەرامبەری 19 ی ژوئەنی 1947 لە سێدارە دران. ئیعدامی ئەو چوار کەسە تەئسیرێکی زۆر خراپی کردە سەر خەڵکی کوردستان , چونکە زۆر لە کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق کە کورد بوون تکایان بۆ کردن و هەوڵیان دا بۆ ئەوەی لە مردن رزگاریان بکەن , بەلاّم سەرنەکەوتن.

هەر لەو کاتەدا لەبەر ئەوە لە دوو پارچەی کوردستان خەباتیان کرد بـوو وەك شـەهیدی زۆر خۆشەویسـت هاتنـە بەرچـاو. بۆیـە رۆژی شەهید بوونیـان بە رۆژێك دانـرا کە : " رۆژی گریـان و ماتـەم بـوو , وەتەن دڵی پڕ لە خەم بوو , چونکە جوانەمەرگەکانی وەتەن شەهید کران " . بەراستیش ئەو چوار ئەفسەرە زۆر ئازایانە پێشوازیان لە مردن کرد و لە نامەی خۆیان دا کە پێش شەهید بوون نووسیویانە داوایان لە خەڵکی کوردستان ئەوە بوو کە ئەو رێگایەی ئەوان پێی دا رۆیشتوون واتە رێگای رزگاری گەلی کورد هەر درێژە پێ بدەن. ئیعدامی ئەوانە دروستی بۆچوونی مەلا مستەفا بارزانی دەرخست کـە ئامـادە نـەبوو بـە هـیچ جۆرێـك بـڕوا بـە وەعـدە و پـەیمانی حکوومەتی عێراق بکا.

مـەلا مسـتەفا بـارزانی و 500 کـەس لـە بارزانییـەکان کـە بـە دڵخـوازی خۆیـان لـە گـەڵی کـەوتن رۆژی 6 ی جـۆزەردان لـە رێگـای تورکیـەوە گەڕانـەوە بـۆ ئێـران و پـاش چـەندین شـەڕی قارەمانانـە و بڕینی زیاتر لە 300 کیلۆمیتر رێگا لـە گـەڵ ئـەوەی پـتر لـە 10 000 کەس لە لەشکری ئێران بۆ لێدان و پێش گرتنی ئەوان تـەرخان کـرا بوو, توانیان رۆژی 26ی جۆزەردان واتـە پـاش 20 رۆژ رێگـا بـڕینی بێ وەستان و بێ ماندوو بوون لـە چـۆمی ئـاراز بپەڕنـەوە و پـەنا بـۆ یەکیەتی سۆوێتی بەرن.

بەربـــەرەکانی و شـــەڕی بارزانییـــان دژی لەشـــکری شـــا ئـــەو راســـتییەی ســـەلماند کـــە نـــەك هـــەر دەکـــرا دژی ئـــەم ئەرتەشـــە بەربەرەکانی بکری , بەڵکوو ئیمکانی سەرکەوتنیش هەبوو. راستە کە بارزانییەکان تاقی کردنەوەی شەڕیان زۆر بوو , بەڵام لە ناوچەی کوردسـتانی ئێـران ناشـارەزا بـوون و ژمارەشـیان کـەم بـوو. شـەڕی بارزانییەکان تا ڕادەیـەك ئاش بەتاڵی کۆماری کوردستانی قەرەبوو کـردەوە و تـا ئەندازەیـەك هەسـتی لـە خۆدڵنیـا بـوونی خـەڵکی کوردسـتانی کـە تێـك شـکا بـوو بـردە سـەرێ. هـەروەها شـوێنەواری خراپـی لـە نێـو چـوونی کۆمـاری کوردسـتان و هـەموو جووڵانـەوەی دیمـوکراتی ئێرانـی تـا رادەیـەکی زۆر لـە بـەین بـرد و ئـەو بڕوایـەی بـەهێز کـرد کـە لەشـکری شـا و دەوڵـەتی مەرکـەزی ئێـران هێـزی لەشـکان نـەهاتوو نـین و ئیمکـانی ئـەوە هەیـە لـە شـەڕ لەگـەڵ جووڵانەوەیەکی پێشکەوتووی گەلی کورد دا تێك بشکێن. بە کورتی بـە تـەواوی دەرکـەوت کـە هـەموو کاتێـك گـەلی کـورد توانـای هەیـە بەرامبەر بە هێزی دەوڵەتی مەرکەزی رابوەستێ و بەربەرەکانی بکا.

# یادەوەریی دوا سەرۆکی نەتەوەیی و ئەفسانەیی کوردایەتی

**– کەرکووك دڵی کوردستانە . هەرکاتێك مرۆڤ توانی بەبێ دڵ بژی ! ئەوکاتە دوژمن دەتوانێت کەرکووك لە کوردستان جیابکاتەوە .**

**– من دیمۆکراتیخوازم و دڵم هەر ئەوە دەخوازێت کە لەنێو میللەتەکەمدا بە ئاشتی و بەختەوەری و یەکسانی بژیم و رۆژێ لە رۆژان بتوانم ئالأی کوردستان لە بستێکی کوردستاندا هەڵبکەم.**

**((سەرۆك بارزانیی نەمر))**

ئێمەی کورد هەمیشە بە دڵ و بە گیان و بە شانازاییەوە یادی دوا سەرۆکی نەتەوەیی خۆمان, بارزانیی نەمر دەکەینەوە. 25 ساڵ لەمەوبەر نەتەوەی کورد گەورەترین سەرکردەی مێژوویی بزووتنەوەی رزگاریخوازی خۆی لەدەست دا , کە دەتوانین بڵێین لە مێژووی چەند سەد ساڵی رابردوودا , نەتەوەی کورد سەرکردەیەکی ئەفسانەیی وەکوو بارزانی بەخۆیەوە نەبینیوە. لەڕاستیدا کۆچی دوایی بارزانی , لەو هەلومەرجە هەستیار و دژوارەی دوای تێشکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا, رووداوێکی نەتەوەیی هەژێنەر و

دڵتـەزێن بـوو, ڕۆژی پرسـە و ماتـەمینیی هـەموو کـورد و کوردسـتان بـوو. ماڵئـاوایی یـەکجارەکیی ئـەو سـەرکردە مەزنـە , خورپـەی لـە دڵـی نەتەوەیـەك هەسـتان کـە هێشـتا بـرین و ئازارەکـانی گـەورەترین تێشـکانی خـۆی و ئـەو سەرکردەمەزنەی ساڕێژنەبووبوونەوە. نەتەوەی کورد ئـەو کاتـە و ئێستاش لـە هەموو سەردەمێکی دیکە زۆرتر و پتر پێویستی بـە سـەرۆکێکی پاك و دڵسۆز و ئازا و شۆڕشگێڕی وەکوو بارزانی هەبووە و هەیە, چونکە بارزانی بەهۆی ڕەوشتی تایبەتیی خۆی و ڕابردوو و مێژووی پڕ لـە تێکۆشـان و نەسرەوتنی کوردایەتی‌یەوە , نەك هەر ببـووە سـەرۆکێکی نەتـەوەیی و ئەفسـانەیی هـەموو کـورد, بـەڵکوو ببــووە بـاوکێکی میهرەبـان و لــەخۆبووردووش بـۆ هــەموو جەماوەری کوردستان. بە ڕاشکاوی و بە شانازییەوە دەتوانین ئەو ڕاستییەش بــــەیان بکــــەین کــــە تەنانــــەت کەمەنەتەوەییــــەکانی هاونیشــــتمان و هاوچارەنووسیشمان , ئەوانیش هـەموو بـارزانی یـان بـە سـەرکردەی دڵسـۆز و خـەمخۆری خۆیـان دەزانـی. ئەمـە مایـەی شـانازییە بـۆ هـەموومان. بەڕاسـتی چــەندین ڕۆڵــەی ئــازا و تێکۆشــەر و شۆڕشــگێڕی کەمەنەتەوەییــەکانی کوردستان لەژێر سایەی شۆڕشی مەزنی ئـەیلوول و سـەرکردەیەتیی وی دا , درێـژەیان بـە ژیـان و خـەبات و تێکۆشـانی خۆیـان دەدا. بـە شـانازییەوە دەبێ ئـەو سـەروەرییە ئامـاژە پـێ بدەین کـە (ئاڵای سـووری کوردایـەتیی بـارزانی) , چەتر و ساباتی هەموو کورد و کوردستانییەکی تێکۆشەر و ئازادیخواز بووە. ئـەو ڕاپــەڕین و شۆڕشـانەی کـە بـارزانیی نـەمر سـەرکردایەتیی کـردوون , ڕەنگیــان لەتێکۆشــان و ژیــان و مانــەوەی هــەموو کــورد و هــەموو هاونیشتنمانییەکی کوردستان داوەتەوە و ئەمڕۆ پاش ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنانــەی کــە بەســەر هــەموو کــورد و هــەموو دانیشــتوانێکی ئابڕوومەنـدی کوردسـتاندا هـاتووە, پـاکی و دڵسـۆزی و گـەورەیی بـارزانی

زۆرتر و زۆرتر هەست پێدەکرێت. با ئێمەی کورد لەم یادە نەمر و پیرۆزەدا لە خۆمان بپرسین کە ئایا ئەمە تایبەتمەندییەکی بێوێنە و شانازییەکی گەورە نییە بۆ ژیان و مێژووی ئەو گەورە مێرخاسەی کورد کە هەتا ئەمڕۆ لە سەرانسەری کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دا, پاش نەمانی ئەو هێشتا ئەو شوێنە چۆڵبووەی کۆچی دوایی ئەو سەرکردە مەزنە پڕنەبووەتەوە و هیچ کەس و کۆڕو کۆمەڵ و لایەنێك نەیان توانیوە ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکەنەوە. بە راشکاوی دەبێت ئەو راستییە دەربڕین کە دوای چارەکە سەدەیەك لە ماڵئاوایی کردنی ئەو گیانە مەزنە, هەتا ئەمڕۆ کورد و کوردستان و بزووتنەوەی کوردایەتی هەر چاوەڕوانی پڕبوونەوە و شوێنگرتنەوەی ئەو سەرکردە ئەفسانەیی و هەڵکەوتووەی مێژووی کورد دەکەن. هەتا ئێستاش بەداخەوە هەر دەبێ بڵێین کە کورد دوای نەمانی ئەو سەرۆکە مەزنە هەر بێ سەرکردەی نەتەوەیی ماوەتەوە. مەخابن ئەم دیاردەیە هەتا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و شوێن چۆڵیی سەرۆك بارزانی لە سەرانسەری کوردستان و بزووتنەوەی کوردایەتیدا , کاریگەریی خۆی لەسەر رەوتی هەموو رووداوەکانی نێو کوردستان و بزووتنەوەی کوردایەتی داناوە. راستە ئەمڕۆ لە کوردستان گەلێ پارت و رێکخستنی رامیاریی جۆراوجۆر هەن, سەرکردەی پارت و رێکخراوی هەمەچەشنەی زۆر هەن, بەلام ئەوە راستییەکی نکولی لێنەکراوە کە هەتا ئێستا بە هەر هەموویان نەیانتوانیوە کاریگەری و شوێنە تایبەتییەکەی بارزانی نەمر, سەرکردەی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی پڕ بکەنەوە. چونکە بەراستی و بە کردەوە و بە هەموو واتای ئەم وشانە , بارزانی پاك و دڵسۆز و شۆڕشگێڕ و مەزن و شکۆمەند بوو,. بارزانی نەمر تەنها سەرۆکێکی مێژوویی کوردە کە بەردەوام و بێ سرەوتن, بە هەموو شێوە و شێوازێکی گونجاو و پێویست , نیوسەدە

لــــەپێناوی ئـــازادیی کـــورد و ســـەربەخۆیی کوردســـتاندا دڵســـۆزانە و کوردپەروەرانە  بە رەوشتی پاکی شۆڕشگێڕانەوە تێکۆشاوە و لەتەك گشت دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانیشدا جەنگاوە و لەو سەروبەندەدا هەموو ئازار و ناخۆشی و تەنگوچەڵەمەیەکی ژیانی چەشتووە و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆڵنەدان و ماندووبوونی نەزانیوە چییە , چونکە تێکۆشان و نەسرەوتن و کوردایەتی , دروشم و ڕێبازی هەمیشەیی ژیانی بووە. بارزانی لە رەوتی ژیان و تێکۆشانیدا , رووبەڕووی گەلێ کێشە و تەنگوچەڵەمەی جۆراوجـــۆر  بووەتـــەوە , زینـــدانی و ئەشـــکەنجەی زۆری بینیـــووە , لـــە شۆڕشەکانیشـیدا بـەهۆی لاسـەنگیی بـارودۆخ و هێـز و تواناکـانی کـورد و دەوڵەتـــە داگیرکـــەرەکانی کوردســـتانەوە تێشـــکاوە , دەربـــەدەر بـــووە,,لـــە بـــارودۆخی دژواری نـــاو کوردستانیشـــدا لەلایـــەن تـــابووری پێنجـــەم و داروەدەستەی ناپاك و خۆفرۆشتووی ناوخۆشەوە گەلەکۆمەکێ و ناپاکیی بەرامبەر کراوە, بەڵام هەرگیزاو هەرگیز نەبەزیوە و کۆڵی لە تێکۆشانی کورایەتی نەداوە. ئەمە تایبەتمەندیی سەرکردەی نەتەوەییە کە بە شانازییەوە دەبێ بیڵێن  ئەمە تایبەتمەندیی بارزانیی نەمریش بووە. بارزانی لە تێشکانەکانیدا نەرووخاوە  و  نائومێد نەبووە و کۆڵی نەداوە هەر وەك چۆن لە سەرکەوتنەکانیشیدا لەخۆی بایی نەبووە و لە راستە ڕێبازی کوردایەتی لای نەداوە. بارزانی هەردەم دووربین و گەش بین بووە بۆ ژیان و بۆ داهاتوو, سەرۆکێکی دڵئاوا و بەخشندە و بێفیز بووە و هەرگیز خۆی لە هەڤاڵانی بە گەورەتر نەزانیوە, لەگەڵ هەڤاڵانیدا ژیاوە هەر وەکوو ئەوان ژیاوە. تەنانەت لەپێناوی یەکگرتوویی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و تەبایی و ئاشتیی نێوخـۆدا , بەخشـندە و لێبـووردەش بـووە بەرامبـەر هـەموو ئـەو ناپـاك و خۆفرۆشتووانەی ناوخۆش کە شانبەشانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی

کوردستان لە سەنگەری تاوان و ناپاکیدا پێشمەرگەی کوردیان دەکوشت و کوردستانیان وێران دەکرد. بارزانی لە گشت شۆڕشەکانی کورددا هەر وەکوو پێشمەرگەیەکی گیانلەسەردەستی کوردایەتی بەشداربووە و ژیاوە جگە لە شانازی و سەروەرێتیی تێکۆشانی کوردایەتی, دڵی بە سەرمایەی ماددی و خۆشگوزەرانی و کۆشك و تەلار خۆش نەکردووە و زۆرتر گرنگی و بایەخی بە بەها نامادی و مانەوییەکان داوە. بێئەندازە ڕێزی هەموو کەسێکی لا بووە و دڵسۆز و پەناگەی لێقەوماوان بووە. بۆ کورت کردنەوەی ڕێگای دوور , لێرەدا دەڵێین کە ڕێبازی ژیان و بیروباوەڕ و تێکۆشانیبارزانیی نەمر, ئەمڕۆ بووە بە وانەی شۆڕشگێڕێتی و فێرگەی ڕەوشت و تێکۆشان و کوردایەتی. بەکورتییەکەی بارزانی لێهاتووترین سەرکردەی جەنگاوەر و شۆڕشگێڕ و ئەزموونداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە. ئەمەش هەروا بەئاسانی بەدەست نەهاتووە, بارزانی بە پاکی و دڵسۆزی بۆ کورد و کوردستان , بە ڕەوشتی بەرز و لەخۆبووردوویی و بەخشندەیی , بە ڕاپەڕین و تێکۆشان و نەسرەوتن بووە بە جێگای باوەڕو ڕێز و خۆشەویستی جەماوەری کوردستان و سەرکردەی نەتەوەیی کورد. هەموو سەرکردە ڕاستینەکانی مێژووش هەر بەم شێوەیە بوونەتە سەرکردە. هەربۆیە لەم یادە پیرۆز و مەزنەدا دەبێت بڵێین کە بارزانی تاکە سەرکردەی ئەفسانەیی و مێژوویی بزووتنەوەی کوردایەتی و هەموو نەتەوەی کورد بووە و بەم شێوەیە چووەتە نێو مێژووی کورد و کوردستانەوە. هەربۆیە هەرکاتێ باسی کورد و کوردستان و کوردایەتی بکرێت , دەبێ باسی بارزانیش بکرێت, هەرکاتێ باسی ئازایەتی و شۆڕش و کۆڵنەدان بکرێت , دەبێ باسی تێکۆشانی بارزانیش بکرێت. ئەنجامی ئەو هاوکێشەیە ئەمەیە کە کورد و کوردستان و کوردایەتی و بارزانی لە مێژووی کوردا بۆ هەمیشە ئاوێتەی یەکدی بوون و

هەرگیز لەیەكدی جیاناكرێنەوە. بێگومان بەم چەند ووشەیە ناتوانین باس لە ژیان و ناوبانگ و مێژووی پڕ لە سەروەریی بارزانی بكەین, ئەم چەند ووشەیە تەنها دەربڕینی هەست و سۆز و ئەمەگێكی هاوبیرانە و كوردانەیە بۆ یادەوەریی پیرۆزی ئەو سەركردە نەمر و مەزنەی نەتەوەكەمان. باس كردن لە ئاكار و ژیان و تێكۆشانی بارزانی بۆ مێژووی كورد هەمیشەیی و بێ كۆتاییە. هەر كەسێك و لایەنێكی بەویژدان باسی ئەو سەرۆكە مەزنەی كورد بكات, ناتوانێت پەسنی نەكات و ستاییشی پاكی و دڵسۆزی و خەبات و رەوشتە بەرزەكانی نەكات. ئەگەرچی لەڕبردوودا بۆ شێواندنی مێژووی كورد و شۆڕشەكانی , گەڵێ لاپەڕەی پڕ لە درۆودەلەسە و شەرمەزاری , بۆ ناوزڕاندنی بارزانی و چەواشەكردنی ئەوانەی بە مێژووی خەبات و ژیانی بارزانی ئاشنا نەبوون , رەشكراونەتەوە , بەلاّم خۆشبەختانە ئەو لاپەڕە رووڕەشانە بە تێپەڕبوونی رۆژگار و بەفەرمانی مێژوو , رووی درێویان ئاشكرا بوو و گشتیان چوونەتە نێو خانەی فەرامۆشی و شەرمەزاریی مێژووەوە. با لێرەدا چەند ووشەیەكی پێویستی دیكەش لە تایبەتمەندییەكانی ئەو مرۆڤە مەزنە باس بكەین, سەرۆك بارزانی لە بواری پێوەندییە نێونەتەوەییەكانیشدا بە دانپیانانی هەموو دۆستان و دوژمنانی , سەركردەیەكی لێهاتوو و رێزلێگیراو و شكۆمەند بووە. بارزانی هەمیشە بۆ هەر سەردەم و هەلومەرجێكی خەبات , تێگەیشتن و بڕیاری ژیربێژانە و دروستی هەبووە كە لەنێو چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاكانی كورد دا هاوئاهەنگ بووە. ئەو سەرۆكە مەزنە لە ژیانیدا هەرچیی ووتبێ و هەرچی كردبێ هەر بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانی كورد و كوردستان بووە و خۆیشی لە هەر شوێنێك بووبێت هەر بۆ ئەو وئامانجە ژیاوە و مردووە. راستییەكی دیكە كە هەرگیز شاردنەوە هەڵناگرێت , ئەویش ئەوەیە

کە ئەو شۆڕشە مەزنەی بارزانی سەرکردەیەتیی کردووە , شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ,شۆڕشی هەموو کوردێکی ئازادیخواز و تێکۆشەری سەرانسەری کوردستان و پەناگەی هەموو بەرهەڵستکارێکی کۆمۆنیست و کەمەنەتەوەیی و کەمەئایینییەکانی کوردستان و ئێراقیش بووە .

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە زۆر بەداخەوە سەرەنجامی تێکۆشان و ژیانی بارزانی , وەکوو گەلێ لە سەرکردە مێژووییەکانی کورد و میللەتانی دیکەی جیهان , بە شێوەیەکی مەرگەسات و تراژیدیایانە کۆتایی پێهات و ئەمەش بووە لاپەڕەیەکی دیکەی مێژووی پڕ لە تراژیدیای ڕێبازی بەرز و پیرۆزی کوردایەتی. بێگومان دەبێ ئەو راستییە تاڵەش دەربڕین کە پێداویستتیەکانی سیاسەتی نامرۆڤانە و ناڕەوای نێونەتەوەیی و بەرژەوەندپەرستێتیی زلهێزەکانی جیهان و گەلەکۆمەکێی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و هەڵکەوتی جیۆپۆلیتیکی نیشتمانەکەمان, فاکتۆری سەرەکی بوون لە تێشکان و سەرەنجامی کارەساتاوییانەی شۆڕشی کوردایەتی و چارەنووسی بارزانی نەمریشدا, بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە بارزانیی نەمر لەگەڵ هەموو تێشکان و سەرەنجامی تراژیدیایانەی تێکۆشان و ژیانی تاکەکەسیی خۆیشیدا , مێژووی کورد وەکوو پاکترین و دڵسۆزترین و گەورەترین و ئازاترین و لێهاتووترین سەرکردەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان , بۆ هەمیشە لە ئامێزی گرتووە.

لێرەدا وەك دوا وشە بۆ ئەم یادەوەرییە , بە زمانێکی سادە دەڵێم : ڕێبازی کوردایەتی و رەوشتی شۆڕشگێڕانە و نێوبانگی بەرزی بارزانی , بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی کورد و کوردستاندا وەکوو فێرگەیەکی رەوشتپاکی ومێژوویەکی پڕ لە شانازی و ئەفسانەیەکی نەتەوەیی , بۆ نەوە بە نەوەی کورد بە ڕێزداری و شکۆمەندی و نەمری دەمێنێتەوە.

# هەزاران تاجەگوڵینەی ڕێز و ئەمەگ بۆسەر ئارامگای پیرۆزی, دوا سەرۆکی نەتەوەیی کورد , بارزانیی نەمر.

**بەختیاری شەمەیی**

**ئەمستەردام –**2004.03.01

**– تێبینی : لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەمووان لەو ڕاستییەش ئاگادار بکەم کە ئەم یادەوەرییە و ئەم وشانە لەبەر دڵی هیچ کەس و لایەنێك نەنووسراون , تەنها دەربڕینێکی هەست و سۆز و ڕێز و خۆشەویستیی تایبەتیمە بەرامبەر بە تێکۆشان و ڕەوشت و ژیانی ئەو سەرۆکە مەزن و نەمرەی نەتەوەکەم کە وەکوو مافێکی ڕەوای خۆم و وەك هاوبیرێکی کوردایەتی بەم چەند وشەیە بەرجەستەم کردوون.**

# یادەوەریی یەکەم کۆماری کوردستان و چەند سەرنجێك[1]

بەر لە هەر شتێ دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم چەند ووشەیە لێکۆڵینەوە یان باسکردن نییە لە کۆماری دێموکراتیی کوردستان, بەڵکوو تەنها بۆ یادکردنەوە و رێزگرتنە لە بیرەوەریی نەمری ئەو رووداوە گرنگ و پڕ لە شانازییەی مێژووی کورد, چونکە یادکردنەوە و رێزگرتن لە بیرەوەریی رووداوە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی رابردووی نەتەوەکەمان, ئەرك و فەرمانێکی پێویستی سەرشانمانە و دەبێ هەمیشە بەوپەڕی بایەخ و رێز و شانازییەوە یادیان بکەینەوە و ئەو رووداوە مێژووییە گرنگانە لە ئامێزی دڵمان بگرین و بیانکەینە سیمبوڵی کوردایەتی و یەکێتیی تێکۆشان و زیندوویەتیی مێژووەکەمان. ئێمەی کورد لەبەرئەوەی کە خاوەنی ئایینێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆمان نین (وەکوو هۆکارێکی سەرەکی بۆ مانەوە و یەکێتیی نەتەوەییمان) , زۆر پێویستمان بە هەبوون و دروستکردنی سیمبوڵی نەتەوەیی و نیشتمانیی تایبەت بە خۆمان هەیە. سەرباری ئەمەش , چونکە نەتەوەیەکی نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراو و بێ دەوڵەتین, لە

---

[1] تێبینی : ئەم چەند ووشەیە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (هاوبیر), بڵاوکراوەی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك), ژمارە 1ی ساڵی 1998 دا بڵاوکراوەتەوە.

هەموو میللەتانی دیکە زۆرتر پێویستمان بە سیمبولّی نەتەوەیی هەیە تا بتوانین بەهۆی ئەوەوە وەکوو (کورد) بمێنینەوە و لە بۆتەی نەتەوە دەولّەتدار و سەردەستەکانی دەوروبەرماندا نەتوێنرێینەوە کە ئەوە چەند سەدەیەکە بە درێژایی مێژوو بە گەلێ شێوە و شێوازی جۆربەجۆرەوە هەولّی تواندنەوە و سڕینەوەی هەموو بوونێك دەدەن کە بۆنی کورد و کوردستانی لێ بێت. بەکورتییەکەی لێرەدا بۆ کورتکردنەوەی رێگای دوور, دەلّێم ئێمەی کورد چ وەکوو تاك و چ وەکوو نەتەوە, زۆر پێویستە و دەبێ کە رووداوە نەتەوەیی و مێژووییەکانی رابردووی خۆمان زۆرتر و زۆرتر گرنکی و بایەخی تەواویان پێبدەین و بە هەموو شێوەیەك بیانکەینە سیمبولّی مانەوە و تێکۆشان و کوردایەتیمان.

لە ڕەوەندی مێژووی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتیدا گەلێ رووداوی نەتەوەیی و مێژوویی گرنگ هەن کە جێگای داخە هەتا ئێستا وەکوو پێویست لێیان نەکۆلّراوەتەوە و ئەنجامگیریی زانستی و بابەتییانەیان لێهەلّنەهێنجراوە کە بەڕاستی ئەمە بە یەکێ لە گەورەترین ناتەواوی و کەموکوڕییەکانی سەرتاسەری مێژووی کورد دادەنرێت. ئێمە هەتا ئێستا گرنگی و بایەخمان بە مێژووی خۆمان نەداوە و ئەمەش مەسەلەیەك نییە کە بتوانرێ چاوپۆشیی لێبکرێ. گەلێ لەو کوردناسە بێگانانەی کە مێژوومان بۆ دەنووسنەوە, ئەم مەسەلەیەمان بەڕوودا دەدەنەوە و گلەیی کەمتەرخەمی و

فەرامۆشیی خۆمانمان لێدەکەن و پێمان دەڵێن , کورد هەتا ئەمڕۆ نەیتوانیوە مێژووی خۆی بنووسێتەوە و کەڵك لە مێژوو و ئەزموونەکانی رابردووی خۆی وەربگرێت. ئەمەش تەواو راست و دروستە. لێرەدا ئەگەر بۆ نموونە ژمارەی مێژوونووسانی کورد (مێژوونووس بەمانای تەواوی ووشەکە) بهێنینە نێو باسەوە, باشتر لە مەسەلەکە تێدەگەین و دەبێ دان بەو راستییەدا بێنین کە زۆر بەداخەوە ژمارەی مێژوونووسانی کورد لە پەنجەکانی دەست زۆرتر نین. هەتا ئێستا نەمانتوانیوە خۆمان مێژووی خۆمان بنووسینەوە و کێشەکانی رابردووی خۆمان بەلایەکدا بخەین. ئەوانەی کە نووسراونەتەوە هەریەکەیان لە ئاوازێ دەخوێنێ و هەموویان ناچنەوە سەر شارێیەکی تەواو کوردانە. ئەم مەسەلەیە گەلێ گرنگە و دەبێ بە دوورودرێژی باسی لێوە بکرێ و لێبکۆڵرێتەوە. لێرەدا ئەو مەودایە نییە و ئەم چەند ووشەیەش بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان نەکراوە و لابەلاکردنەوەی ئەم کێشەیە ئیشی باسکاران و مێژوونووسانە.

ئەمڕۆ ئەوە پتر لە نیوسەدە بەسەر دامەزراندن و لەناوچوونی یەکەم کۆماری کوردستان, کۆماری دێموکراتیی کوردستان, یان (دەوڵەتی جمهوری کوردستان) دا تێپەڕ دەبێ. راگەیاندنی ئەو کۆمارە کوردییە لە 1946.1.22 دا لە رۆژهەلاتی کوردستان, بە سەرۆك کۆمارێتیی پێشەوای شەهید (قازی محەمەد) ی نەمر, بە

یەکێ لە ڕووداوە مێژووییە هەرە گرنگ و پڕ لە شانازییەکانی ئەم سەدەیەی مێژووی کورد و کوردستان دادەنرێ. چونکە بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی کورددا, دەسەلاتدارێتییەکی سیاسی- سەربازیی نەتەوەیی هاوچەرخ, بە دەستپێشخەری و پشتیوانیی کورد خۆی لە ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستاندا, دامەزرێنرا. ئالای دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆی کورد لەژێر ئاسمانی بەشێکی ڕزگارکراوی نیشتمانەکەماندا شەکایەوە و جەماوەری ستەمدیدەی ئەو بەشەی کوردستان بۆ یەکەمجار بەو شێوەیە خۆیان بە سەربەرزی و سەرفرازی لەسەر خاکی ئازادکراوی خۆیان بینییەوە. بۆ یەکەمجار هێزە ماددی و مانایییەکانی یەکێ لە داگیرکەرانی کوردستان دەرپەڕێندران و سەربەخۆیی و ئاشتی و ئازادی, شوێنەوارە ڕەشەکانی سیستەمی کۆلۆنیالیستی و شەڕ و چەوساندنەوەیان سڕییەوە. بەکورتییەکەی ئەو ڕووداوە مەزنە یەکێ لە گرنگترین گۆڕانکارییەکان و پڕ لە شانازیترین ڕووداوە مێژووییەکانی نەتەوەی کوردە لە هەموو مێژووی نوێی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا. ئەو تەنها یانزە مانگەی دەسەلاتدارێتی و خۆبەڕێوەبەرێتیی ئەو بەشەی کوردستان, بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە کوردیش وەك گشت نەتەوەکانی تر دەتوانێ خۆی دەوڵەتی سەربەخۆ و سیستەمی سیاسی و سەربازیی خۆی بەڕێوەبەرێ و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و برایانە و دێموکراسیانە

بژی و دۆستی ڕاستینەی نەتەوەکانی دراوسێشی بێت. بە کۆکی و برایەتی و تەبایی لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکانی نێوخۆیشیدا پێکەوە بە ئاشتیانە بژین. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئەو دیاردەیە لەبەرچاو بگرین کە لەناو ئەو کۆمارە ساوایەدا, تەنێ بۆ چەند خێزانێکی جوولەکە کە لە مەهابادی پایتەختی کۆمارەکەدا دەژیان, فێرگەیەکی تایبەتییان بە زمانی خۆیان بۆ لەبەرچاو گیرابوو تا بتوانن خزمەتی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان بکەن کە لەڕاستیدا ئەوە مافێکی ڕەوای خۆیشیان بوو. هەر ئەوە باشترین نموونەیە بۆ هەبوونی گیانی برایەتی و دۆستایەتی و تەبایی کورد لەگەڵ هەموو کەمەنەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستاندا کە بە پرۆسێسێکی سروشتی و مێژوویی پێکەوە ژیانیان لەتەك کورددا هەڵبژاردووە. ئەو ڕووداوە بۆ هەردوو نەتەوەکە (کورد و جوولەکە) مایەی شانازییە. بێگومان ئەو ماوە کەمەی ژیانی کۆمارەکە, بە هەموو کەموکوڕییەکی ناچاریشییەوە, لە لاپەڕەکانی مێژووی کورددا بە پیتی دروشت و زێڕین نەخشێنراوە و نەوە بە نەوەی کورد و هەموو هاونیشتمانییەکی کوردستان هەمیشە بە ڕێز و شانازییەوە یادی دەکەنەوە. لێرەدا هەر بەبۆنەی ئەم یادە پیرۆز و نەمرەوە, پێویستە ئەگەرچی زۆر بە کورتیش بێ, لە چەند مەسەلەیەکی پێوەندیدار بەو ڕووداوە مێژووییەوە بدوێین کە لە ڕاستیشدا شایانی بیرهێنانەوە و ئاماژە بۆکردنن. ئەویش ئەوەیە کە هەتا ئێستاش هەندێ لایەنی

گـرنگ و مێـژوویی ئـەو کۆمـارە بـە نهـێنی ماونەتـەوە و بوونەتـە گرێکـوێرەی مێـژووی ئـەم سـەدەیەی کـورد. وەك گـەلێ بـاس و ڕووداوانـی دیکـەی مێژووەکـەمان کە هـەتا ئـەمڕۆش هـەر پـەردەیان لەسـەر هەڵنەدراوەتـەوە و بوونەتـە تـابووی مێـژووی کـۆن و نـوێی کورد. بەداخەوە ئەوە پتر لە نیوسەدە بەسەر ئەو ڕووداوانـەدا تێپـەڕ بووە و کەچی هەتا ئێستا ئەو نهێنیانە لەپشت پەردەوە ماونەتەوە و چـاوەڕوانی خۆدەرخسـتن دەکـەن. وەکـوو پێوەنـدی و کێشـە سـەرەکییەکانی نێـوان حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان و فیرقـەی دێمـوکراتی ئازەربایجـان و یـەکێتیی سـۆڤێت لـەو سـەردەمەدا. مەسـەلەی کێشـەی بارزانییـەکانی نێـو کۆمـار کـە هێـز و لەشـکری بنچینەیی کۆمارەکە بوون. هەروەها نێوانی پێشەوای شـەهید (قازی محەمـەد) لەگـەڵ ژێنـەراڵ بـارزانیی نـەمر و هـەموو بارزانییـەکانی تـردا. کۆچڕەو و چارەنووسـی جـەنگاوەرانی بـارزانی بـۆ سـۆڤێت و کێشە و گیروگرفتـەکانیان لـەوێ کە ئـەو ڕووداوانـەش هـەر یـەکێ لـە ئەنجامـەکانی کارەسـاتە دڵتەزێنەکـەی ڕووخـانی کۆمارەکـە بـوو. پێوەندییـــەکانی بـــارزانی و بارزانییـــەکان لەگـــەڵ کاربەدەســـتانی ئەوکاتـــەی ســـۆڤێت و بـــارودۆخی ژیـــان و گوزەرانیـــان لـــەماوەی مانەوەیاندا لەنێو کۆمارە جیاجیاکانی یـەکێتیی سۆڤێتدا. هـەروەها هۆکارە سەرەکییەکانی دامەزراندن و ڕووخانی کۆمارەکە، مەسـەلەی هەڵوەشـاندنەوەی (کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کـورد) و دروسـتکردنی

(حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) لەسەر ڕاسپێریی سەرانی ئازەربایجانی سۆڤێت و هەوڵدانیان بۆ بە پاشکۆکردنی ئەو کۆمارە سەربەخۆیەی کورد بە حکومەتی میللیی ئازەربایجانی ئێرانەوە. ئەمانە و گەلێ ووردە ڕووداوی تری نێو کۆمار کە هەتا ئێستا وەکوو پێویست باس نەکراون و لەسەریان نەنووسراوە و وەکوو مێژوو تۆمار نەکراون. ئەم مەسەلانە, بابەتی زۆر گرنگ و پڕ بایەخی مێژووی سیاسیی کوردن و دەبێ لە شەبەنگ و تاریکستانی مێژووی کورددا نەمێننەوە و پێویستە ڕۆشناییان بخرێتە سەر و لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتییان لەسەر بکرێت. لێرەدا دەبێ ئەوەش باس بکەین کە لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی ئەو مێژووە ئەرك و فەرمانی نەتەوەیی و نیشتمانیی نەوەکانی ڕابردوو بوون, کە زۆر بەداخەوە لەم ڕووەوە چ هەوڵێکی ئەوتۆیان نەداوە و تا ئەو کێشە مێژووییانە چارەسەر بکەن و ئەمڕۆ بۆ ئێمە و نەوەکانی داهاتوو ببوونایەتە بەڵگەی مێژوویی و ئەو ئەرك و فەرمانانە ڕووبەڕووی نەوەکانی دوای خۆیان نەبوونایەتەوە. هەرچەند ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بمانەوێ بڵێین هەر هیچ نەکراوە و هیچ هەوڵێ نەدراوە و کەس هیچی لەسەر ئەو ڕووداوانە نەنووسیوە و نەوەکانی ئەو سەردەمە لە خەون و خەڵوەتا بوون, لەگەڵ دەربڕینی ئەم ڕاز و گلەییانەشدا لە نەوەکانی ڕابردوو, کە ئەمە مافێکی ڕەوای ئەمڕۆی ئێمەیە, بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر دەتوانین ئاماژە بە

چەندین نووسین و بەڵگەنامە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسیی بکەین کە لەسەر کۆمار و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە. زۆر لە نووسەران و ڕووناکبیرانی دڵسۆزی کورد لەو پێناوەدا خۆیان ماندوو کردوە و بەرهەمی زۆر بەنرخ و پڕ زانیارییان لەسەر ئەو ڕووداوانە پێشکەشی مێژووی کورد کردووە. ئەمانە دەبێ باس بکرێن و ئەو هەوڵ و ماندووبوون و بەرهەمانەیان زۆر بەڕێزەوە چاولێبکرێ و نرخی شیاوی خۆیانیان بدرێتێ. بەڵام ڕەخنە و گلەیی نەوەکانی ئەمڕۆ زۆرتر لە نەوەکانی ڕابردووە بەتایبەتی لە سەرانی ئەو کاتەیە کە ڕاستەوخۆ بەشداری کۆمارەکە بوون و خۆیان پێکهێنەری هەندێ لە ڕووداوەکان بوون. ئەم ڕەخنانە پتر ڕووبەڕووی ئەو فەرماندە سەربازی و سەرکردە سیاسییە خوێندەوارانە دەبنەوە کە پاش ڕووخانی کۆمارەکە دەرفەتی ڕزگاربوونیان بۆ ڕەخساوە و هەوڵیان نەداوە ئەو کارەسات و ڕووداوانە بنووسنەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام بدەن، یان بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە تا ئەمڕۆ ببوونایەتە بەڵگەی مێژوویی و بابەتی لێکۆڵینەوە. زۆر بەداخەوە زۆربەی ئەوانە ئەمڕۆ لە ژیاندا نەماوە و ئەو مێژووەیان لەگەڵ خۆیاندا بردۆتە ژێر گڵەوە. ئەوانەشیان کە بیرەوەرییەکانی خۆیانیان نووسیوەتەوە، ژمارەیان لە پەنجەکانی یەك دەست کەمترە. لێرەدا ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە ڕەخنەگرتنی نەوەکانی ئەمڕۆ لە نەوەکانی ڕابردوو،

کارێکی پێویست و ڕەوایە و نەوەکانی داهاتووش ماف خۆیانە ڕەخنە لە نەوەکانی ئەمڕۆ بگرن. ڕاستی چەند ناخۆش و هەق چەند ڕەقیش بێ، هەر دەبێ لە کات و شوێنی پێویستدا باس بکرێ. ئێمەی کورد نابێ هێندە ئاستی شارستانێتیی خۆمان بهێنینە خوارەوە کە لە باسکردن و تۆمارکردنی مێژووی خۆمان شەرم بکەین یان بترسین. مێژوو سەرجەمی هەموو ئەو دیاردە و ڕووداوانەن کە لە سەردەمی تایبەتیی خۆیاندا پەیدا بوون و ڕوویان داوە، ئیدی چ باس بکرێن یان نەنووسرێنەوە، هیچ لە ڕابردوو ناتوانن بگۆڕن. بەڵام بە باسکردن و تۆمارکردنیان خزمەت بە ئێستا و داهاتوو دەکرێ .... ئێستا با بێینەوە سەر باسەکەمان و مەبەستی ئەم ووشانە، زۆر بەداخەوە و لە ڕاستیشدا زۆر جێگای شەرم و سەرسەڕمانیشە کە ئەوە پتر لە پەنجا ساڵ بەسەر دروستبوون و لەناوچوونی کۆماری دیموکراتیی کوردستاندا تێپەڕ بووە، کەچی هەتا ئێستا نەمانتوانیوە تەنانەت پەنجا ووتار و لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی و ئەکادیمیانە لەسەر ئەو ڕووداو و کارەساتە نەتەوەییە، مێژووییە گرنگە بەبەرهەم بهێنین. ئەمڕۆ ئەگەر ژمارەی خۆمان لەبەرچاو بگرین کە زۆرتر لە سی میلیۆنین، ئەوە دەبێ باشتر هەست بەم ناتەواوی و کەموکوڕییە مێژووییەی خۆمان بکەین. بەڕاستی ئەمە نەنگی و شەرمەزارییەکە کە ڕووی زۆربەی ڕووناکبیران و نووسەرانی کورد دەگرێتەوە. هەربۆیە لێرەدا ناچارین

بۆ بیرهێنانەوە و ڕێزگرتن, ئاماژە بە بەرهەم و ماندووبوونی ئەو نووسەرە تێکۆشەر و دڵسۆزانە بکەین, چ خۆماڵی و چ بێگانە کە هەر یەکەیان لە سنووری توانای خۆیاندا, بە مەبەستی جیاوازەوە, سەبارەت بەم مەسەلەیە جێپەنجەیان لە نامەخانە و مێژووی نەتەوەکەماندا دیارە و شایستەی ڕێز و سوپاسی زۆرن. وەکوو مامۆستایانی نەمر : هەژاری موکریانی, مام هێمن, حەسەنی قزڵجی, عەبدولڕەحمانی زەبیحی, شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملۆ, کەریمی حیسامی, ڕەحیمی قازی, عەلادین سەجادی, محەمەد تۆفیق وەردی... هەروەها مامۆستایانی بەڕێز : سەید محەمەدی سەمەدی, مەحمودی مەلا عێزەت, جەلیلی گادانی, مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە, مام غەنی بلوریان, عەبدولقادری دەباغی ... هەروەها بەڕێزان : ویلیام ئیگڵتن, ئارچی ڕۆزفێڵت, میخائیل لازاریف, ئۆلگا ئیڤانۆڤنا ژیگالینا, دەیڤید ماکدووڵ ... نەمر ئەبولحەسەن تەفریشیان, ئەحمەد شەریفی, (نەجەف قولی پسیان ؟), مورتەزای زەربەخت ... هتد. ئەم نووسەرە بەڕێزانە هەموویان گەلێ زانیاریی بەکەڵکیان لەسەر کۆمار و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بۆ تۆمارکردووین و بەرهەمەکانیان بوونەتە سەرچاوەی مێژوویی و نێویان و بەرهەمەکانیان لە مێژووی کورد و کوردستاندا بە نەمری دەمێنێتەوە. بێگومان گەلێ لە نووسەرانی تریش سەبارەت بە کۆماری کوردستان نووسیویانە و بەرهەمەکانیان لەم ڕووەوە

نامەخانەی کوردییان دەوڵەمەند کردووە, جا ئەگەر لێرەدا ناوی هەموو ئەوانە نەهاتووە, ئەوا هیوادارم بە هیچ مەبەستێکی نێگەتیفانە تێنەخوێندرێتەوە. چونکە لەم کورتە نووسینەدا هەر هێندە لە توانادا بووە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە نووسەرانی خۆماڵی و بێگانەی دیکەش زۆر هەن کە لە نووسینەکانیاندا درۆ و دەلەسە و بوختانی زۆریان لەمەڕ کۆمار و سەرانی ئەوکاتەی کوردەوە هۆنیوەتەوە و وەکوو کەرەستەی بازرگانی و خۆژیاندن و خۆپێوەدەرخستن و دوژمنایەتیکردنی کورد بابەتەکانیان نووسیوە, بەڵام بێگومان ئەوانە هەرگیز ناچنە ڕیزی مێژوونووسانەوە و ناوهێنانیشیان لێرەدا پێویست نییە و شایستەی باسکردن نین. تەنێ هێندە دەبێ بڵێین کە درۆ و دەلەسە و بەختانەکانیان بەڵگەی نزمی و ڕیسوابوونیانە.... هەروەکوو باسمانکرد تا ئەندازەیەك نووسراوی مێژوویی و سیاسی لەسەر کۆمار و (ح.د.ك.أ) نووسراون.... هەندێ لەو نووسەرانەش ئەگەرچی وەکوو تاکەکەس نیازپاك بوون و مەبەستیان دوژمنایەتیی کورد و مێژووی کورد نەبووە, بەڵام نووسینەکانیان لەبەر ڕۆشنایی تیۆری و فەلسەفەی مارکسیزم- لێنینزم و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی بالای سۆڤێت و کۆمینتێرنەوە نووسیوە و ڕووداوەکانیان شیکردۆتەوە و لێکۆڵینەوە و بەرهەمەکانیشیان هەر لەو ڕوانگەیەوە بەبەرهەم هێناوە, لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانم ئەکەر بە چەند ووشەیەکیش

بێ, کەمێ لەسەر ئەم مەسەلەیە بدوێین و تێگەیشتن و بۆچوونی خۆمانی لەسەر دەربڕین. ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی, بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی و لە ڕوانگەی بیروباوەڕی نەتەوەیی کوردییەوە سەرنجی هەموو کێشەیەك دەدەین و گشت ئەنجامگیرییەك لە هەر تیۆری و فەلسەفە و دیاردە و ڕووداوێك, لە کلاوڕۆژنەی بەرژەوەندیی بالای کوردەوە وەردەگرین و کوردایەتی بۆ ئێمە پێوەری هەموو شتێکە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پێمان وایە کە نووسینەوەی مێژووی کورد, بەر لە هەر کەس و لایەنێکی دیکە, ئەرك و فەرمانی کورد خۆیەتی. بەتایبەتی کەسان و لایەنە نەتەوەییە دڵسۆزەکانی کورد. ئێمە بەم ووشانە ڕەخنە لەو کەس و لایەنانە ناگرین هەر لەبەر ئەوەی کە لەبەر تیشکی بیروباوەڕی مارکسیزم-لێنینیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمدا مێژووی کوردیش شیدەکەنەوە و ئەنجامگیریی چینایەتییانەیان لەو ڕووداوانە وەرگرتووە, ئەوە تەواو مافی ڕەوای خۆیانە. بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە و ڕەخنەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو کەس و لایەنانە, ئەو مێژووەیان بە شێواوی و ئاوەژوویی تۆمار کردووە. بەتایبەتی لە تۆمارکردنی ڕووداوەکاندا کە هاتوونەتە سەر مەسەلەی پێوەندییەکانی کۆماری دیموکراتیی کوردستان و یەکیتیی سۆڤێت, وەکوو نەخشی نێگەتیفانەی ستالین و جەعفەر باقرۆف لە ڕووخانی کۆمارەکەدا بە پشتکردنە جەماوەری

چەوســـاوە و هـــەژار و بێـــدەرەتانی کوردســـتان بـــۆ وەرگـــرتنی بەشەپشـکی نـەوتی بـاکووری ئێـران لـە (قـوام سـەڵتەنە) ی سـەرەك وەزیرانـی ئـەو دەمـەی ئێـران و هاوکاریکردنیـان لـە داگیرکردنـەوەی کوردسـتان و ئازەربایجانـدا. ئەگەرچـی لـە ئەنجامـدا قـوام سـەڵتەنە دەستی بڕین و کڵاوی نایە سەر هەموو لایەکیان و پاشان بەڵێنەکەی خـۆی بـۆ نەهێنانـە سـەر, لـەو سـەودا و مامەڵەیـەدا (بـە خـوێن و فرمێسك و چارەنووسی کورد و ئازەری) هەڵخەڵـەتان و مایەپووچی بـــۆ سیاســـەتی ســـۆڤێت مایـــەوە و مـــاڵوێرانی و ســـەرگەردانی و کوشتوبڕیش بۆ کورد و ئازەریی لیٚ شین بۆوە کە ئەنجامەکەی بە داگیرکردنـــەوەی کوردســـتان و ئازەربایجـــان و ڕووخـــانی هـــەردوو کۆمارەکـە شـکایەوە.کرۆکـی مەسـەلەکە لێرەدایـە کـە ئـەو کـەس و لایەنانە لە ئەنجامگیری و نووسینەکانیاندا, مافەکان و بەرژەوەندییە ڕەواکانی هـەژاران و ڕشـوڕووتی کوردسـتانیان کردووەتـە قوربـانیی سیاســـەتی دەرەوەی ســـۆڤێت و بەرژەوەندییـــە ناڕەواکـــانی ئـــەو لایەنانـە. لەمـەش نـاڕەواتر و سـەیر و سـەمەرەتر ئەوەیـە کـە هەنـدیٚ لەو نووسەر و لایەنە کۆمۆنیستانە , میللەتی کوردیان قـەرزارباریش کردۆتـــەوە و بـــە بەهانـــەی پـــووچ و درۆی پاراســـتنی ئاشـــتی و سۆسیالیزم, دەستە چەورەکەی ئەو لایەنە بەرژەوەندپەرستانەیان بە کـــوردی هـــەژار و ماڵوێرانـــدا ســـڕیوەتەوە و بـــە درۆ و دەلەســـە و بڕوبیانووی بێ ناوەڕۆك , پاکانـەیان بۆ سـتالین و سۆڤێت کـردووە.

بــۆ نموونـــه پارتـــه کۆمۆنیســـتەکانی ڕۆژهــەلأت, بەتایبـــەتی شیوعییەکان و توودەییـەکان, بـە مەبەسـتی پاساودانی سیاسـەتی ڕەدووکەوتووانەی خۆیان و نامرۆڤدۆستانەی ئاغاکانیان, پاساوی هــەموو ئــەو تــاوان و دەســتدرێژی و کوشــتوبڕەی کــە بەرامبــەر میللەتانی کورد و ئازەری کراوە, بەوە دەدەنەوە کە تاوانی تێشکان و ڕووخـانی کۆمـاری دیموکراتیی کوردسـتان و حکومـەتی میللیـی ئازەربایجــان دەدەنــە پــاڵ هێــزە ئیمپریالیســتەکانی ئەمــریکا و ئینگلســتان و هاوپەیمانــەکانیان. هــەروەکوو یــەکێتیی ســۆڤێت و خـودی ستالین, هـیچ ڕۆڵێکـی نامرۆڤدۆسـتانە و نێگەتیفانـەیان لـەو کارەسـاتانەدا نـەبووبێ ؟ . بێگومـان ئـەو نووسـین و بۆچـوونانەی کۆمۆنیســتەکانی ڕۆژهــەلأت, سەرچـاوەکەی هــەر دەگەڕایــەوە بــۆ سیاسـەتی وابەسـتەیی و ڕەدووکـەوتنیان بـۆ سـۆڤێت و کۆمـۆنیزم و کۆمینتێرن. پاشان بینیمان و مێـژووش سـەلماندی کـە دۆڕاوتـرین و مایەپووچـــترین تیـــۆری و لایـــەن لـــە جیهانـــدا کۆمـــۆنیزم و کۆمۆنیستەکان بوون.

لە کۆتایی ئەم چەند ووشەیەدا, دەمـەوێ بـە زمـانێکی کوردانـە و سادە و ساکار بڵێم :

– با هەمووان بۆ هەتا هەتایە هەر یادی پیرۆز و نەمری (کۆماری دیموکراتیی کوردستان ) و پێشەوای شەهید (قازی محەمەد) ی

نەمر بکەینەوە و پەند و وانە لەو ڕووداوە مەزنە وەربگرین و بیری دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردی بژێنێتەوە.

– با هێز و توانا و تێکۆشانمان یەکخەین و لەنێو یەکدا کۆك و تەبابین, تا چیتر فاشیستە داگیرکەرەکانی ناو میللەتانی سەردەستەی تورك و عەرەب و فارس , نەتوانن بمانچەوسێننەوە و و بمانکوژن و نیشتمانەکەمان وێران بکەن و هەموو شتێکمان بەتالآن بەرن.

– با ئێمەی کوردیش باوەڕمان بە توانای خۆمان هەبێ و ئەو مافە ڕەوایانەی نەتەوە دەوڵەتدار و ئازادەکانی جیهان هەیانە, ئێمەش هەمان ماف بە خۆمان ڕەوا ببینین و تەنها هەر بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە خەبات بکەین.

هاوبیری دڵسۆزتان : بەختیاری شەمەیی

## سەرۆك (بارزانی 1901-1979), نیو سەدە تێكۆشان, دەربەدەری, كۆڵنەدان و نەمری...

– كەركووك دڵی كوردستانە, هەركاتێك مرۆڤ توانی بەبێ دڵ بـژی! ئەوكاتــە دوژمــن دەتوانێــت كــەركووك لەكوردســتان جیابكاتەوە.

– من دێموكراتیخوازم و دڵم هەر ئـەوە دەخـوازێ كـە لـەنێو میللەتەكەمدا بەئاشتیو بەختەوەریو یەكسانی بژیم و رۆژێ لـەرۆژان بتـوانم ئـالآی كوردسـتان لەبسـتێكی كوردسـتان دا هەڵبكەم.

(سەرۆك بارزانیی نەمر)

14 ساڵ لەمەوبەر, لە 1979/3/1دا, دڵی گەورەی پڕ لەهیوا و ئاواتی یـەكێ لەمـەزنترین سـەركردەكانی میللـەتی كـورد, مسـتەفا بـارزانیی نەمر لەئاوارەییدا لەلێدان كەوت. لەو ساڵەدا ئێمەی كورد, گەشترین ئەسـتێرەی ئاسمـانی كوردسـتانەكەمانمان لێ ئـاوابوو كـە (هـەرگیز)

شوێنەکەی پڕ نابێتەوە. ئێمە بۆ یادکردنەوەی ئەو گیانە مەزنە, هیچ وشەیەك پەی پێ نابەین کەدروست شایستەی بیرەوەری سەرۆکێکی قارەمان و بێهاوتای وەك بارزانی بێ, چونکە وشەکان لەئاستی بەرزی و دڵسۆزی و تێکۆشانی بارزانیدا, نزم و بێ هێز و شەرمەزارن.

بارزانی لەمێژووی کورد و شۆڕشنامەکانی کوردستان دا, نەك هەر تەنێ سەرکردە و پاڵەوانێکە, بەڵکو هێمای کوردایەتی و فێرگەی رەوشت و خەبات و شۆڕشگێڕییە.

لە رەوەندی مێژووی مرۆڤایەتیدا بەدەگمەن جۆرە کەسانێك هەڵدەکەون کە سەر لەبەری ژیانیان راپەڕین بێ دژی زۆرداری ... خۆڕاگری بێ بەرامبەر سەختیو دژواری ... تێکۆشان بێ لەپێناوی ئازادیدا, ئێمە بەشانازییەوە دەیڵێین کە بارزانی نەمر یەکێك بووە لەو کەسە هەڵکەوتووانە. هەر بۆیە لەیادی ئەم سەرکردە مەزنەدا, بەهەموو کەموکوڕییەکی ناچاریشیەوە, هەرچی وشەی جوان و پەسەند هەن کۆیان بکەینەوە هێشتا هەر کورت دێنێ. لەم ڕووەوە زۆر داوای لێبووردن لەو گیانە پیرۆزە دەکەین.

ناوی بارزانی لەلاپەرە پڕشنگدارەکانی مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دا بەپیتی گەورە و زێڕین نەخشێنراوە و تێکۆشانی وی چەندین لاپەڕەی پڕ لەسەروەری و شانازی بۆ سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی کورد پێکهێناوە.

بارزانی تاکە سەرکردەی کورد بووە کە لەگەڵ هەموو دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دا جەنگاوە. سەردەمێکیش ژێنەراڵی لێهاتوو و سەربازی ونبووی (کۆماری دیموکراتی کوردستان) بووە. بارزانی لەژیانیدا وەکو مرۆڤێکی ئاسایی و شۆڕشگێڕ هەڵسوکەوتی کردووە. هەر لەلاوێتی‌یەوە رێبواری بێووچانی کاروانی کوردایەتی بووە. هەر بۆیە ناکرێ کوردایەتی و تێکۆشان لەناوی بارزانی جیابکرێتەوە.

پێویستە ئەو راستییە ئاشکرا بکەین کەبارزانی زۆر لەوە گەورەتر و بەشانوشکۆترە کەبتوانرێ لەچوارچێوەی تەسکی تاکە رێکخستنێك دا جێبکرێتەوە و وەکو سەرکردەی پارتێ یان هۆزێ باس بکرێ. چونکە لای گشت جیهان شاراوە نییە کە بارزانی سەرۆکی مێژوویی میللەتی کورد بووە. پێشمەرگەی رێبازی کوردایەتی بووە. کورد و کوردستانیی بووە پێش ئەوەی هەر شتێکی دیکە بووبێ.

لەیادکردنەوە و ناوهێنانی بارزانیدا هەمیشە رووبەڕووی دیاردەیەك دەبینەوە کە هەرگیز ناتوانین بازی بەسەردا بدەین, ئەویش هەوڵی ناپاکانە و نەخشی دوژمنکارانە و پڕوپاگەندەی بێ ویژدانانەی دوژمنانی کورد و نەیارانی بارزانی‌یە. هەر چەند ئێمە لێرەدا بۆ کورتکردنەوەی مەبەست (هێندە ئاوڕ لەرابردوو دەدەینەوە کەخزمەتی داهاتوومان بکات), هەر تەنێ ئەوە دەڵێین کەرۆژگار هەموو هەوڵ و پیلانێکی چەوت و ناڕەوای دژی بارزانی

پووچـاندەوە. هـەموو ئـەو لاپـەڕە ڕەشـانەی کـەدژی بـارزانی ڕەشـکرابوونەوە, ئـەمڕۆ وشـە بەوشـەیان سـەری پەشـیمانیو شـەرمەزاری بـۆ نـاوی نـەمرو خـەباتی پـڕ لەسـەروەری بـارزانی دادەنـەوێنن. هـەموو ئـەو دژایـەتی کردنـە ناڕەوایانـەی دوژمنـان و نۆکەرانی ناوخۆ لەرابردووی دوورو نێزیك دا, هەموو ئەو تۆمەت و درۆنامەو وشە ژاراویيانەيان, ئەمڕۆ بوونەتە بەڵگەنامەی ناپاکی و بیٚ ڕەوشتی و ریسوایی و بوودەڵەییيان. بێگومان بێدەنگ بوونی ئەو بازرگانە وشە فرۆشانە خۆی لەخۆیدا پەشیمان بوونەوە و ئابڕووچـوونێکی ئاشـکرایە. کـێ ڕووی دێ بڵـێ وانییـە!؟... گـەر وانییە !؟... بارزانی هەر ئەو بارزانیيەی جارانە. مێژووی بارزانی هەر ئەو مێژووەی جارانە. ئەمڕۆش ئەو وشە فرۆشە ناپاکە خۆ فرۆشتووانەش هەر هەموو ماون, ئەی ئەمڕۆ بۆ نا!؟... لەوەلاٚم دا دەبـێ بڵـێین, ئـەوەی تـف لەمانگەشـەو بکـا, هـەر ڕووی خـۆی دەگرێتەوە. ئەمڕۆ ڕەنگ و رووخساری ئەوانە بووە بەرەنگی ئەو مەرەکەبەی کە لاپەڕەی ریسوایی و ناپاکيیان بۆ خۆیان پێ تۆمار کردووە.

هەروەها نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە هەتا بارزانی لەلووتکەی هێزو دەسەلاٚتدا بوو, ئەو هەڵبەستنووس و وشە فرۆشەی کە هۆنراوەی (بۆ بارزانی) دەنووسی و ئەو کاتە تینوێتیی (بەگڕ) دەشکاو ئێستاش بە......, بەلاٚم کاتێ رۆژگار گلۆڵەی شۆڕشی کورد

و بـارزانی خســته لێژیـەوە, هــەر هــەمان ئــەو هۆنراوەچــی و ناجوامێرە بوو کەتفی لەهۆنراوە و رابردووی خۆی کرد, کە بەمەش بووە نموونەی مشتێك لەو خەروارە بێ رەوشتیو بێ ویژدانییانەی کە بەرامبەر شۆڕشی کوردو بارزانی کراوە.
جاران تەنانەت لەبەیاننامەی جەژنی ( نەورۆز )یش دا, بەشێکی تەرخان کرابوو بۆ دژایەتی کردنی ناوبانگ و مێژووی تێکۆشانی بارزانی. لێرەدا نامانەوێ ئەم یادەوەرییە بە ناوهێنانی ئەو ناپاکانە پەڵەدار بکەین, چونکە ئەم نووسراوە بۆ مرۆڤێکی مەزن و گیانێکی پیرۆزە کە ناکرێ لەتەك ناوانێك دا بەراوورد بکرێ کە لەهەموو ڕوویەکەوە لێك جیاوازبن. هەرگیزیش ( زێڕ و خەڵووز پێکەوە کێشانە نەکراون ).

## بارزانی و هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول:

هەرەسی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوول (1961–1975), یەکەمین هەرەس نییە لەمێژووی کورددا و بارزانیش تاکە سەرکردەی کورد نەبووە کە رووبەڕووی تێشکان بووبێتەوە. چونکە سەرەنجامی هەموو راپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستان, بەهەمان هەرەس و زیانی مرۆیی و ماددیی  فرە زۆر کۆتایی هاتووە. بەشێوەیەك کەدەتوانین بڵێین هاوکێشەی (راپەڕین... تێشکان.. دیسان راپەڕین..), بووەتە

یاسای گشتیی هەموو راپەڕین و شۆڕشەکانی مێژووی کورد. بەڵام هەرەسی شۆڕشی چواردە ساڵەی مەزنی ئەیلوول, لەمێژووی نوێی کورددا بەیەکێ لەگەورەترین تراژیدیا و تێشکانە دیپلۆماسی و سەربازی و دەروونییەکانی نەتەوەی کورد دادەنرێت.

شۆڕشی ئەیلووك لەبەراوورد کردن دا لەگەڵ هەموو ئەو راپەڕین و شۆڕشانەی پێشوودا, مەزنترین و رێکوپێکترین و بەجەماوەرترین شۆڕشی کورد بووە کەخاوەنی مێژوویەکی سەرتاسەر پڕ لەبەرەنگاربوونەوە و قارەمانێتی و شانازی و هەزاران شەهیدی نەمرە. یەکێ لەمەزنترین و دڵسۆزترین سەرکردەی کوردیش رێبەرایەتی کردووە کەپتر لەسە هەزار پێشمەرگە و رۆشنبیری شۆڕشگێڕی لەژێر سایەی خۆیدا یەك پێ گرتبوو کە لەسەرتاسەری مێژووی کورددا بێ وێنە بووە.

مەخابن لەزۆربەی زۆری ئەدەبیاتی کەس و کۆڕ و کۆمەڵ و پارتە کوردستانییەکانی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دا, هەرچی تاوانی ئەو هەرەسە هەیە, زۆر بێ ویژدانانە و ناڕاستگۆیانە سەپاندوویانە بەسەر خودی بارزانیدا, راستە بارزانی سەرکردە و بزوێنەری شۆڕشەکە بووە. لەم رووەوە ئەویش بەشێکی بەرپرسیارێتی ئەو سەرەنجامە پڕ لەکارەساتەی دەکەوێتە ئەستۆ. بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە. بارزانی تاکە بەرپرسیار و میراتگری گشت ئەو رووداوانە و ئاکامی شۆڕشی ئەیلوول نەبووە.

ئەگەر بارزانی تاکە تاوانبار و بەرپرسیاری هەرەسی شۆڕشەکە و ناتەواوی‌یەکانی بوو بێ !... ئەمە تەنها هەر ئەوە دەگەیەنێ کە بارزانی بەتەنێ لەهەموو شۆڕشەکە مەزنتر بووە. تاکە کۆڵەکەی پتەوی پەیکەری شۆڕشەکە بووە. کە ئەمە نەك هەر هیچ کەموکوڕیی نییە بۆ وی، بەڵکو مایەی سەربڵندی و مەزنێتی و شانازیشە. ڕێگای رەخنەش لەهەموو کەس و لایەنێکی دیکەش دەبەستێتەوە.
هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لەتەك هەموو ناتەواوی و کەموکوڕی‌یەکی خودی شۆڕشەکە و سەرکردایەتی‌یەکەی دا، سەرەنجامێکی ناچاریی هەلومەرجی نالەباری ژیانی ئابووری– کۆمەلایەتی و هەڵکەوتی جیوگرافی و ژیۆپۆلیتیکی باشووری کوردستان و بەرهەمی پیلان و گەلەکۆمەکێی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و هاوبەرژەوەندی‌یەکانیان بووە. بەکورتی‌یەکەی شۆڕشی ئەیلوول و میللەتی کورد بوونە سەرگەردانی بەرژەوەندی‌یە ناڕەواکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهان. وەکو تەنها نموونەیەك بۆ سەلماندنی ئەم راستی‌یە، دەتوانین ئاماژە بۆ راپۆرتی نهێنیی (ئۆتیس پایك)ی ئەمەریکایی بکەین کەزۆر بەڕوون و ئاشکرایی دەری خستوە کەچۆن لەبەر بەرژەوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکانی خۆیان یاری بەچارەنووسی کورد کراوە و شۆڕشی ئەیلوولیش لەوکاتەدا کارتێکی ئەو گەمە ناڕەوایە بووە. ئەگەرنا سەرکردەی چ

نەتەوەیەكی ژێر دەستەو چەوساوە و نیشتمان داگیركراو, تێشكان و ریسوابوونی خۆی و شۆڕش و نەتەوەكەی مەبەست بووە؟!...

ئەمە پێچەوانەی هەموو دابونەریتێكی شۆڕشگێڕانە و یاسایەكی سروشتی‌یە. ئێمە ناڵێین بارزانی فریشتە بووە. بارزانیش هەروەكو سەركردەی میللەتانی دیكە بێ كەموكوڕی و هەڵە نەبووە. بەڵام زۆر بێ پەراو و بەراشكاوی دەڵێین كە سەركردەیەكی پاكڕەوشت و دڵسۆز بووە. تێكۆشەر و جەنگاوەر و قارەمان بووە. داكۆكیكەری بەرژەوەندی‌یە باڵاكانی كورد بووە. یەكێ لەسەركردە مێژوویی‌یە نەمرەكانی نەتەوەكەمان بووە. ئێمە گشت ئەمانە بەپێناسی گرنگی مێژووی میللەتەكەمان دەزانین و دەبێ راستگۆ و نەترس و بەویژدان بین بەرامبەریان. دڵسۆزان و شۆڕشگێڕانی كوردستان نابێ بێدەنگ بن بەرامبەر ئەم راستی‌یانە, دەبێ خاوەنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بن. زۆر بەداخەوە هەتا ئێستا نەك هەروەكوو پێویست لێكۆڵینەوەی زانستی‌یانە و بابەتی‌یانە لەسەر شۆڕشی ئەیلوول و سەركردایەتی‌یەكەی بە ئەنجام نەدراوە, بەڵكو گەلێ لەراستی‌یەكانیشی شێوێندراون. ئێمەی كورد دەبێ خۆمان مێژووی خۆمان بنووسینەوە, نەك چاوەڕوانی بێگانەو دوژمنانی كوردایەتی بین كەبەپێی ویست و بەرژەوەندی‌یەكانی خۆیان مێژووی كوردمان بۆ تۆمار بكەن.

ئەوانـەی بـێ ڕەوشـتی‌یان بەرامبـەر شۆڕشـی ئـەیلوول و مێـژووی تێکۆشـانی بـارزانی تۆمـار کـردووە, خۆیـان لەسـەردەمی شۆڕشـی ئـەیلوول دا چ کـارە بـوون و لـەکوێ بـوون...!؟ , سـەر بـە چ خانـەو سـەنگەرێك بـوون..!؟ , چـونکە شۆڕشـی ئـەیلوول تاکـە سـەنگەری بەرەنگاربوونـەوەی کۆلۆنیـالیزم و دەسـت درێـژی و چەوسـانەوە بووە... تاکە نوێنـەری جـەماوەری کوردسـتان و خـەباتی کوردایـەتی بووە.

بێگومان ئەگەر بەراوردێکی زانستی‌یانە لەنێوان شۆڕشی ئەیلوول و بارزانی و ئەم بزووتنەوە چەکداری‌یە نوێ‌یە ! و رابردوو و ئێستای سەرانی بکەین, تەنها هەر دەگەینە ئەو ئەنجام گیری‌یەی کە شۆڕشی ئـەیلوول (لەهـەموو ڕوویەکـەوە) رێکـوپێکترین و کاریگـەرترین شۆڕشی کـورد بـووە و بارزانیی نـەمریش دڵسۆزترین و بلیمـەتترین سەرکردەی مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان بووە.

لێرەدا دەبێ بڵێین جێگای داخە کەبارزانی لەبەر هەر هۆیەك بووبێ, نەبتوانیوە بەسەرهات و بیرەوەری‌یەکانی ژیانی خۆی بنووسێتەوە, ئەوە یەکێ لەگەورەترین زیانەکان بووە کە لەمێـژووی میللەتەکەمان کـەوتووە. چـونکە نـەمانی بـارزانی هـەر بەتـەنێ لەدەسـتدانی سـەرکردەیەکی دڵسـۆز و هەڵکـەوتوو نـەبوو, بـەڵکو گەنجینەیـەکی فەرهـەنگ لەمێـژووی کـورددا کەوتـە تاریکسـتانی ونبوونـەوە. هـەر بۆیـە ئەوانـەی کەئێستا لـەژیان دان و سـەروکاریان لەگـەڵ بـارزانی‌دا

هـەبووە و لەنێزیکـەوە ئاگـاداری ڕووداوەکـانی شۆڕشــی ئـەیلوول بـوون, تاوانبـار دەبـن بەرامبـەر مێـژووی کـورد و هـەموو نـەوەکانی داهاتووی کوردستان ئەگەر بێ ترس و ڕاستگۆیانە بیرەوەرییەکانی خۆیانمان بۆ تۆمار نەکەن.

# ناسینی بارزانی: ناسینی نیوسەدە خەباتی کوردایەتییە

– مستەفا بارزانی کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولسـەلامی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی مەلا تاجەدینە.

– بـارزانی, لەسـاڵی 1903 لەگونـدی (بـارزان)ی ناوچـەی بادینـان لەدایك بووە.

– بـارزانی هـەر لەمنداڵییـەوە بـەهرەی (ڕێبەرایـەتی کـردن)ی تێـدا دەرکـــەوتووە و لەتەمـــەنی شـــانزە ســـاڵیدا هێزێکـــی دووســـەد جـەنگاوەریی ناوچـەی بـارزانی بـەڕێوەبردووە. هـەروەها بەشـداریی هەموو بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕییەکانی ناچەی بادینـانی کـردووە کـە لەسـییەکاندا توندوتیـژترین شـێوەی بەخۆیـەوە گرتبـوو کەباشـترین قوتابخانەی پێگەیاندنی بارزانی بوو.

– بارزانی و زۆربەی هۆزەکانی ناوچەی بارزان, لەسـەر بانگهێشتی پێشـەوای شـەهید قـازی محەمـەدی نـەمرو بەویسـتی خۆیشـیان بـۆ

بەشـداری کـردن و پشـتیوانی کردنـی بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی خۆرهـەلأتی کوردسـتان بەڕێبەرایـەتیی (کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کـورد– ژ.ك) له 1945/10/11دا خۆیان گەیانده ناوچەکانی مەهاباد.

– بـــارزانی لـــە 1946/1/22دا لەلایـــەن (کۆمـــاری دیمـــۆکراتی کوردســتان)ەوە کرایــە فەرمانــدەی گشــتیی (دەوڵــەتی جمهــوریی کوردســتان)، بــارزانیو زیــتر لــە 500 جــەنگاوەر بەرێرۆیشــتنێکی سەختی پڕ لەنەبەرد و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی (ئێران و عێراق و تورکیا)، دوای ئەوەی کە 220 میلیان لەماوەی 52 رۆژدا بــڕی، لـــەرۆژانی 17–1947/6/18دا لـــەڕووباری (ئـــاراس) پەڕینــەوە کەشــایانی بــاس و شــانازییە بــارزانی خــۆی دواهــەمین جـــــەنگاوەر بـــــووە دوای پەڕاندنـــــەوەی جـــــەنگاوەرەکانی دی، لەڕووبارەکە پەڕیوەتەوە.

بـارزانی لەسـەردەمی پەنابـەرێتیدا لەیـەکێتیی سـۆڤێت، 74 نامـەی لەســەر چـارەنووس و کێشــەی نەتــەوەیی و نیشــتمانی کــورد بــۆ رێبــەرانی کــرێملین رەوانــە کــردووە، بــەبێ ئــەوەی هــیچ وەلأمێکــی درابێتەوە ! بۆیە ناچار و بەبێ رەزامەندی کار بەدەستانی سـۆڤێت لەســاڵی 1953دا بــەرەو مۆســکۆ کەوتۆتــە رێ و ســێ رۆژ لەبــەر کۆشـکی کـرێملین دا مـانی گرتـووە تـاکوو چـاوی بەلێپرسـراوانی ئەوکاتەی یەکێتیی سۆڤێت کەوتووە.

– بارزانی لەسۆڤێت فێرگەی بالأی سەر بە (پ.ك.ی.س)ی تەواو کردووە.
– بارزانی پاش بەسەربردنی ژیانێکی 11 ساڵەی سەختی پڕ لەهەژاری و چەرمەسەری و دەستبەسەری لەگەڵ هەڤالأنیدا لەبەرواری 1959/10/6 دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی بەرەو عێراق و پاشان بۆ باشووری کوردستان گەڕایەوە.
– لە 1961/9/11ەوە هەتاکوو 1975/3/6, تاکە رێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی سەرتاسەری کوردستان بووە.
– دوژمنایەتی کوردو داگیرکەرانی کوردستان گەلێ جار پیلانی رەشی لەناوبردنی بارزانییان تەنیوە, بەلأم هیچ جارێ سەرکەوتوو نەبوون کەبەرچاوترینی ئەو پیلانانە رووداوەکەی رۆژی 1971/9/29 بوو.
بارزانی لە 1979/3/1 لەنەخۆشخانەی (جۆرج تاون)ی واشینگتۆن بەنەخۆشی شێرپەنجە لەتەمەنی 78 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.. کەرووداوی کۆچ کردنەکەی سەرتاپای کورد و کوردستانی هەژاند.
– بارزانی یەکەم جار لەگۆڕستانی (نەمران), لەشارۆچکەی شنۆی خۆرهەلأتی کوردستان دا بە بەشداربوونی سەدان هەزار کەس بەخاك سپێردرا... پاش تاوانی فڕاندنی تەرمی پیرۆزی لەلایەن بەکرێگیراوانی داگیرکەرانی کوردستانەوە و بەدەست خستنەوەی

تەرمەکەی لەگوندی (هەڵەج)ی ناوچەی مەرگەوەڕ بۆ جارێکی تر خاکی کوردستان لەئامێز گرتەوە...

## دوا وشە

لەکۆتایی‌دا بەپێویستی دەزانین هەمووان لەو راستەیە ئاگادار بکەین کە ئەم یادنامەیە پێوەندیی بەهیچ کەس و بنەماڵە و لایەنێکەوە نی‌یە.

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ, ئەم وشانە بۆ ئەو کەسانەی کەفێرنەبوون یان نایانەوێ یادی سەرۆکەکانی نەتەوەکەیان بکەنەوە و رێز لەمێژووی خۆیان بگرن, رەنگە سەیر و زێدەڕەوی بێ !؟ , ئێمەی کادرانی نەتەوەیی لەوەڵامی ئەمەدا, ئەوانە رووبەڕووی مێژووی میللەتانی دیکە دەکەینەوە کەچۆن بێ ئەندازە رێزی سەرۆکەکانی خۆیان دەگرن. بەهەموو شێوەیەك مەزن و مەزنتریان دەکەن...! ئەگەر ئێمەی کوردیش یادی سەرۆکە مەزنەکانی خۆمان بکەینەوە و رێزی مێژووی خۆمان بگرین ئەوە تاوان نی‌یە و هیچ سەیر و سەمەرەش نی‌یە ! بەڵکو ئێمەش دەبێ فێربین کە رێزی مێژووی خۆمان بگرین و یادی سەرکردەکانی خۆمان بکەینەوە و بەرز بیان نرخێنین. ئێمەش پێویستە و دەبێ خۆمان بناسین و پتر بڕوامان بەخۆمان هەبێ. ئەمە یەکێ لەجیاوازی‌یەکانی ئێمەی کورد

و میللەتانی ئازاد و پێشکەوتووە. ئەمە کرۆکی ئەو مەسەلەیەیە کە ئەم یاد نامەیە بە پەرۆشەوە مەبەستیەتی ئاڕاستەی هەمووانی بکات... چونکە لەڕاستیدا لەبیربردنەوەی ناو و مێژووی تێکۆشانی ڕێبەرانی کورد یەکێکە لەو ئامانجە ناڕەوایانەی کە دوژمنانی کوردایەتی هەوڵی بۆ دەدەن.

- دەبا هەتا هەتایە هەر ئەو (بارزانی)یەمان خۆش بوێ, یادی بکەینەوە, ڕێزی تێکۆشانی بگرین, بەرز و بەرزتر بینرخێنین, بانگەشەی بۆ بکەین, مێژووی خەباتەکەی (وەکوو ئەوەی کەهەبووە) تۆمار بکەین و بیپارێزین و لێوەی فێربین.

**- هەزاران تاجە گوڵینەی ڕێز و ئەمەگ بۆ سەر گوڵکۆی پیرۆزی سەرۆك (بارزانی)ی نەمر و هەموو گیانپاکانی ڕێبازی ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان.**

## کادرانی نەتەوەیی

**کوردستان 1993/3/1**



سەرۆك كۆماری كوردستان پێشەوای نەمر قازی محەمەد


ژێنەڕاڵ بارزانیی نەمر

شــتێکی زۆر سەرســوڕهێنەر کــە مــن لــەو پاشەکشەیەدا بەچاوی خۆم بینیم، ئەنـدازەی خۆڕاگریی بارزانییەکان بوو بەرامبەر تەنگانە و ناخۆشی. شەڕەکە لـە 15ی مـارتی 1946دا دەستیپێکردبوو و ئەوکاتە 9ی مـارتی سـاڵی داهاتوو بوو. ئێمە شانبەشانی سـنوورەکانی ئێـراق بەسـەر زنجـیرە چـیاکانی زاگرۆسـدا سـەردەکەوتین. هـەتا زۆرتـر بـەرەو سـەرەوە دەچووین، ئەستووریی بەفریش زۆرتر دەبـوو و لە هەندێ شوێندا دەگەیشتە مەترێك. لـەو شـوێنانەدا بەفرەکـە هـەمووی بەسـتبووی. سەرما بە ئەندازەیەك بـوو کـە ژمارەیـەك لـە هێســـترەکانمان نەگەیشـــتنە بـــەیانی و لەسەرمادا رەقبوونەوە. بـەڵام ئـەو بارودۆخـە بۆ بارزانییـەکان شـتێکی ئاسـایی بـوو. ژن و ماڵومناڵـــەکانیان لـــە جێگەیەکـــەوە بـــۆ جێگەیەکی تر دەگواستەوە. چادریان هەڵدەدا و نانیان دروست دەکرد و پاش چەند کـاژێرێ پشوودان، دووبارە دەکەوتنەوە رێ. خۆڕاگرتن لەو بارودۆخەدا لـە سـنووری توانـای ئێمـەدا نەبوو.